کەلتوور

فازیل شەورۆ

# ڕێورەسمی جەژن لە وراتی کۆیە ١٩٠٠ _ ٢٠٠٠

٢٠٢٣
چاپی دووەم

| | |
|---|---|
| ناوی کتێب: | ڕێورەسمی جەژن لە وراتی کۆیە ١٩٠٠ ـ ٢٠٠٠ |
| نووسەر: | فازیل شـــەوڕۆ |
| بابەت: | کەلتوور |
| خۆشنووسی بەرگ: | نەوزاد محەمەد کۆیی |
| دیزاینی بەرگ و مەتن: | توانا ئەحمەد |
| چاپخانە: | |
| ساڵ: | ٢٠٢٣ چاپی دووەم |
| تیراژ: | ٥٠٠ دانە |

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشـتیی کتێبخانە گشـتییەکان لە هەولێر،
ژمارەی سپاردنی ( ) ی لە ( / / ٢٠٢٢) پێدراوە.

لە بەرکی د. عەتیە حەمەسەعیدساڵحی چاپ کراوە.

پێشکێشه به:
ڕۆحی بەرزەفڕی (دڵنیا)ی جوانەمەرگ

پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| بیرۆکەی کتێبەکە، چۆن بوو؟ | ٦ |
| بەشی یەکەم: جـەژن | ٨ |
| دەروازەیەک | ٩ |
| جەژن، زاراوە و چەمک | ٩ |
| مێژووی جەژن | ١٤ |
| جـەژن بـۆ؟ | ١٨ |
| جۆرەکانی جەژن | ٢٥ |
| جەژنەکانی چاخی کۆن | ٢٦ |
| جەژنی گوندنشینەکان | ٢٦ |
| جەژنی شـارنشینەکان | ٢٦ |
| جەژنەکانی دوای هاتنی ئایینە ئاسمانییەکان | ٢٨ |
| جەژنە ئایینییەکان | ٢٨ |
| جەژنە وەرزییەکان (سرووشتییەکان) | ٣٣ |
| جەژنە نەتەوەییەکان | ٣٣ |
| جەژنی کەسی یان دەستە و دائیرە | ٣٤ |
| جـەژنە کـوردییـەکان | ٣٤ |
| جەژنی شەوی یەلدا | ٣٧ |
| جەژنی سەدە | ٣٨ |
| جـەژنە ئێزدییەکان | ٣٩ |
| جەژنی کاکەییەکان | ٤١ |
| جەژنی پیرشالیار | ٤٢ |
| بەشی دووەم ڕێوڕەسمی جەژن لە وراتی کۆیە ١٩٠٠ ـ ٢٠٠٠ | ٤٤ |

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| بەرکۆڵێک دەربارەی مێژوو و کەلەپووری وراتی کۆیە (١٩٠٠ ـ ٢٠٠٠) | ٤٥ |
| پۆلینکردنی جەژنەکان بە گوێرەی ڕۆژگارەکە لەو وراتەدا | ٤٩ |
| جەژنی ڕەمەزان و جەژنی قوربان | ٤٩ |
| ئامادەکاریی پێشوەختە بۆ ڕۆژی جەژن | ٥١ |
| ڕۆژانی جەژن | ٥٧ |
| جەژنی مەولودی نەبەوی | ٧٣ |
| ڕێوڕەسمی جەژنی نەورۆز | ٧٥ |
| جەژنی کرێکاران | ١١٣ |
| جەژنی (١٤ی تەمووزی 1958) | ١١٩ |
| جەژنی(١١ی ئاداری 1970) | ١٢٦ |
| جەژنی خۆشەویستی(ڤەلەنتاین) | ١٢٩ |
| جەژنی کەسی یان دەستە و دائیرە | ١٣٠ |
| بۆنە فەرمییەکان | ١٣١ |
| ڕێوڕەسمی جەژنی مەسیحییەکان لە کۆیە | ١٣٤ |
| جەژنی جووەکانی کۆیە | ١٤٢ |
| پاشکۆی ئەم کتێبە | ١٤٦ |
| خڕبوونەوەی جەماوەری لە وراتی کۆیە | ١٤٧ |
| ئەرشیفە وێنە | ١٦٣ |
| سەرچاوەکان | ٢٠٢ |
| پرۆفایلی نووسەر | ٢٠٧ |
| پووختەیی کتێبەکە بە ئینگلیزی | ٢١٤ |

## بیرۆکەی کتێبەکە، چۆن بوو؟

پێش دوو ساڵ، لەسەر داوای هاوڕێیانی فێیسبووک، لە زنجیرە نووسینێکدا، دەربارەی ڕەمەزان و جەژنی جارانی کۆیە، ئەوەی لە سەردەمی منداڵیم بینیبووم و لە بیرەوەریمدا جێگیر بوو، تۆمارم کرد و بڵاوم کردەوە. جا، کە (سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی ل گەل ئینستیتۆیا کەلەپوورییا کوردی)، بریاریدا شەشەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی لێکۆڵینەوەی زانستی مرۆڤایەتی لە زانکۆی زاخۆ لە ڕۆژانی (١١ ــ ١٢)ی گوڵانی ٢٠٢٢ سازبکات، منیش بابەتێکم بە ناونیشانی (ڕێوڕەسمی جەژن لە وراتی کۆیە ١٩٠٠ ــ ١٩٧٥) بۆ ناردن و بە سوپاسەوە قبوڵیان کرد.

کاتێک دەستم بەنووسینی لێکۆڵینەوەکەم کرد، بینیم، ئەو هەویرە زۆر ئاو دەکێشێ، بینیم ناونیشانەکە لە کتێبخانەی کوردی زۆر بەرچاو نییە و ڕەنگبێ ئەم کتێبە کەلێنێک پڕ بکاتەوە، دەربارەی جەژن بە گشتی و کەلتوور و ڕێوڕەسمەکانی لە وراتی کۆیە. بۆ خۆم (٤٠) ساڵی ئەو سەدەیەم بەبیردێ و تەواوکەرەکەشی بە سۆراغ و گەڕان بە نێو سەرچاوەکاندا، شتێکی لێ هەڵدەکرێنم. بۆیە ناونیشانەکەم بۆ یەک سەدە تەرخان کرد و کەوتمە گەڕان و سۆراغکردن. سەرەچاوەی زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و فارسیم وەدەست کەوت وە ئەو هاوڕێیانەی، بۆ زانیاری وەرگرتن، پەیوەندیم پێوەکردن، بە سوپاسەوە درێغییان نەکرد.

هیوادارم، ئەم کتێبە کەلێنێک لە کتێبخانەی کوردی بگرێ و خوێنەرانی بتوانن، سوودی لێوەربگرن و نووسەر و کەلەپووریەروەرانیش،

دەوڵەمەندتـری بکـەن.

ئەرشـیفەوێنەی پاشـکۆی کتێبەکـە، زۆری لـە تۆڕەکۆمەڵایەتییـەکان و ئینتەرنێـت وەرگیـراوە، بـە حوکمی ئـەوەی هەرچـی لەوێـدا بڵاوبکرێتەوە، دەبێتـە موڵکـی گشـتی و پێویسـتی بـەوە نییـە مۆڵـەت لـە خاوەنەکـەی وەرگیرێـت.

تێبینی و سەرنجەکانتان، چاپی دووەمی کتێبەکە، پووختەتر دەکات.

ف. ش.

دوبلن

٢٠٢٢/٢/١٦

# بەشی یەکەم


## جــەژن

## دەروازەیەك:

پێدەچێ لەوەتـەی مـرۆڤ، ئەشـكەوتی جێهێشـتووە و پێكەوژیـان و كۆمەڵگای كردووەتـە، دەوارنشـینی خـۆی و گوزەرانكردنـی، دركـی بـەوە كردبـێ  كـە ئـەو هـەر بـە نـان و ئـاو نـاژی. جـا ڕووداو و بەسـەرهاتەكانی ژیانـی، بە خۆشـی و ناخۆشـییەكانیەوە، جـۆرە تایبەتمەندییەكی ناوازەیان بـە هێنـدێ ڕۆژەكانـی سـاڵی بەخشـیوە، كـە جـۆرە بیرەوەرییەكیـان لـە هـزر و زەیـن و دەروونـی ئـەودا بەجێهێشـتووە، كـە بەهـا و بایەخێكیـان بـۆ ئـەو هەبـووە، جـا یادكردنـەوەی ئـەو (ڕۆژی سـاڵ)، لەگـەڵ ڕۆژگاردا، بووەتـە ئـەو (جـەژن)ەی كـە ئێمـە لێـرەدا، كردوومانەتـە، سەرباسـی توێژینەوەكەمـان.  ئیمـڕۆ، (جـەژن) بـە بۆنـە و بیـرەوەری و پیـرۆزی و  تقووسـەكانییەوە، بووەتـە زانسـتێک بەنـاوی (Heortology)، كـە بریتییـە لـە "خوێندنـەوەی مێژوویـی و واتایـی، جـەژن و فیسـتڤاڵەكانی وەرزیـی سـاڵانەی كلێسـاكان، دواتریـش ڕووبـەری زانسـتەكە  فراوانتـر بـوو، تـا بـوو بـە زانستی توێژینـەوە و خوێندنـەوەی هـەر هەمـوو جـەژن و فیسـتڤاڵەكانی مـرۆڤ لـە جیهانـدا». (Merriam – Webster ٢٠٢٢). دەكـرێ ئـەو زانسـتە ناوبنێیـن (جەژنناسـی).

## جەژن، زاراوە و چەمك:

جـەژن، وشـەیەكی كۆنـی كوردییـە. (گێژنـە، جێژنـە، جەژنە)شـی پێدەگوتـرێ، بـە «ڕۆژی بەتاڵـی و خۆشـی» پێناسـەكراوە.(هەنبانە بۆرینـە ل. ٢١٩) واتـا ڕۆژی خۆشـی و شـادی و ئاهەنگ.

لـە ئەڤێسـتادا، بـە «یەسنا» نـاوی هاتـووە،  كـە بـە مانـای زیكـر و عیبـادات و خوداپەرسـتی دێ. لـە ڕۆژەكەیـدا، زەردەشـتییەكان بەیەكـەوە كۆدەبوونـەوە بـە مەبەسـتی پشـتوانیكردنی یەكتـری و

یەکبـــوون، لەپـــاڵ ئاهەنگگێـــڕان و خۆشـــیدا.(گبانجی١٣٤٩ف).

وشـەی جـەژن (یەسـن)ە. لـە ئەوێسـتاییدا «یەسـنا / یەسـن/ یەشـن» بـە دوو واتـای جیـاواز هاتـووە، هـەم بـە واتـای جـەژن و هـەم بـە واتـای نیایـش (دوعـا). لـە هەورامـی و بـە تایبـەت لـە هەڵبەسـتە کۆنەکانـدا وەک «یەسـن/ یەسـنە» هاتـووە، ( فەرهەنگـی وشـەنامە ٢٠١٠).

ڕەچەڵەکـی وشـەی (جـەژن) دەگەڕێتـەوە بـۆ وشـەی (Ezen) کـە زمانـی سـۆمەرییە، هـی چاخـی بەردینـی کۆنـە پێـش فێربوونـی کشـتوکاڵکردن. بـەڵام بەزمانـی ئەکیـدی، پێگوتـراوە(isinnu)  وە (issinnu) (ئاشـنوو)، هـەر ئـەو (Ezen)ە، پەڕیوەتـە نێـو زمانەکانـی دیکـەی سـامی (-Lands berger p. ٩).

لەبـەر ئـەوەی کـە هۆزەکانـی کـورد و هۆزەکانـی سـۆمەری هەردووکیـان لـە کوردسـتاندا ژیـاون و پەیوەندییەکـی زۆریـان لەگـەڵ یەکتـر هەبـووە، بەتایبەتیـش لـە دوای ئـەوەی کـە هەردووکیـان کەوتنـە بـەر هێرشـی دوژمنێکـی هاوبەشـەوە (ئاشـوورییەکان)، کـە ئەنجامەکەشـی بـە تووانـەوە و ئاسیمیلاسـیونی سـۆمەرکان تـەواو بـوو، و ئەوانیـش لـە دواییـدا بـوون بـە بەشـێک لـە بـاب و باپیرانـی ئێمـە. ئـەم تێکەڵاوییـە بـووە هـۆی ئـەوەی کـە ژمارەیـەک وشـەی کـوردی بچیتـە نێو زمانـی سـۆمەری و ژمارەیەکیش وشـەی سـۆمەری بکەوێتـە زمانـی کوردییـەوە، ئێسـتاش نـاوی سـۆمەری لەسـەر ژمارەیەکـی زۆر لـە کێـو و گونـد و تەنانـەت شـاریش (وەک دالاهـۆ لـە کرماشـان) هـەر ماوەتـەوە.

ئـەو بۆچوونـەش هەیـە: یەکێ لـەم وشـەگەلەش کـە زیاتـر بـۆی دەچـێ کـە لـە کوردییـەوە کەوتبێتـە زمانـی سـۆمەرییەوە وشـەی جـەژن (یەسـن) ە. (ETCSL Glossary) جـا بۆیـە هەربەپێـی ئـەم یاسـایە جەژنیـش لـە ئەوێسـتایی و هەروەهـا لـە هەورامیـدا وەک ”یەسـنا / یەسـن / یەشـن“ لـە

دەقە جۆربەجۆرەکانی کۆندا هاتوون، بە دوو واتای جیاواز یەکەم بە واتای جەژن و دووەم بە واتای نیایش و دوعا.

لە زمانی ئەوێستایی و هەروەها لە هەورامیدا هەندێ جاران دەنگی پیتی «ج» کە لە سەرەتای وشەکەدا دێت، دەگۆڕدرێت بۆ «ی»، بۆ نموونە:

| ئەویستایی | هەورامی | سۆرانی/ کرمانجی | فارسی |
|---|---|---|---|
| یەم/ یەمە (Yima) | جەم/ یەم | جەم | جەم (جم) |
| یاکەر (Yakar) | یەهەر | جەگەر/ جێگەر | جێگەر (جگر) |
| یەما (Yama) | یەوارا | جمک | همزاد/ جفت |
| یاگە/ یاگا/ ئایاگە | یاگە/ یاگا | جێگا / جێگە | جایگاه |
| یاوان (Yavan) | یەوان | جەوان/جوان | جەوان(جوان) |
| یاتو (Yatu) | جادو | جادو | جادو |
| یاوات (Yavat) | یاوید/ جاوید | جاوید | جاوید |
| یۆ/ یەوە(Yava) | یۆ/ یەوە | جۆ | جەو (جو) |
| یەسنا / یەشن | یەسن/ یەسنە/ یەسنا | جەژن/ جێژن | جشن |

لـه فەرهەنگـی ئیتیمۆلۆژیـی کـوردی، بـەم شـێوەیە (جـەژن)ی لێکداوەتـەوە:

”لـە سانسـکریتیی توشـی وشـەی yaj، یـاژ دەبیـن کـە هـەردوو واتـای (قوربانـی کـردن و پەرسـتن) دەگرێتـەوە. کـرداری سانسـکریتیی yajate یەژەتـی، واتـا قوربانـی دەکات. هـەروەک Yajnaیاژنـە، واتـا قوربانیـی، پەرسـتن. لـە گرێکیـی لـە ئاڤێسـتاییدا جـەژن بـە شـێوەی yasna یەسـنا، یەزنـە گـۆ کـراوە، کـە لـە هەمـان وشـەی یاژنـا و یـاژ ڕا هاتـووە. وشـە ئاڤێسـتاییەکە، بـە واتـای پەرسـتن و ستایشـی خـودا بـەکار هاتـووە. لـە گۆڕانـی یەسـنە بـۆ جەسـنە، جەشـنە و جەژنـە، تێبینـی گۆڕانـی دەنگـی (ی) دەکەیـن بـۆ (ج)، دیاردەیـەک کـە لـە چەنـدان وشـەی ئاڤێسـتایی دی دووپـات بۆتـەوە. ڕەگـی وشـەکە (جـەژ یـان جـاژ)، هـەر هەمـان وشـەی (یـاژ)ە کـە لـە سانسـکریتییدا بینیمـان. بنەڕەتـی وشـەکە دەگەڕێتـەوە سـەر وشـەی پرۆتۆئێرانیـی iaz ئیـەز، بـە واتـای نیـاز کـردن. قوربانـی کـردن. پەرسـتن. لـە ئاڤێسـتایی yaz یـەز، بـە هەمـان واتاکانـی سـەرەوە هاتـووە. هـەروەک بـە چەنـدان شـێوەش گـەردان بـووە. وەک yaze یـەزێ، yazaiti یەزهیتیـی، Yazane یەزانـێ، yazana یەزانـە. لـە پارسـیی کـۆن yad، یـەد بـە واتـای پەرسـتن. هـەروەک بارەکانـی yadataiy یەدەتەیـی، ayadiya ئەیەدییـە. لـە پەهلەویـی yz ییـز. Yaz یـەز بـە واتـای جـەژن کـردن. خوێندنـەوەی دەقـی ئاڤێسـتا و دەقـە پیرۆزەکانـی ئاییـن. هـەروەک yzm ییـزم، yzyyd یزییـد. لـە فارسـیی جەشـن بـە واتـای ئاهەنـگ، جـەژن. هـەروەک وشـەی فارسـیی ئیـزەد بـە واتـای خـودا، فریشـتە. لـە کوردیـی یـەزد و یـەزدان (لـە بـاری کـۆ)، کـە ئێسـتا هـەر بـۆ خـودای تـاک بەکاردێت.»(هەرشـەمی ٢٠٢٢)

ئەم وشانەش هەر سەر بە خێزانی وشەی (جەژن)ن:
جەژنانە: خەڵات بە هوی هاتنی جەژنەوە، بەتایبەتی، کە مەزن دەیدا بە منداڵ و هەژار.
جەژنانەکردن: پیرۆزبای لێک کردن و تەوقەکردن.
جەژنە پیرۆزە: جەژن پیرۆزی.
جەژناو جەژن: لە جەژنەوە بۆ جەژن.
جەژننامە: گۆڕینەوەی نامە وە کارتی پیرۆزبایی.
لە بەرگی پێنجەمی فەرهەنگی زارەکی موکریان، ئەمانەمان هەڵبژارد:
مەسەل: جێژنی دوو جێژن.(ل. ٨٥٥)
شەوی جێژنەی، فەقیریش دەوڵەمەندە.(٨٣٦)
میوانی جێژنی خانەخویێ یە. (٨٣٥)
باوەڕ؛ جێژن گرتن: بەڕێوەبردنی کۆڕی خۆشی و شادی بۆ ڕێزگرتن لە کەس یان ڕووداوێکی گرینگ ، شتی لەم بابەتە. (٨٤٥)
وەک کوردە لە هەردووک جێژان بوون. (٨٤٦)
داب: بەرەجێژنان: ڕۆژانی نزیک جێژن. (٨٦٥)
کاسە جێژن، کاسە جێژنان: کەل وپەل و حاجاتی پێویست بۆ ڕۆژی جێژن. (٨٦٨)
نێو جێژن: یەکەم ڕۆژی داوی مردنی کەسێک کە لەودا خزم و کەس سەری ماڵە مردوو دەدەن. (٨٦٩)
نێو جێژنان: مانگی دوای شەشەکان و بەر لە قوربان. (٨٧٠)
جێژن پێوەنووسان: بەرکەوتنی جێژن، مەشممولی جێژن بوون .(٨٤٣)

## مێژووی جەژن:

بۆ توێژنـەوە لەسـەر بابەتـی وەک جـەژن، بـۆ چاخەکانـی پێـش داهێنانی نووسـین، نەخشـەکانی سـەر بـەرد و ئەفسانەکان، باشـترین و متمانەتریـن سـەرچاوەی مێژوویـن. جـا چونکـی لـە شارسـتانیەتیی ئـەو سـەردەمە دێرینانـەدا، هیچ شـتێک لە خوداپەرسـتی (بتپەرسـتی، سرووشـتپەرستی، یەکتاپەرسـتی) مەزنتـر نەبـووە، جەژنەکانیـان، یـاد و پیرۆزیـی و قوربانیکـردن بـووە، بـۆ خوداکانـی خۆیـان. بـۆ نموونـە «خوداوەنـدی دایـک (ئازیـس Isis) ، (٢٥٠٠ پ. ز.)، کـە پارێـزەری سرووشـت و جوانـی بـووە، سـاڵانە جەژنـی خـۆی هەبـووە».(Mother’s Day. et al. ٢٠٢١).
”پێـش (٣٠٠٠) سـاڵ، فیرعەونییـەکان، کێکـی جەژنیـان درووسـتکردووە و بەشـیوەتەوە“. (طـارق منصـور ٢٠٢١). هەروەنەبـێ، میسـرییە دێرینـەکان جەژنـی ئایینیـان هەبووبـێ، شارسـتانییەکانی دیکـەش، ئـەو جـۆرە جەژنانەیـان زۆر هەبـوو وەک، شارسـتانییەتی میزۆپۆتامیـا، گریـک و ڕۆمـان، هیندییـە دێرینـەکان، ئەندیزییـەکان، چینییـەکان، ئارییـەکان، مایییـەکان... تـاد.

هاوتەریـب، لەگـەڵ جەژنـە ئایینـەکان، ئـەو شارسـتانییە دێرەینانـە، جەژنـی بۆنەکانیـش هەبـووە: سـەرکەوتن لـە جەنگـدا، دانیشـتن لەسـەر تەختـی پاشـایەتی، کۆچکردنـی گـەورە پیـاوان، لەدایکبوونـی مەزنـەکان، وەدسـتهێنانی دەسـتکەوت، ژنهێنان یان شـووکردنی خانزاد و شـاژنەکان... تـاد. (مسیرة عبـدالله)، پسـپۆڕی شـوێنەروار لـە قاهیـرە، دەڵـێ: ”جەژنـی (ئاوبـت)، کـە سروودەکانی لەسـەر سـێ پەرسـتگەدا هەڵکەندراوە:(کرنک، ئۆقسـور، دێـری دەریایـی)، لـە سـەردەمی دەوڵەتـی میسـرییە دێیرنەکاندا، سـاڵانە ئاهەنگـی تێـدا گێـردراوە، لـە سـاڵی (٢٠٢١)یـش لـە قاهیـرە یـادی

ئـەو جەژنـە کرایـەوە، کـە مۆمیایـە چارەسـەرکراوەکانیان، لـە ئەورووپـاوە، هێنـاوە و گواسـترانەوە بـۆ مۆزەخانـەی ئۆقسـور، هەمـان سـروودی فیرعەونییەکانیـان گوتـەوە. ئـەو جەژنـە تایبـەت بـوو بـە گوسـتنەوەی مۆمیایـەکان بـۆ گلکۆییەکانیـان»

ڕەنگبـێ، جەژنەکانـی تایبـەت بـە سرووشـت و خەلـق و وەرەزەکان، لـە مێـژووی کۆنـدا، ژمارەیـان پتـر بـێ لـە چاو جەژنـە ئایینیـەکان. کە پیشـەی کشـتوکاڵ، جێگـەی ڕاو و شـکاری گرتـەوە، لـە هەمـوو شارسـتانییەتەکان، چەندهـا ڕۆژ و مانـگ و وەرزیـان بـۆ ئاهەنگێڕانـی جەژنەکانـی خێروبێـر و بەرهـەم و خەلـە و خەرمـان دیـاری کـرد.

زەردەشـتییەکان، کـە بـۆ هـەر ڕۆژێکی سـاڵنامەکەیان، ناوێکیـان دانابوو، چەندەهـا جەژنـی تایبـەت بـە سرووشـتیان هەیـە، بـۆ نموونـە، «جەژنـی خـردگان، لـە (٦)ی جـۆزەردان، جەژنـی ئاهورامـەزدا و جەژنـی ئـاو بـووە، چونکـی هەمـوو بوونـەوەر و دارو درەخـت و زەوی پێویسـتی بـە ئـاوە، لـەو ڕۆژەدا خەڵـک دەچنـە سـەر زێ و ڕووبـار و گـۆل و گۆمـاوەکان خۆیـان دەشـۆن و زکـر دەکـەن و دەڕەقسـێن و سـەما دەکـەن و کانـی و کارێـزان چاکدەکەنـەوە.»(kojaro et al. ٢٠٢١).

هێنـدێ لـەو جەژنـە کۆنانـەی، نەتـەوەکان، کـە تایبـەت بـوون بـە ڕووداوێکـی مێـژووی، تـا ئیمـڕۆ بەرزڕادەگیرێـن و یادیـان دەکرێتـەوە، جەژنـی نەورۆزیـش ـ دواتـر قسـەی لەسـەر دەکەیـن، یەکێکـە لـەو جەژنانـەی کـە چەنـدان نەتـەوە لـە ئاسـیا (تەنانـەت لـە ئەفریقیـاش)، سـاڵانە یـادی دەکەنـەوە.

دوای داهێنانـی نووسـین، سـەرچاوەی بـاش دەربـارەی جـەژن و بۆنـە نەتەوەییـەکان و شارسـتانییە دێرینـەکان کەوتنـە بەردەسـت، شارسـتانیەتیی سـۆمەرییەکان و ئەکەدییـەکان، کـە دواتـر بـوون بـە

بابیلییەکان و ئاشوورییەکان، ئەوجا فارس و ڕۆمان و گریکەکان، چەندان جەژن و بۆنەیان هەبووە و بە نووسین و لە ڕێی ئەفسانە و داستانەکانیان بۆمان بەجێماون. بۆ زۆربەی ڕووداو و تقووس و بۆنە ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ژینگەیی ڕۆژی تایبەتیان هەبوو و کراون بە جەژن.

بەڵام، وەچەرخانە مێژووییەکەی جەژن، لەگەڵ هاتنی (٣) ئایینە ئاسمانییەکە بوو ـ ئایینی جوولەکە و مەسیحی و ئیسلام ــ یەک لەدوای یەک، کە دەیان بۆنە و جەژنیان لەگەڵ خۆیان هێنا و تاکو ئێستاش، زۆربەی ئەو ڕۆژانە زیندوون لە کەلتوور و مێژووی نەتەوەکاندا و ساڵانە یاد دەکرێنەوە.

گۆڕانکارییە مێژوویەکان، ڕۆژی سەرکەوتن و نسکۆ، لە لای هێندی نەتەوە، دواتر بوونە جەژن، وەکو جەژنی ئازادی و جەژنی سەرکەوتن و جەژنی سەربەخۆی و جەژنی سەربەستی... تاد. تا وایلێهات، جەژنە نەتەوەییەکان و نیشتیمانییەکان، بوونە خاوەن مەقام و ڕێوڕەسمی تایبەت، بە شێوەی زۆر بەرز و فراوان و پڕ هاتوبات و مەسرەف، لە هێندی وڵاتان، ئاهەنگیان تێدا دەگێڕدرێت.

بەم شێوەیە، جەژنەکان، هاوشان لە گەڵ ڕووداوەکانی مێژوو و گۆڕانکارییەکانی سەردەم و هاتنە پێشی هونەر و زانست و مەعریفەی نوێ، ئەوانیش هەم لە زیاد بوون و هەم لە ئەدا و تقووس و یادکردنەوەریاندا گۆڕانکارییان بەسەر داهاتووە، تا گەیشتنە ئەم سەردەمەی ئێستا و گۆڕانکارییەکان بە چاوی خۆمان دەبینین.

ئیمڕۆ، تۆمارکردنی کۆی جەژنەکانی میللەتان، ئینسایکلۆپیدایەکی دوو سێ بەرگیی گەرەکە.

دکتۆر کۆزاد محەمەد ئەحمەد، بەم شێوەیە قسە لەسەر مێژووی

جـەژن دەکات و دەڵـێ:» توێژنـەوە سـەبارەت بـە جەژنـە کۆنـەکان، دەمانگەڕێنێتـەوە بـۆ شـوێنەواری دێرینـی ناسـراو بـە «تبـە کـورا Tepe Gawra“ لەوێـدا مـۆری زۆری تێـدا دۆزراوەتـەوە و مێژووەکـەی دەگەڕێتـەوە بۆ چاخـی ناسـراو بە فەرهەنگـی عوبەیـدی باکـور، نزیکـەی (٤٠٠٠-٣٥٠٠ پ. ز.)، تیایـدا بابەتـی زۆری لـە خۆگرتـوە و ژمارەیەکـی زۆر مـۆری تێدایـە کـە دەکـرێ بـە وێنـەی ئاهەنـگ گێـڕان دابنرێـن. تیایـدا کەسـایەتی مرۆیـی دەردەکـەوێ کـە ماسـکی بەسـتوە و سـەما دەکات و دەخواتـەوە، هەتـا سـەمای تایبەتـی تێدایـە لەسـەر شـێوەی ڕیزبـوون کـە تاوەکـو ئەمـڕۆ بەشـێکی بنەرەتییـە لـە جـەژن و میهرەگانەکانـی کوردسـتاندا. (کـۆزاد، ٢٠٢٢/٣ شـارپرێس).

لـە چەنـدان شـوێندا، ئاسـەواری کـۆن دۆزراونەتـەوە، کـە وێنـە و ئامـاژەی ئاهەنگـی جەژنیـان تێـدا دەبینـرێ. کۆنتریـن بەڵگـەی مێـژووی تۆمارکراویـش، لـە میسر دۆزراوەتـەوە و ئێسـتا لـە مۆزەخانەکانـی ئیتالیـا پارێـزراوە، کـە خشـتە نووسـرواێکی کۆنـە دەربـارەی جەژنـی دێرینـی میسـرییەکان. «هەڵکۆڵینەکانـی «گوندیـکGundik ”ی نزیـك ئاکـرێ، کـە دەگەڕێنـەوە بـۆ هـەزارەی سـێیەمی پ. ز.، وێنـەی دیمەنیکـی جەژنێکـی کـۆن یاخـود ڕێوڕەسـمی شـۆرینی سـێ منداڵـە لەلایـەن دوو ئافرەتـەوە (؟) بەهاوکاریـی سـێ کەسـی دیکـە نیشـان دەدات. تابلۆیەکـی دیکـە لەهەمـان ئەشـکەوت دیمەنێکـی ڕاوکردنـی تێدایـە، ڕەنگـە بـۆ ئامادەکردنی خواردنـی جـەژن بێـت. لەسـەر وێنـەی هەنـدێ لـە مۆرەکانـی هـەزارەی سێیەمی پ .ز. کـە لـە «تـل مـوزان» (ئۆرکیشـی کـۆن) لـە ناوچـەی خابـور دۆزراوەتـەوە؛ خوانێـك ڕێکخـراوە لەگـەڵ موسـیقا و گۆرانیبێـژ کـە لەبـەردەم شـاژنی ئۆرکیـش «ئۆقنیتـۆم»؛ دەردەکەون.(سـەرچاوەی پێشـوو).

بێگومان کۆچی ئیڵ و خێڵ و هۆزەکان، لە دێرزەمانەوە بێ پسانەوە بەردەوام بووە، ئەوەش وایکردووە تێکەڵبوونی نەتەوە و کلتوور و دابونەریتەکان پتر بن و شتەکان لێکدی فێربن و وەرگرن. «یەکێك لە چیرۆکە فۆلکلۆریەکان باس لەوە دەکات، لە ڕابردوودا پەیکەری خواوەندەکانیان دەبردە سەر پشتی ئەو ئاژەڵانەی ڕازێنرابونەوە لەهەموو بەشەکانی شاردا، و سەرەڕای ژەنینی موسیقا. ئەم ئاهەنگە کە تاڕادەیەکی زۆر لە جەژنی ئەکیتۆ دەچێت کە لە کۆندا و لە دۆڵی دووزێدا ئاهەنگ بەبۆنەیەوە گێڕدراوە، بە ڕوونی ئاماژە بۆ مانەوەی خوونەریتە کۆنەکان دەکات لە فەرهەنگەکانی دواتردا. ئەمەش بە پێچەوانەی سەردەمی ئەخمینیەوەیە؛ چونکە زانیاریەکانی هەردوو سەردەمی سلوقی و پارسی بە شێوەیەکی دیار باوەڕپێکراو نین. لەگەل ئەوەشدا، و لەبەرئەوەی زەردەشتییەت ئایینی باوی ئەو دوو سەردەمە بووە، دەکرێ بە شێوەیەکی نزیکی ئاهەنگەکانیان وەك هی سەردەمی ساسانی بوبێت.(سەرچاوەی پێشوو).

## جەژن بۆ؟

مرۆڤ، لە پێناو مانەوە و بەردەوامی ژیان، پەلی بۆ هەموو ئەو شتانە بردووە، کە سک و چاوی تێر دەکەن و خەونەکانی دەهێننەدیٚ و غەریزە سرووشتییەکانی دادەمرکێننەوە. داهێنانی زمان و ژیانی نیو کۆمەڵگا، لێک تێگەیشتن و نزیکبوونەی ئەوانی زۆر هاسانتر کرد، جا دوای فێربوونی کشتوکاڵ و پاشانیش دۆزینەوەی ئاسن و کانزاکان و درووستکردنی ئامێرەکانی پێویست، سەرلەبەری ژیانیان گۆڕانکاری بەسەرداهات، بەڵام هەموو ئەودەستکەوتە باشانە، نەیانتوانی جیهانی ڕۆحی و دەروونی ئەو، ئارام و هێمن و ئاسوودە ڕاگرن. ئەو درکی

بەوەش کردوە کە دۆزینەوەی دەرفەتێک بۆ پێکەوە دەربڕینی خۆشی و ناخۆشی، جۆرە سەقامگیرییەکی ڕۆحی پێدەبەخشیّ، جا چونکە لە زووەوە، لە پەرستگا و دەووری بت و خودا دەستکردەکانیاندا، کۆدەبوونەوە و قوربانیان بۆ دەکردن و ئاهەنگیان دەگێرا، لە فەلەکناسیی و شارەزایی مانگ و وەرزەکانیش، بای خۆیان کاراما بوون، دووبارە یادکردنەوەی تقووسێکی، یان ڕووداوێکی مێژووی، یان دەربازبوون لە نسکۆ و شکستییەکی گەورە، یان هاتنی وەرزی پڕ خێروبێر...، لە هەمان ڕۆژ و مانگ و وەرزی بووەتە نەریت و لە چوارچیوەی ئەوەی ئێمە ناوی لێدەنێین جەژن، بەڕێوەچوون.

بەڵگە مێژووییەکان سەلماندویانە کە لە میزۆپۆتامیا، بۆ نموونە، پێش ئەوەی فێرە کشتوکاڵ بن، جەژنیان هەبووە، بەڵام«چونکە چاخی پێش مێژوو، واتا پێش نووسین، هیچ ئاسەوارێکمان لەبەردەستدا نییە، نازانین جۆری جەژنەکانیان چی بوون و چۆن بەڕێوەچوون. بەلام لە ناوەڕاستی سەدەی چوارەمی پێش زایین، بە داهێنانی نووسین، کنە و پشکنینیەوەکان ئاسانتر بوون. هێندێ زانیاری هەڵکڕیندراون.»(النعیمی ٢٠١١ ل. ٨) بۆئاشنا بوون بە جۆری جەژنەکانی سەردەمانی زوو، باشترە، سەردانێکی ناوەڕاستی ئوسترالْیا بکەین، کە لەوەتەی سەدەی هەژدەمەوە، هێندێ خێڵی تێدا دەژی، شارستانییەتە سەرەتاییەکەیان، زۆر لە هی سەردەمی بەردینی کۆن دەچیّ، کە ئێستا مرۆڤ فێرە دروستکردنی کۆڵێت و خانووبەرە نەبووە. ژیانیش هەر لەسەر ئاژەڵداری بوو هێشتا فێرە کشتوکاڵ نەبوون. جەژنەکانی خۆشییەکان و ناخۆشییەکانیان، پەیوەست بوو بە پەرستنی ئەو شەمولۆکە و پەیکەرۆکەی خۆیان لە دار و بەرد دروستیان دەکرد(Totem)، و قوربانیان بۆ دەکرد، جا چونکی

ئەوکات گۆشت کەم بووە، قوربانییەکە، خەڵکەکەی لە دەوری یەکدی کۆکردۆتەوە و بووەتە ڕۆژی خۆشی و کەیفکردن. هیچ جەژنێکیان بێ قوربانیکردن نەبووە. (س. پ. ل. ١٠). سەما و شایی و هەڵپەڕکێش، کردەیەکی خۆڕسکی مرۆڤە کە دڵخۆش دەبێ، کەواتە بەم جۆرە، قوربانیکردنەکە، بووەتە مایەی ئاهەنگ گێڕان و شایی و سەما، تا ئیمڕۆش هەروایە.

دڵشاد زامۆ دەربارەی جەژن و قوربانیکردن دەنووسێ:» جەژن و بۆنەکان لە هەموو ئایینێکدا پایەیەکی گرنگی بوون و دەبن، لە هەموو ئایینە کۆنەکاندا چەندین جەژن و بۆنە هەبوون، هەر بۆنەیە بۆ خواوەندێک و گۆڕانکارییەکی سروشتی ئەنجامدراون، لەسەردەمی ڕاوکردن و ئەشکەوتدا مرۆڤ گوێی بە پاراستنی ئاژەڵ نەدەدا، چونکە پشتی بەبەخێوکردنییەوە نە ئێشابوو، بەڵام کە کۆمەڵگەکان بۆ کشتوکاڵی و بەخێوکردنی ئاژەڵ ژیانی ئەشکەوتیان بەجێهێشت و لادێکانیان دروستکرد، سەربڕینی ئاژەڵ پەیوەستکرا بە بۆنە و جەژنە ئایینییەکانەوە، و گۆشتەکەش لەنێوان کاهینەکان و خەڵکدا بەش دەکرا، ڕۆژانی جەژنە ئایینی و دنیاییەکان ڕۆژانی خۆشی دەربڕین بوون و هەموو خواردن و خواردنەوەیەک بە خۆڕایی پێشکەش بە خەڵک دەکران

ئەوەشمان بیرنەچێت کە هەندێک کات منداڵ یان دیل لە بۆنە و جەژنەکاندا دەکران بە قوربانی و لە سەدەی دووەمی زاینیدا لە هەولێر لە جەژنی بارانبڕاندا لەسەر کانییەک منداڵی کۆرپە کراوە بە قوربانی و ڕیخۆڵەکانیشی بە دارو درەختی سەر کانییەکەدا هەڵواسراوە.

قوربانیکردنـەکان عادەتێکـی بتپەرسـتەکانیش بـوون، لـە ئایینییـە ئاسمانییەکانیشـدا قوربانیکـردن ڕێکخـرا و مـەرج و ڕێنمایـی وردی بـۆ دانـدرا، هەتـا خەڵـک لـە قوربانـی بتپەرسـتی دووربکەونـەوە، بـۆ نموونـە لـە ئایینـی جـوودا قوربانـی دەسـوتێندرا، تەنانـەت وشـەی (هۆڵۆکۆسـت) کـە هەمووومـان وەک وشـەی (جینۆسـایدی جوولەکـەکان لـە لایـەن نازییەکانـەوە لێـی تێگەیشـتووین)، لەڕاسـتیدا وشـەیەکی گریکـی کۆنـە و (هۆڵـۆ) واتـە (هەمـوو)، (کۆسـت) واتـە (قوربانـی سـوتاو)، چونکـە لـە کۆنـدا لـەلای گریکـی و تەنانەت هەندێـک جاریش لای جووەکان سـوتاندنی قوربانـی بەشـێک بـوو لـە تەواوکردنـی ڕێورەسـمی قوربانیکردنەکـە بـە گۆشـت و خوێنییـەوە بـۆ خواوەندەکـە.

لـە ئایینـی ئیسـلامدا بۆ ڕێگـری لـە تێکەڵبوونـی عادەتەکانـی قوربانیکردنی بتپەرستی، خـودا لـە قورئانـدا بەڕوونـی ئامـاژەی پێـداوە (خـودا گۆشـت و خوێنـی قوربانییەکـەی لـە ئێـوە ناوێـت، بەڵکو تەقـوا لـە ئێـوە دەوێـت)، بێگومـان تەقـوا لـە شـەرعدا واتـە پاراسـتنی سـنووورە شـەرعییەکان و پابەندبـوون بـە بناغەکانـی ئیسـلامەوە. facebook.com/dlshad.
((٢٠٢٢/٧/zamua١٠

بـەڵام محەمـەد فەریـق حەسـەن لـە کتێبـی (مێنتەڵێنتـی خێـڵ) دا، دەربـارەی قوربانیکـردن دەڵێ:»هێندێـک جـار قوربانکـردن بنەمایەکـی ئایینـی هەیـە، تاکونهۆش وەک سرووتێک لەلایەن زۆرێک لـە ئایینەکانەوە هـەر ماوە، کـە لـە بناخـەدا بـۆ قەرەبـووی تۆڵـەی خوداوەندییـە لـە مرۆڤی گومـڕا. چونکـە هـەر لـە قورئانـدا نموونـەی لافـاوی نـوح و بەسـەرهاتی ژمارەیـەک قـەوم هەیـە، کـە خوداوەنـد لەسـەر گومراییـان غەزەبـی لـێ گرتـوون. بەهـۆی زریـان و لافـاوەوە وێرانـی کـردوون. ئـەو قوربانییانـەی

کە لە جەژنی قوربان و کاتی حەجدا دەدرێن، لەسەردەمی ئیبراهیم پێغەمبەرەوە هاتووە و تاکو ئێستەش درێژەی هەیە. لە ڕاستیدا ئەو قوربانییانە لە تۆڵەدا دەدرێن. تۆڵەی ئەو گوناهانەی کردوومانن، تاکو بەنەفرەت نەکرێین و فڕێنەدرێنیە دۆزەخەوە. هێندێ جاریش ئەو قوربانییانە بۆ دوورخستنەوەی ئەگەری ئافات و کارەساتی مرۆیی بە کۆمەڵ، یان بۆ دوورخستنەوەی ئاشووبە لە خێزانێک یانژی لە تاکە کەسێک، ئەو گیاندارە دەکرێتە قوربانی.(محەمەد فەریق حەسەن، ٢٠٠٨، ل. ١٢٢)

هەر دەربارەی بیرۆکەی قوربانی و گۆناه، سۆران حەمەڕەش، ئەم ڕاقە زمانەوانییە بۆ دەستەواژەی (قۆچی قوربانی) دەکات و دەنووسێ:» قەشەیەکی پرۆتستانت بە ناوی ولیەم تەندەیڵ لە ساڵی (١٥٣٠)دا لە کاتی وەرگێڕانی تەوراتدا، سەبارەت بە (یۆم کیپور) (قەرەبووکردنەوەی گوناه) کە ڕۆژێکی پیرۆزی ئاینیی جوو بووە، وشەی ئینگلیزی(Scapegoat)ی بەرامبەر بە (قۆچی قوربانی) ی کوردی داهێنا.

بەپێی تەوراة، لەو ڕۆژە پیرۆزەدا جووەکان دوو بزنیان کردۆتە قوربانی، یەکێکیان سەربڕاوە و کراوەتە قوربانی بۆ خودا و ئەوەی تریان بۆ ئەزازیل. ئەوەی بۆ ئەزازیل کراوەتە قوربانی مەبەست لێی لە ئەستۆگرتنی هەموو گوناهی خەڵک و پاکبوونەوەیان بووە و دواتر بۆ ئەو مەبەستە بزنەکە لە شوێنێکی دوور لە ئاوایی لە شوێنێکی بەرزەوە فڕێدراوەوەتە خوارەوە. بەڵام گوناهەکان خراونەتە ملی ئەو بە مەبەستی ئەستۆپاکردنی خەڵک لە گوناه. لەبەر ئەو بۆچوونە کاتێک ئەمڕۆ لە ناو کورد دا کەسێک گوناه دەکرێتە ملی بێ ئەوەی هی ئەو بێت، دەڵێن (کرا بە قۆچی قوربانی) و لە ئینگلیزیشدا هەمان

دەستەواژە بەکاردەهێنرێت. جا ئەمڕۆ لە ئینگلیزیدا مانا ئایینی وشەکە بیرچووەتەوە و زیاتر مانای گوناه خستنە سەر ملی کەسێک بەشێوەیەکی ناهەق، بەکاردەهێنرێت.“
(soran Hamarash،٢٠٢٢/٠٧/١٢,facebook )

سەرەتا، جەژنەکان ڕۆژ و کاتێکی دیاری کراویان نەبووە، هەرکاتی قوربانی کرابێ، ئەوا جەژن بووە. بەڵام کە مرۆڤ فێرە کشتوکاڵ بوو، وەرزەکانی ساڵ، بایەخ و گرنگییان بۆ بەرهەم و دەستکەوتەکانی هەبوو، بۆیە سەرتایی بەهار، یان پاییز، زۆربەی جەژنەکانیان تێدا ئەنجامدەدەرێ، وەرزی چاند و وەرزی دروێنەن. بێگومان ڕۆژژمێرەکەشیان هەر ڕۆژژمێری هەتاوی بووە و مانگ و ئەستێرەیان خوێندۆتەوە. «لەسەر پارچە جەرکە و کۆزەی پاشماوەی شارستانیەتی سامەڕا (٤٥٠٠ پ. ز.) وێنەی سەماکردن و خۆ ئارایشتکردنی ژنانی لەسەرە، کە پێدەچی بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی خڕیکردبنەوە ـ، ئەو پارچە گۆزەیە، ئێستا لە مۆزەخانەی بەغدایە.»(س. پ. ل. ١٢)

جەژنەکان هەر بۆ خوداوەند و یادی سەرکەوتنەکانیان نەبوون، جار هەبووە لە ترس و خەوفی لافاو، وشکەساڵی، گرانی، پەتا و دەردوبەڵا، ئاگر و سووتان، شەڕوشۆر و ئافات، جەژنیان گێڕاوە. بۆ نموونە، لە میسری دێرین قوربانییان بۆ ڕووباری نیل دەکرد، بەوەی کچێکی نەوبەهاری جوان، بە زیندووی بە ئاوەکەدادەن و ئاهەنگیشی بۆ بگێڕن، تا خودای لافاو ڕازی بێت و لە خنکان و غەرق بوون بەدووریان کات. «دەڤەری (یرۆل) لە میسر، ناوەکەی لەو کچە نازدارە وەرگرتووە، کە خێڵەکانی کەناری نیل، کردیانە (بووکی نیل)، بۆ خوداوەندی ڕووبار، لەسەردەمی فیرعەونەکاندا، بە ئاوێیان دادا. پاش

عەیامێکی زۆر، لە جیاتی کیژۆڵە، گاو و گاجووت و مەر و بزنیان، بۆ ئەو خوداوەندە کردە قوربانی.»(شول دینق یونق ٢٠١٣).

«هێندێ لە زانایانی ئەنترۆپۆلۆژیا وزمانناس و مێژوونووسان لەو باوەڕەدان کە یەکەم ڕۆژی خەلقی زەوی لە یەکەم ڕۆژی نەورۆز بووە، ئێرانییەکان، ڕۆمانەکانی پێش زانیین، میسرییەکان، سۆمەرییەکان، بابلییەکان، فینیقییەکان، هیندییەکان و ئازتیک و ئەنکا، یەکەم ڕۆژی بەهاریان کردووەتە جەژن. یەکێتیی تقووس و ڕێوڕەسمییە ئایینەکان، بەڵگەن کە خێڵەکانی ڕۆژهەڵات، لە نەریت و کلتوور و هونەردا، دەچنەوە سەر جنسی ئارییە دەشتەکییەکان.»(گبانچی ١٣٤٩ف).

بەدەگمەن، نەتەوەیەک هەیە جەژنی ئاو، جەژنی ئاگر، جەژنی بەهار، جەژنی خۆشەویستی، جەژنی با و سروە و شەماڵ، جەژنی ڕۆناکی، جەژنی ڕۆحی مردووان...یان نەبێ.

چونکە مرۆڤ هەمیشە حەزی لە گۆڕانکاری و نوێکاری و تازەبابەتیی هەیە، جەژنەکان، باشترین دەرفەت بوون، بۆ سازکردن و ئەنجامدان و بینینی زۆر لەو شتە نوێیانە. خۆ جەژن هەر بریتی نەبووە لە پشوویەکی یەک ڕۆژە یان چەند ڕۆژە. جەژنەکان تەدارەک و ئامادەکاریی پێشوەختەیانە بە هەفتە و بەمانگ بۆ دەکرا، لە پۆشاکی نوێ و تایبەت بۆ زارۆک و ژن و پیاو، لە خواردن و سفرە و خوان ڕازاندنەوە، لە بەزم و ڕەزم و ئاهەنگ گێران، لە سەیران و سەفەر و گەڕان، لە سەردانی گۆڕی ئازیزان، لە ڕێوڕەسمی ئەو تقووسە ئایینیانەی کە بە چەندان شێوە و دەستوور و نەزم و تەدارەک بەڕێوەدەچوون و ئامادەکاریی باشیان بۆ دەکرا، لە قوربانی و خێر و سەدەقە و دیاری و دیارییکاری، لە ئاشبوونە و گەڕاندنەوەی خۆشی و فەرەحنایەتی بۆ نێوخێزان و هۆز و خێڵ، لە یەکترناسین و ئاشنابوون بە خەڵکی دیکە...تاد.

جگە لەوانـەش، هاتنـی جـەژن، لـە هەمـوو سـەردەمێکدا، جوولەی بـە بازاڕ خسـتووە، جـا بـا کۆمەڵگاکـە، کۆمەڵگەیەکـی کشـتوکاڵی یـان ئاژەڵداریـش بـوو بـێ ــ دەبینیـن، لـەم سـەردەمەدا، جـەژن، چ پۆشـاک و کاڵا و دیـاری و شـتومەکێک دەخەنـە بـازاڕەکان کـە بـە ملیارەهـا دۆلار دەخەملێندرێـن. لـە سـەردەمە دێرینەکانیشـدا، هـەروا بـووە، بـەڵام بـە گوێـرەی بەرهـەم و کەلوپولـی ئـەو کاتـی خۆیـان بـووە.

## جۆرەکانی جەژن:

دەکـرێ لەسـەر چەنـد بنەمایـەک، جەژنـەکان پۆلیـن بکەیـن، وەک: هـۆی دیـاری کردنـی ئـەو ڕۆژە، ئاخـۆ پەیوەسـتە بـە خـودا و خوداپەرسـتی و ڕۆح و گـەردوون و خالـق. پیوەسـتە بـە وەرزێکـی دیـاری کـراوی سـاڵ، وەک دیاردەیەکـی سرووشـتی بەهـار و پاییـز و شـەو و ڕۆژ و مانـگ و خـۆر. پەیوەسـتە بـە ڕووداو و بەسـەرهاتێکی دیـاری کـراوی مێـژووی کـۆن یـان نـوێ، پەیوەسـتە بـە خـاک و نەتـەوە و مرۆڤایەتـی و بەهاکانـی مـرۆڤ، یـان تایبەتـە بـە ژیانـی کەسـێک یـان چەنـد کەسـانێک، لە شـێوەی تاقـم و خانـەوادە.

پۆلینکردنەکـە، بەرگێکـی زانسـتیتر وەردەگـرێ ئەگـەر جەژنـەکان دابـەش بکریـن بەسـەر دوو زەمەنـدا:

**١. جەژنەکانی چاخی کۆن.**

**٢. جەژنەکانی دوای هاتنی ئایینە ئاسمانییەکان.**

### ١. جەژنەکانی چاخی کۆن.

خاتو دکتۆر ڕاجحە ئەل نعیمی لە کتێبی (جەژنەکان لە شارستانیەتیی وڵاتی دۆڵی ڕافیدەین)دا، جەژنە دێرینەکانی میزۆپۆتامیایی دابەش کردووە بەسەر دوو هۆبە:

### ا) جەژنی گوندنشینەکان:

لێکۆڵینەوە ئەنترپۆلۆژییەکان دەڵێن، چونکی گوند ژمارەی دانیشتووانی کەم بووە و، زۆربەیان خزم و کەسوکاری یەکتر بوون، لە بۆنە ئایینی و بۆنە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو ژنهێنان و سەیران و خۆشی، لە دەووری یەکدیدا کۆبوونەتەوە و ڕێوڕەسمی جەژنی سادە و ساکاری خۆیان پەیڕەوکردووە، دوور لە چاوی پیاوانی ئایینی و دەسەڵاتی میر و کوێخوا و شێخ و سەرکردە. ئەوان جەژنەکەیان پتر لە قوربانیکردنەکەدا، ڕەنگی داوەتەوە، کە بۆ خوداوەندەکانیان نەزرکردووە. جا بە ساییە گۆشت و چێشت و سەوزە و میوە، بەیەکەوە کاتێکی خۆشیان بەسەر بردووە، مەرج نییە، جەژنەکە، ڕۆژ و مانگی دیاری کراویشی هەبووبێ، وەک زەحفەتێک بووە، کەی ویستوویانە و کەژەکە لەبار بووە، قوربانیان کردووە، کردوویانە بە جەژن.

### ب) جەژنی شارنشینەکان:

بەڵام جەژنەکانی لە شاردا تەدارەکیان بۆ دەکرا و بەڕێوەدەچوون، زۆر جیاواز بوون. شار، مەکۆی پەرستگا گەورەکان بوو، خوداوەندە ناودارەکانیان مەقامیان لەوێ بوو. شار، پێتەختی مەلیک و میر و پاشای دەسەڵاتدار بووە. جا گەورەی ڕووبەرەکەی و بازاڕ و کۆچە و کۆڵان و گۆڕەپانەکانی، بواری کۆبوونەوەی گەورە و قەرەباڵغیان ڕەخساندووە.

ئاهەنگی مەلیکەکانی ئاشووری و جەژنی ئەکیتۆ گەورەترین کۆبوونە و تەدارەکیان بۆ ڕێکخراوە و بەڕێوەچووە. بۆ نموونە، ئاهەنگی مەلیک ئاشووری، ئاشوور ناسر، بە بۆنەی تەواوبوونی قەسرەکەی، (٤٧٠٧٤) کریکار و (١٦٠٠) دانیشتووی شاری نەمرووود و (٥٠٠) کەسایەتیی و ناودارانی ئیمپراتوریەت و (١٥٠٠) کەنیشک و نۆکەر، تێیدا بەشدار بوون. جا تۆ سفرە و خوان و تەدارەکی ئەو ئاهەنگە مەزنە، بهێنە بەرچاوی خۆت، زۆربەی میوانانیش بە دەست و دیارییەوە هاتوون، وشتر و گا و گاجووت و ماڵاتیان لەگەڵ خۆیان هێناوە، یان پۆشاکی نایاب و کاڵا و زێڕ و زیوو. (Wiseman ١٩٥٢ p. ٣٤).

بۆنەی جەژنەکان زۆر بوون، وەک دروستکردنی پەرستگا. وەک، پەرستگای ئەینینو بۆ خوداوەندی (ننکرسۆ) لە لکش. لەسەر تەختدانیشتن و تاجلەسەرنانی مەلیکی نوێ. جەژنی سەری ساڵ، جەژنی گەڕاندنەوەی خوداوەندکان بۆ شارەکان... تاد. جا تەدارەک و بەزم و ڕەزم و خواردن و خواردنەوەی ئەو بۆنانە و هاتوباتی خوداوەند و قوربانیکردن و تقووسەکانیان، مەگەر هەر لە فلیمی سینەمایی بچێ! ئەو جەژن و ئاهەنگانە لە شارە گەورەکانی وەکو ئور و نینەڤا و لکش و سەنحارب و لۆرکا و بابل... بەڕێوەدەچوون. جەژنی ئەکیتۆش لە جەژنە هەرە بەناوبانگەکانی ئەو سەردەمە بووە.

**٢. جەژنەکانی دوای هاتنی ئایینە ئاسمانییەکان:**

جەژنناسی(زانستی جەژن)، جەژنەکانی ئەو سەرەمانە، بەسەر (٤) هۆبەدا دابەش دەکا:

**یەک: جەژنە ئایینیەکان:**

هەر لەسەرتای ئەم بابەتەدا، بایەخی خوداوەندپەرستی و پەرستگاکانمان، لە کردنە جەژنی تقووس و ڕۆژانی دیاریکراویاندا، باس کرد. گوتمان بەبێ قوربانیکردن، هیچ جەژنێک، لە چاخەکانی بەردین و پێش چاخەکانی بەردین نەبووە. بەڵام هاتینی سێ ئایینە ئاسمانییەکە، یەک لە دوای یەک و لە ڕۆژگاری جیاوازدا(ئایینەکانی جوولەکە و مەسیحی و ئیسلام)، نەک هەر ژمارەی جەژنەکانیان چەندبار کرد، بەڵکو سەرلەبەری، پەیام و ڕۆژژمێر و ئەدا و تقووس و تەدارەکەکانیشیان گۆڕی، کە تەواو جیاواز بوون لەگەڵ جەژنەکانی پێش خۆیان، بۆیە هەمووشیان ڕەد کردنەوە و خسترانە نێو بابی کوفر و ئیلحادەوە. هەرچەندە فەرهەنگی ئاینییەکانی (یەکتا پەرستی) دیکە، وەک ئایینی زەردەشتی و ئێزیدی و هندۆس...یش تاد.، زۆر دەوڵەمەندن لە جەژن و پەیام و تقووسەکانیدا.

ئارییەکانی ئێرانشین، پتر لە (١٩) جەژنیان هەیە، بە گوێرەی پەیامەکانی زەردەشتیی، کە هەر یەکێکیان سەربوردە و ڕۆژژمێر و تقووسی تایبەت بەخۆی هەیە، و لە وەرزی خۆیاندا یادکراوەنەتەوە و هێندێکیشیان هەر زیندوون، ئەمەش ڕیزبەندی ناوی جەژنەکانیانە ـــ هەر بە زاراوەی خۆیان تۆماریان دەکەین: جەژنی فرورگان، اردیهشتگان، خردادگان، امردادگان، شهریورگان، مهرگان، ابانگان، ازرگان، دیکان، بهمنگان، سیندارمزگان، نورۆز، شب یلدا، سده، چهارشنبەسوری،

نوسـره...تاد. (گبانچـی ١٣٤٩ ف.). بەهامانشـێوە ڕیزبەنـدی جەژنەکانـی ئێزیـدی و هینـدۆس و سـییخەکان...تاد دوورودرێـژن.

جەژنەکانـی جوولەکـە، لەبنجینـەدا، سـەرچاوەکانیان ڕووداوێکـی ئاییـن یـان دونیایـی بـووە و ئـەوان بـە زمانـی عیبـری بـە چـەژن دەڵین(یـوم طیـب ــ ڕۆژی بـاش و سـاڵح)، زۆربەیـان پشـت بـە تـەوڕات دەبەسـتن، هێندێکیشـان سـەربوردە و ڕوووداوی مێـژووی خۆیـان هەیـە.، وەک: ڕزگاربوونیـان لـە چەنـگ فـارس و ئاوارەییـان بـۆ مـاوەی (٤٠) سـاڵ لـە بیابانـی سـینا، یـان خاپورکردنـی هەیکەلـی سـلیمان...تاد . لـە جەژنـە بەیەخدارەکانیـان، جەژنـی (ڕۆژی شـەممە، یـوم تیشـعاە بئـاف: تێکدانـی هەیکەلـی سـلیمان، ڕۆش هاشـان: سـەر سـاڵ، یـوم کیبـور: جەژنـی غفران، حانوکـە: کەپرۆکـە، میـن عتسـیریت: هەشـتەمی خیتامـی، بهجەتـی تـەوڕات، طـو بشـغاط: جەژنـی دارودرەخـت، بوریـم: تیروپشـک، یـوم ئـازکارون: ڕۆژی بیـرەوەری، جەژنـی چەقاڵـە، جەژنـی فەتیـرە)، بێگومـان ژمارەیـەک جەژنـی نەتەوەیـی و بۆنەکانیشـیان هەیـە. تقووسـەکانی زۆربـەی ئـەو جەژنانـە لـە کەنیشـتی بەڕێوەدەچـن و سـفرە و خـوان و پۆشـاکی تایبەتیـان بـۆ ئامـادە دەکرێ(الاعیـاد الیهودیـە، یۆتیـب ٢٠٢١).

بـەڵام جەژنەکانـی مەسـیحی، کـە زۆربەیـان پەیوەسـتن بـە مسـیح، لەسـەر ڕۆژژمێرێـک دەڕۆن پێیدەڵێـن (سـاڵی تقووسـبەندی: تایبەتـە بـە کلێسـا و تقووسـەکانی)، لەڕاسـتیدا لـە فەرهەنگـی مەسـیحیدا، زارەی جـەژن نییـە، ئـەوان زارەوی فێسـتیڤاڵ(کە لەبنچینـەدا لاتینییـە)، بـۆ هەمـوو بۆنـە ئایینیـەکان بەکاردەهێنـن، کـە هـەم ئاهەنگێـڕان و هـەم سـفرەو خـواردن و خواردنەوەیـان تێدایـە. (Greg Tobin) لـە کتێبـی (پشـووە پیـرۆزەکان)دا، ڕیزبەنـدی (١٤) جەژنـی ـ بـە قەولـی ئێمـە، تێدایـە، بەسـەر چـوار وەزی سـاڵدا دابەشـی کـردوون، (زسـتان :چـوار، بەهـار:

چوار، هاوین: سێ، پاییز: سێ) جەژنی مەسیح و جەژنی سەری ساڵ، لە هەرە بایەخدارەکانی جەژنەکانی زستانن، ئیستەر و ڕۆژی دایک، بە بەر وەزی بەهار دەکەون، هەرچی جەژنی باوکە، دەکەوێتە هاوین و جەژنەکانی هەلەوین و سوپاسگوزاری دەکەونە پاییز.

جەژنی لەدایکبوونی (مەسیح) پیرۆزترین و گەورەترین جەژنی ئەوانە، تەدارەک و سفرە و ئاهەنگی گەلێک تایبەتی تێدا بەڕێوەدەچێ و ژمارەیەکی زۆر تێیدا بەشداری دەکەن. لەو جەژنەدا درەختی لەدایک بوون لە ماڵەوە و دەروەی ماڵدا دەڕازێننەوە و دیاری زۆری تێدا دەبەشرێتەوە و بابا نوئیل کەسایەتییەکی دیاری ئەو جەژنەیە.

جەژنی ساڵی نوێ، کە دەکەوێتە شەوی ٣١ی دیسێمبەر، هەموو ساڵێک بە هاتنی ساڵی نوێ، ئاهەنگی گەورە و پڕ مەسرەفی تێدا دەگێردرێ. ئێستا ئەو جەژنە ــ تا ڕادەیەک، بووتە جەژنێکی جیهانیی و غەیرە مەسیحییەکانیش، ئاهەنگی تێدا دەگێڕن. ئەوەشمان لەبیر نەچێ، مەسیحییەکان لە جەژنی هەڵسانە و لەدایکبوون و تەواف، بەڕۆژووبوون ــ بەگوێرەی شەرعی خۆیان، ڕوکنێکی تقووسەکانی ئەو سێ جەژنەن.

پێش جەژنی فسح (هەڵسانەوە) کە دەکەوێتە کۆتایی مارت و سەرەتای نیسان، ئەویش لە جەژنە هەر مەزن و پیرۆزەکانی ئەوانە، هەڵسانەوەی مەسیح لە نێو مردووەکان و بەرزبوونەوی بۆ ئاسمان.

جگە لەوانەی باسمان کرد، جەژنی مریەمی پاکیزە و بەرزکردنەوەی خاچ و هەلەوین، زۆر بایەخ و تایبەتمەندی پیرۆزیان هەیە، لە لای باوەڕدارانی ئەو ئایینە.

لە ئایینی مەسیحیدا، جەژن هەیە کە لە نیو سەدە، یان لە سەدەیەکدا یەکجار یادی دەکرێتەوە، کە پێی دەڵێن جەژنی (یۆبیلی).

(Greg Tobin ٢٠١١).
هاتنی ئایینی ئیسلام، سڕینەوەی جەژنەکانی سەردەمی بتپەرستی بوو. هەر دوو جەژنی، بۆ موسوڵمانان بە شەرع و دەستووری خۆی دیاری کرد و تا ئیمڕۆش، موسوڵمانان، یادییان دەکەنەوە، ئەوانیش (جەژنی قوربان و جەژنی ڕەمەزان)ن.
جەژنی ڕەمەزان، کە دوای مانگی ڕەمەزان ـ مانگی ڕۆژووگرتن، دێ، دەکەوێتە یەکەم ڕۆژی مانگی شەوال. بۆ خۆی بە گوێرەی حەدیسی شەریف، یەک ڕۆژە، بەڵام خەڵک دەیکەنە سێ ڕۆژ. ڕۆژی پێشتریش زەکات، وەک شەرع دیاری کردووە، کە دەبەخشرێتە کەسانی شایستە. هەرچی جەژنی قوربانە ، کە چوار ڕۆژە، دەکەوێتە (١٠)ی مانگی (ذي الحِجّة)، وقوربانی، تێدا دەکرێ، بە گوێرەی ئەو دەستوور و شەرعەی دیاری کراوە. هەر لە هەردوو جەژنیشدا، نوێژی جەژن، کە دوو ڕکاتە، لە مزگەوتان، بە جەماعەت دەکرێ و بانگی بۆ نادرێ. بەڵام تەکبیری تێدا دەکرێ.
(لە بڕگەکانی دادێ، بەدرێژی قسە لەسەر ئەو دوو جەژنە دەکەین)
بەڵام، بەهۆی سەرهەڵدانی چەند ئایینزاییەک، چەندان جەژنی دیکەش داهێنراون و کەسانی باوەڕدار، بە گوێرەی مەزهەبەکەیان یادیان دەکەنەوە. جەژنی مەولوود، کە مەلیک موزەفەری کوڕی کوکبری لە ئەربیل(١١٥٣ ــ ١٢٣٢)، یەکەم کەس بوو ڕۆژەکەی کردە جەژن و یادی کردەوە، لە هێندێ وڵاتانی عەرەبی دەکرێتە پشووی فەرمی و یاد دەکرێتەوە.
یادی سەریساڵی هیجری، هەرچەندە لە هێندێ وڵاتان پشووی ڕەسمییە، یادە دەکرێتەوە، بەڵام وەک جەژن، ئیسلام یادی نەکردووەتەوە. لە ڕۆژژمێری ئیسلامیدا، سەرەتای مانگی محەڕەم،

ڕۆژی یەکەمی سەری ساڵی هیجرییە، هەرچەندە شیعەکان، بە هۆی ڕۆژی عاشووراوە، ئەو ڕێککەوتە، بە ڕۆژی حوزن و ماتەمینیی دادەنێن. خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب(٥٨٥ ـ ٦٤٤)، لە ساڵی (١٧) هیجری، لە مانگی موحەڕم، دەستپێکی ئەو ڕۆژژمێرەی  کردە دەستوور. ئیمڕۆش موسڵمانان، لەو ڕۆژەدا پیرۆزبایی لەیەکتری دەکەن و ڕۆژژمێری نوێ چاپ دەکەن و بڵاودەکەنەوە و لە مزگەوتەکانیش ڕێزی لێدەگیرێ و دەبێتە بابەتی وتاری ڕۆژی هەینی.

هەرچی باوەڕدارانی ئایینزای شیعەیە، جگە لە جەژنە دیاریکراوەکان، (١١) بۆنەی تایبەت بە خۆیان هەیە، هەرچەندە زۆربەیان، ماتەمینی و ڕەشپۆشی و حوزن بەسەریاندا زاڵە، بەڵام ڕێوڕەسم و کەژاوە و تقووسی تایبەتی خۆیان بە شکۆداری و هێبەتەوە بۆ دەکرێ، بە تایبەتی لە ئێراق و ئێراندا کە گڵکۆ و مەقامە پیرۆزەکانی ئەوانی لێیە. بۆنە بایەخدارەکانیان، لە مانگی موحەڕەم، سەری ساڵی هیجری و  شەهیدکردنی ئیمام حوسێن و کەژاوەی ڕۆیشتن بۆ کوفە و کۆچی ئیمام زەینەب عابدینە. لە مانگی صەفەردا کەژاوەی یادی ئیمام حوسێن و کۆچیدوایی پێغەمبەر و خەلیفە عەلی کوڕی تالیبە. لە مانگی ڕەبیعی یەکەمیش کۆچیدوایی ئیمام حەسەن عەسکەری و تاجنانەسەری مەهدی و  مەولوودی پێغەمبەرە. لە ڕەبیعی دووەمیشدا شەهیدکردنی خاتوو زەینبی کچی خەلیفە عەلییە. لە مانگی جەمادی یەکەمیش شەهید کردنی فاتیمەی زەهرایە.

**دوو: جەژنە وەرزییەکان (سرووشتیەکان):**

مەبەست لەو جەژنانەیە، کە تایبەتن بە سرووشت و وەرزێکی دیاری کراوەی ساڵ، جا لەبەر جوانی و دڵگیری بێ، یان لەبەر ئەو خێروخۆشییەی پێ و قدومی ئەو وەرزە دەیهێنێ. لە مێژووی هەموو شارستانییەکاندا، لە کۆنەوە، ئەو جەژنانە دیاری کراون و بە شێوازی جیاواز، بە گوێرەی کلتوور و کەش و هەوا و داب و نەریتی کۆمەڵگاکان یادکراوەنەتەوە، وەکو جەژنی نەورۆز، جەژنی دایک، جەژنی خۆشەویستی، جەژنی دروێنە، جەژنی بۆنکردنی نەسیم، جەژنی شەوی یەلدا، جەژنی کەپرەشینە، جەژنی ئاگری دیانان، جەژنی چوارشەممەسوورە، ... تاد. وەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا، ئەو جەژنانە پتر دەکەونە وەرزی بوهاران و پاییزان، چونکی وەرزی چاندن و زیندووبوونەوەی زەوی و دروێنە و کۆکردنەوەی بەرهەم و خەڵە و خەرمانە بۆ وەرزی تەڕتووشی زستان.

لە ناوچەی یارسان گۆران، هەر وەرزەی بە ناوی پیرێکەوە ناونراوە وەک: وەرزی بەهار بە ناوی (پیر داود و کۆسوار)، هاوین (پیر بنیامین)، پاییز(پیر موسا) زستانیش (پیرداوان) (فەرهەنگی ئەلف با).

**سێ: جەژنە نەتەوەییەکان:**

وەک لە ناوەکەی ڕادیارە، ئەم جەژنانە تایبەتن بە ڕووداو و سەرکەوتن و ئازادی و سەربەخۆیی و وەدەستهێنانی دەستکەوتی نیشتیمانی. هەر نەتەوەیەک، چەندان ڕۆژی داریکراوی هەیە، کە یاد و ئاهەنگیان تێدا دەگێڕدرێ. ئەو جەژنانە پتر لە دوای سەدەی حەڤدەمین و سەردەمی ڕێنیسانیس، ژمارەکانیان هەڵکشا و پتر بوونە جێگەی بایەخدان،

هێندێ لەو جەژنانە، سنووری وڵاتەکان دەبەزێنن و لە زۆر شوێنی جیهاندا لە یەک ڕۆژدا ئاهەنگیان تێدا دەگێڕدرێ، وەکو جەژنی یەکی ئایار (جەژنی کرێکاران)، جەژنی ژنان ...تاد.

**چوار: جەژنی کەسی یان دەستە و دائیرە:**

چونکێ ئەو جۆرە جەژنەش تەدارەک و یادکردنەوەی بۆ دەکرێ، لێرەدا حەزمان کرد، ئاماژەی پێبکەین، وەک جەژنی لەدایک بوون، یان دەرچوون لە قۆناغیکی خوێندن، یان هاوسەرگیریی، یان دامەزراندن و وەرگرتنی پۆست و پایە... تاد.

## جەژنە کوردییەکان:

بۆ قسەکردن دەربارەی جەژنە کوردییەکان، دەبێ سەر بە شارستانییە دێرینەکانی ناوچەکە دابگرین و لە کۆنترینیانەوە، کە سەردەمی پێش چاخی بەردینی کۆنە، دەست پێبکەین، بە واتایەکی دیکە، لەبەر نزیکی کوردەکان لە ئەکەدییەکان و سۆمەرییەکان و ئاشوورییەکان و بابیلییەکان...ەوە دەست پێبکەین، دواتریش بە بڵاوبوونەوەی ئایینی یەکتاپەرستیی زەردەشتی. ڕاستە ئێمە بەڵگەی مێژوویی جەژنە دیاریەکانی ئەو سەردەمانەمان لەبەردەست دانییە، بەڵام لە ڕووی زمانناسی و مێژووی وشەدا، دەبینی چەندان وشەی هاوبەش و لێکنزیکمان هەیە. جگەلەوەش، ئاسەوارەکانی ئایینی زەردەشتی، وەک ناوی شوێنەکان و ئاسەواریی ئاتەشگە و شوێنەوارەکانیان، نەختێک ماون.

«میللەتانی هیند و ئەوروپییەکان، هەروەک دانیشتوانی میزۆپۆتامیا، دیاردە سرووشتییەکانیان دەپەرست، وەکو (ڕۆژ و زەوی و هەوا و... تاد.)

لـە خوداوەندەکانیـان، وەکـو خوداوەنـدی تیشـوب بەرانبـەر خوداوەنـدی نەنلیـل لـە دۆڵـی ڕافیدەیـن، و شاوشـکا بەرانبـەر عەشـتاری بابیلـی و خوداوەنـدی میپـرا. ئـەم خوداوەندانـە ڕۆڵـی بەرچاویـان لـە هـزری هیند و ئەوروپاییەکانـدا بـوو، لـە کۆتایـی سـەدەی حەوتەمی پ. ز. لـە وڵاتی میدیا کەسێک بـە نـاوی زەردەشـت دەرکـەوت. داوای لـە خەڵکـی کـرد تەنها یەک خـودا بپەرسـتن، ئەویـش خوداوەنـدی ئەهورامەزدایـە کـە خوداوەنـدی ڕووناکـی و چاکەیـە. دوای دامەزراندنـی دەوڵەتـی ئەخمینـی لـە ئێران، شا دارای یەکـەم (٥٢٢ ــ ٤٨٢ پ. ز.) ئایینـی زەردەشـتی کـردە ئایینـی فەرمـی دەوڵـەت. بۆیـە ئایینـی تـازە لـە نێـو دانیشـتوانی کوردسـتان و ئێـران و ناوچـەی دیکـە بڵاوبووەوە.»(ڕێـزدار ٢٠٢١). کەواتـە دەبـێ کوردەکانیـش، بەشـداری هەمـان جەژنەکانـی ئـەو کاتـی زەردەشـتییەکانیان کردبـێ ــ کـە لێـرە پێشـتر ئاماژەمـان بـە ناوەکانیـان کـرد. بـە واتایەکـی دیکـە جەژنـی کوردەکانیـش هـەر جەژنەکانـی زەردەشـتییەکان بـوون. دواتـر لـە گـەڵ گۆڕانکارییـە مێژووییـەکان و هاتینـی ئایینـی ئیسـلامی و ڕووداو و بەسـەرهات، جەژنەکانـی کوردیـش گۆڕانکارییـان بەسـەر داهـات و هیندێکیـش لـەو جەژنانـە لەگـەڵ ڕۆژگاردا مەحـف بوونـەوە.

دکتـۆر کـۆزاد محەمـەد ئەحمـەد، دەربـارەی جـەژن لـە کوردسـتاندا دەنووسـێ:" نەخشـەی ئایینـی ناوچەکانـی کوردسـتان پێـش هاتنـی ئایینـی ئیسـلام، لـەو کاتـەدا زێتـر جۆراوجـۆر و ڕەنگاوڕەنگتـر بـووە لـە چـاو ئێسـتادا، بـەوەی جگـە لـە زەردەشـتیەت، کـە ئایینـی ڕەسـمی ئیمپراتۆریەتـی ساسـانی بـوو؛ مەسـیحیەت، یەهودیـەت، مانەویـەت، مەزدەکیـەت، میسـرایی و بیروبـاوەڕی فرەخواوەنـدی دێریـن هەبـوون، ئەمـە جگـە لـە هەبوونـی بیروبـاوەڕ و گروپـی ئیتنیـی لاوەکـی کـە ناکرێ لێـرەدا هەموویـان پۆلێـن بکەیـن. بـۆ نموونـە شـەش

میهرەگانـە بەناوبانگەکـەی گاهامبـار Gahambar کـە پێدەچـێ میهرەگانـی فرەیـی شـوانکارەیی بێـت و بەسـترابێتەوە بـە وەرزەکانـی سـاڵەوە؛ هـەروەك ناوەکانیـان لـە زەردەشـتیەتدا بـاس کـراون، بـەڵام لەلایـەن ئەوانـەی چونـە سـەر ئایینـی ئیسـلام لـە یـاد کـران. لەگـەڵ ئـەوەدا، بـە خێرایـی مومارەسـە کۆنـەکان هاوشـانی جـەژن و ئاهەنگـە ئیسـلامییەکان، بەڵام بـە شـێوازی نـوێ – مۆرکـی ئیسـلام بەسـەریدا زاڵ بـوو- بەتایبەتـی لـەو ئاراسـتانەی دواتـر دامـەزران (مەزهەبـەکان) لەنـاو ئایینـی نوێـدا، بـە شـێوەیەك دامـەزران کـە لـە زۆربـەی دۆخەکانیـدا شـیاو بێـت لەگـەڵ ئاسـتە بەرزەکانـی فیکـری و فەرهەنـگ و لایەنـی کۆمەڵایەتـی ئـەو گەلانـەی بوونـە ژێـر دەسـتە." (کـۆزاد، ٢٠٢٢/٣ شـارپرێس).

لـە خوێندنـەوەی مێـژوودا، دەبینیـن کوردیـش لـە هـەر (٤) جـۆرە جەژنـەکان، پشـکی هەبـوو؛ جەژنـی ئایینـی و جەژنـی وەرزی و جەژنـی نەتەوەیـی و جەژنـە کەسـییەکان. تـا دەگەینـە ئیمـڕۆ، کـە ڕیزبەنـدی جەژنەکانمـان لەبـەر دەسـتە.

دکتـۆر کـوزاد، درێـژە بـە قسـەکانی دەدا، دەرەبـارەی جەژنـە کوردییـەکان، دەڵـێ: «جەژنـی میهرەجـان، دووەم گەورەتریـن ئـەو جەژنانـە بـووە (دوای جەژنـی نـەورۆز)، کـە خەڵکـی کوردسـتان و ئێـران لـە چاخـە کۆنەکانـدا ئاهەنگیـان بـۆ گێـڕاوە. ئـەم جەژنـە پەیوەسـتە بـە خواوەنـد میسـرای خواوەنـدی تیشـکی خـۆر، و بـۆ مـاوەی شـەش ڕۆژ ئاهەنگـی بـۆ سـازکراوە، و بـە سـەرەتای سـاڵی نـوێ لـە سـەردەمی ئەخمینـی ئەژمـار کـراوە. ئاهەنگەکـە لـە ڕۆژی ١٦ دەسـت پێـدەکات «پێـی دەگوتـرا ڕۆژی خـوای میهـر» لـە مانگـی میهـر «مانگـی حـەوت بـە سـاڵنامەی ئێـران»ی «٨ی مانگـی تشـرینی یەکەمـی ئێسـتا» کـە بەسـەرەتای پاییـز دادەنـرا.

پێدەچێ لە بنەوشەدا (ئەسڵ) میهرەجانەکە یەك ڕۆژ بوبێت، بەڵام پاشای ساسانی هرمزی یەکەم (٢٧٢-٢٧٣ز.) مەڕسومێکی دەرکرد و کردی بە شەش ڕۆژ تاوەکو کێشەی ساڵنامەی پێ چارەسەر بکات، ئەو نەریتە لەسەردەمی ئیسلامیشدا پارێزگاری لێ کرا. هەتاکو سەدەی ڕابردوو لە ڕۆژی جەژندا خواردن و ئاهەنگی گەورە ئامادە دەکران، بەتایبەتی لە نێو زەردەشتیەکاندا، پاشان ئاهەنگی بەدوادا دەهات، هەموو ڕۆژێ ئاوازی مۆسیقای جیاواز دەژەنرا.»(د. کۆزاد، ٢٠٢٢/٣شارپرێس).

## جەژنی شەوی یەلدا:

لە مێژووی دێرینی ڕۆژهەڵاتیدا ئەو جەژنە بوونی هەبووە، شەوی یەکەمین و درێژترین شەوی زستانە. پتر ئارییەکان یادیان کردووەتەوە، هەر لەوە و بووەتە جەژنی هەموو ئێران نشینەکان بە کوردیشەوە. وشەی یەلدا نەک (یەڵدا)، کە بە ڕەچەڵەک سریانییە بە مانای (لەدایک بوون و زان)دێ. گۆیا پەیوەستە بە لەدایک بوونی حەزرەتی مەسیح (هاژین، ٢٠١٣، ل.٢٢٣) «لە سەردەمە کۆنەکاندا لە ژێر ناوی Çeleبوە، بەمانای «چلە» دێت کە ئاماژەیە بۆ چل ڕۆژی ناوەڕاستی زستان. لە بنەوشەدا ئاهەنگی بۆ دەگێڕدرێت چونکە لەدایك بوونی میسرایە یەکێکە لە ئاهەنگە زۆر کۆنەکان لە نێو شوێنکەوتوانی میسرائیەکاندا لە ئێرانی کۆن و کوردستان. لە چاخە کۆنەکاندا ئاهەنگ بۆ جەژنی یەلدا سازکراوە لە ٢١ی کانونی یەکەم، بەڵام بەهۆی جیاوازییەکان لە حساباتی ساڵە پڕەکان گواستراوەتەوە بۆ ٢٥ی کانونی یەکەم. لە شەوی یەلدادا خەڵك بەبێداری دەمێننەوە تاوەکو بەیانی، لەو شەوەدا ئاهەنگ دەگێڕن و گۆرانی دەڵێن و

خواردن دەخۆن و سەما دەکەن و خۆیان سەرقاڵ دەکەن.»(د. کۆزاد، ٢٠٢٢/٣شارپرێس).

## جەژنی سەدە:

جەژنێکی دیکە هەیە بەناوی سەدە، بەمانای «سەد»، هۆکاری ناوناکەشی بەهۆی تەواوبونی سەد ڕۆژ و شەو دێت لە کۆتایی هاوین. لەبەرئەوە، ئاهەنگەکە لە ١٠ی مانگی بەهمەن (٣٠ی یەنایەر) ساز دەکرێت، واتە ٥٠ ڕۆژ پێش ئاهەنگی نەورۆز. لەگەڵ ئەوەشدا بەگوێرەی قسەی زانای خوارزمی «بیرۆنی» بنەوشەی جەژنەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی ژمارەی وەچەی مشیا و مشیانەی یەکەمین پیاو و ژن گەیشتە ١٠٠ کەس، دوای ئەوەی هەستان بە ڕێکخستنی خوانێکی گەورە بەو بۆنەیەوە و ناویان لێنا سەدە. هەندێکی دیکە دەڵێن هۆکاری ئاهەنگەکە بەبۆنەی جەژنەوە دەگەرێتەوە بۆ بەزیندوڕاگرتنی سەرکەوتنی فەرەیدون بەسەر زوحاکدا، یاخود بەبۆنەی دەکردنی ئەفراسیاپ لە ئێران لەسەردەمی زاف ی کوڕی تەهماسب؛ هەروەك مێژووی ئەفسانەیی دەیگێڕێتەوە. هەروەتر سەدە؛ جەژنێکی دێرین بووە و لەسەرجەم بەشەکانی کوردستانی ئێستا و بەشێکی گەورەی ئێران ناسراو بووە ئەمەش بەلای کەمەوە لە سەردەمی ساسانیدا، بەڵام پێدەچێ مێژووی ئاهەنگەکە بەبۆنەی ئەم جەژنەوە بۆ سەردەمی ئەخمینی بگەرێتەوە. بەگوێرەی چیرۆکە کۆنەکان، مێژووی جەژنەکە بۆ سەردەمی پاشا هۆشەنگ؛ پاشای یەکەمی خێزانی پێشدادی ئەفسانەیی بگەڕێتەوە، هەندێکی دیکە دەیگەڕێننەوە بۆ سەردەمی پیوراسپ؛ کە بەپاشای زۆردار «زوحاك» ناسراوە لەلایەن فیردەوسی یەوە.

لە جەژنەکەدا ئاهەنگ بۆ ڕێزلێنانی ئاگر و دۆرانی هێزە تاریکییەکان و سەرما سازکراوە. باس لەناوەکەشی کراوە بەتەنیشت نەورۆز و میهرەگان لە هەندێ هۆنراوەدا، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی هەمان گرنگی هەیە وەك ئەو گرنگییەی کە نەورۆز و میهرەگان هەیانبووە. ئاهەنگ بۆ ئەم جەژنە لە زۆربەی ناوچەکاندا لەلایەن ئەوانەی زەردەشتی نین؛ سازکراوە و نەریت وابوە ئاگر بگەشێنرێتەوە بەبۆنەی سەدەوە لەناوچەی ڕەواندزی کوردستانی عێراق، هەروەتر لە نێو هۆزە کوردییەکانی مەهاباد و کرماشان و قەصری شیرین. بەگوێرەی هەندێ بۆچون، لە گێڕانەوە مێژوویی و ئەفسانەییە دێرینەکان ئاماژە بۆ پەرستنی ئاگر لە نێو «بەلای کەمەوە» هەندێ لە کوردەکان لە کۆندا کراوە. لەکاتی ئێستادا ئاهەنگ بۆ ئەو جەژنە ساز ناکرێت لە هیچ بەشێکی کوردستاندا؛ بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەفتەی جارێك ئاهەنگ بۆ ئاگر ساز دەکرێت، و هەموو هەفتەیەك بەبێ پچڕان لە سەدەوە تاوەکو چوارشەممەی سور؛ ئەنجام دەدرێت.“(سەرچاوەی پێشوو).

## جەژنە ئێزدییەکان:

بێگومان ئایینی ئێزیدی، وەک یەکێک لە ئایینە یەکتاپەرستییەکانی دێرینی لە مێژووی ڕۆژهەڵاتدا، چەندان ڕۆژی تایبەت بە خۆیان هەیە بۆ یادکردنەوە و ئاهەنگ گێڕان و ناساندنیان وەک جەژن لە ساڵنامەی خۆیاندا. جەژنی سەری ساڵ، کە دەکەوێتە یەکەم چوارشەمەی مانگی نیسان، بە گەورەترین جەژنی ئێزیدی دادەندرێ. ئەن جەژنە بە جەژنی (مەلەک تاووس) ناودەبەن کە گۆیا خودا لەو ڕۆژەدا مەلەک تاووسی لە نووری خۆی خولقاندووە و لە ڕۆژی چوارشەممەشدا

ئادامی دروست کردەوە، ئەوان جەژنەکە بە زاراوەی خۆیان بە جەژنی (التكوين) دادەنێن. دکتۆر کوزاد، لەم بارەیەوە دەنووسێ: دەقێك کە پەیوەندیی بە کتێبی پیرۆزی ئێزدییەوە هەیە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئەم بۆنەیە جەژنی بەهارو نوێبونەوەی خاکە. ئێزدییەکان لەو ڕۆژەدا گۆشت بەسەر هەژارەکاندا دابەش دەکەن ئەویش لە پێناو «ڕۆحی مردووەکاندا» و سێ ڕۆژ پێش سەری ساڵی نوێ، ژنەکان خواردن دەبەن بۆ سەر گۆڕستان، کە لەجەژنی «فیرالیا» ی ڕۆمانی دەچێت هەروەك بروکلمان باسی لێوە دەکات. هەما ئەو جەژنەشە کە پێی دەگوترێ چوارشەممەی سوور لەلایەن ئەو ئێزدییانەی لە تورکیای نوێ و ئازەربێجان و ئەرمینیا و تورکیا دەژین. هەروەتر ئاهەنگ بۆ جەژنەیەکی دیکە ساز دەکرێت بەبۆنەی چل ڕۆژەی ناوەڕاستی هاوین، ئەویش دوای ٤٠ ڕۆژ بەڕۆژووبوون (٢٤ی یۆنیۆ تاوەکوە ٣ی ئۆگستۆس). ئەم جەژنە لە «لالش» ساز دەکرێت و سێ ڕۆژ بەردەوام دەبێت. ڕۆژێك پێش جەژن ئێزدییەکان حەج بۆ شوێنە پیرۆزەکانی ئەوێ دەکەن. بەهەمان شێوە ئاهەنگ بۆ جەژنی پاییز دەگێرن بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ (٧ تاوەکو ١٤ی ئۆکتۆبەر). بەشداربووان لە لالش کۆدەبنەوە و بەهەمان شێوەی لێکچوو جەژنی پاییزە ئاهەنگ دەگێڕن. بەبۆنەی چل ڕۆژەی ناوەڕاستی زستانەوە (٢٤ی دیسەمبەر تاکو ١٤ی فیبرایەر)، ئاهەنگ بۆ جەژنێکی دیکە دەکەن کە جەژنی «شێخ عدی»یە، کە ئێزدییەکان بڕوایان وایە چل ڕۆژ لە هاویندا بەڕۆژوو بووە و چل ڕۆژیش لە زستاندا، کۆبونەوە بۆ ئاهەنگ گێڕانی ئەم جەژنە لە لالش دەبێت، و قوربانی «سەما» پێشکەش دەکەن. جەژنی دیکەش هەن لە نموونەی جەژنی ڕۆژ و کە سێ ڕۆژ دوای ڕۆژ و گرتن دەبێت، واتە چوارەم ڕۆژ، پێویستیشە بکەوێتە ڕۆژی هەینی.

جەژنێکی دیکە تایبەتە بە چینی «پیر»، ئەوانەن کە هەڵدەبژێردێن بۆ خزمەتی مەزارگە و شوێنە پیرۆزەکان. هەندێ لە ئێزدییەکان دەڵێن ئەم ڕۆژوو و جەژنە پەیوەندییان بە لافاوی نوحەوە هەیە، بەگشتی ئەمەش لە مانگی کانونی یەکەمدا ڕوودەدات، کاتێ باران بە خوڕ دەبارێت. جەژنێکی دیکە هەیە بەناوی جەژنی لەدایك بوون «پلندا»، ئەمەش لە هەینی دووەمی چلەی زستان دەبێت. جەژنێکی دیکە، جەژنی خدر ئیلیاسە، ئەمەیان ڕۆژێکی پیرۆزە لای مەسیحی و موسڵمانەکانی عێراق، و لە ڕۆژی یەکەم پێنج شەمەی مانگی شوباتە و پێش ئەم جەژنە سێ ڕۆژ، بەڕۆژوو بوون هەیە، مەسیحیەکانی عێراق بەم جەژنە دەڵێن «باعوثا».(سەرچاوەی پێشوو).

کەواتە ئێزیدییەکان ساڵانە یادی جەژنەکانی خۆیان کردووەتەوە کە بریتینە لە :جەژنی سەری ساڵ(یەکەمین چوارشەممەی مانگی نیسان)، جەژنی لەدایک بوون (یادی لەدایکبوونی عەدی کوڕی مۆسافیر)، جەژنی چلەی هاوین (٣٠ تەموز)، جەژنی چلەی زستان (٢ی شوبات)، جەژنی قوربان، جەژنی جەمای(٧ ڕۆژە)، جەژنی ڕۆژووی ئێزیدی، جەژنی خدر ئیلیاس، جەژنی بێلیندا(یەکەم هەینی کانووی دووەم). (محەمەد ٢٠٢١).

## جەژنی کاکەییەکان(یارسان):

دوو جەژنی ئایینیان هەیە و هەردوو جەژنەکە دەکەونە چلەی زستانەوە و هەر جەژنەی یەک ڕۆژە.

١-لە مانگی کانوونی یەکەم، (٣) ڕۆژ بە ڕۆژوو دەبن، بەناوی ڕۆژووی (مەڕنۆ)، ڕۆژی چوارەم دەیکەن بە جەژن.

٢-سێ ڕۆژ بە ڕۆژوو دەبن بەناوی ڕۆژووی (قەولتاس)، ئەمیان دەکەوێتە

مانگی کانوونـی دووەم، ڕۆژی چـوارەم دەیکـەن بە جەژن.
ئـەو دوو جەژنـە دەکەونـە (٢١)ی ئـەو مانگـە عەرەبییـەی کـە دەکەونـە نـاو ئـەو دوو مانگـە زاینییـەوە لـە چلـەی زسـتاندا.

لـە ١١ی کانونـی دووەمـدا، کاکەییـەکان یـەك ڕۆژ بـەڕۆژوو دەبـن لـە ئاهەنگێکـدا کـە پێـی دەڵێـن جەژنـی پێشـوازیکردن، دوای ئـەوە سـێ ڕۆژی دیکـە بـەڕۆژوو دەبـن و لـە ڕۆژی چوارەمـدا بـە جـەژن کۆتایـی پـێ دێـت. دەگوتـرێ ئـەوان لـە ڕۆژی دەرکەوتنـی ئەسـتێرەدا کـە ناسـراو بـە «ئەسـتیرەی سـهیل» بـەڕۆژوو دەبـن، بـەڵام هەندێکیـان ئەمـە ڕەت دەکەنـەوە. لـە میانـی کۆبونـەوەی گشـتیدا یـان میهرەجانـی سـاڵانەدا، هەمـوو خێزانێـك ئـەوەی هەیەتـی لـە خـواردن پێشکەشـی دەکات، پاشـان ئـەو خێزانانـەی کۆبونەتـەوە خوانێکـی لـێ ئامـادە دەکـەن. بـەو بۆنەیـەوە سـەرۆکەکەیان کـە پێـی دەگوتـرێ «پیـر» مەڕیـان بـۆ دەکوژێتـەوە. دوای ئـەوە نـزای برایەتـی دەخوێنرێتـەوە، و هەمـووان پێکـەوە نـان دەخـۆن و بـەو بۆنەیـەوە ئاهەنـگ دەگێـڕن و سـەمایەکی تێکـەڵ بـە ژن و پیـاوەوە ئەنجـام دەدەن کـە پێـی دەگوتـرێ «چۆپـی»، هـۆکاری ناونانەکـەی بـە چۆپـی بـۆ ئـەوە دەگەڕێننـەوە کـە خـودا ئەوانـەی لـەو خواردنەیـان خـواردوە لـەو بۆنەیـەدا، پیرۆزیـان دەکات.(کـۆزاد، شـارپڕێس)

## جەژنی پیرشالیار:

جەژنێکـی دیکـە هەیـە مـاوەی هەفتەیـەك بـەردەوام دەبێـت لـە ناوچـەی هەورامـان، مـاوەی جەژنەکـە حـەوت ڕۆژە و بەبۆنـەی ڕێزلێنانەوەیـە لـە پیرشـالیار بـەوەی کەسـێکی ئایینـی دێرینـە لـە ئایینـی زەردەشـتیدا. جەژنەکـە لـە کۆتایـی هاویـن دەسـت پێـدەکات و تیایـدا خواردنـی ڕۆژانـە پێشـکەش دەکرێـت کـە گۆشـت و گوێـزی

تێدایـە، دوای نیـوەڕۆش پیـاوەکان بـۆ شـایی کـردن کۆدەبنـەوە لـە چەنـد بازنەیەکـدا بـە ئـاوازی تەپڵـی تایبـەت هەڵدەپـەڕن. لـە ڕۆژی شەشـەمدا دەچـن بـۆ سـەردانیکردنی مەزارگـەی پیرشـالیار و بەپێـی پەتـی دەچنـە نێـو مەزارگەکەیەوە.(سـەرچاوەی پێشـوو). لـە سـەرنجان لـە سـاڵنامەی یارسـانەکان، دەبینیـن کـە چەنـدان جەژنیـان هەیـە، کـە هێندەکیـان هـی کوردانیشـن: جەژنـی بـاڵ، بالوێڵـە، جەژنـی خاوکـەر، جەژنـی تەنبـور، جەژنـی گوێزشـکاندن، جەژنـی چەمـەری، جەژنـی ڕۆژ..تـاد.

# بەشی دووەم
# ڕێوڕەسمی جەژن لە وراتی کۆیە ١٩٠٠ ـ ٢٠٠٠

## بەرکۆڵێك
## دەربارەی مێژوو و کەلەپووری وراتی کۆیە (۱۹۰۰ ـ ۲۰۰۰):

کۆیـە، شـارێکی دێرینـە، بەڵگـە مێژوویـیـەکان ئەوەیـان سـاغ کردووەتەوە، ئەمـەش، لـە پـاڵ چەنـد فەکتەرێکـی دیکە، بوونە هـۆ، کۆیە، وەک بەشـێک لـە کوردسـتانی گـەورە، بکەینـە کرۆکـی لێکۆڵینەوەکەمـان. لـەو مێـژووە دوورو درێـژەدا، لەشـکری داگیرکـەران و هێـز و دەسـەڵاتی بیانـی، بـە چەنـدان هـۆز و خێـڵ و عەشـیرەت پەلامـاری کوردانیـان داوە، وەک:

• هەخامەنشییەکان ( ۳۳۰ ـ ٥٥٩ پ. ز.).
• ئەشکانییەکان ( ۲۲٦ پ. ز. ـ ۲٥۰ ز.) .
• ساسانییەکان ( ۲۲٦ ـ ٦٥۲ ز.).
• عەرەبەکان ( ٦۳۷ ـ ۱۲٥۸ ز.) .
• سەلجوقییەکان (۱۱٤۱ ـ ۱۱۸۷ ز.)
• مەغۆلەکان ( ۱۲٥۸ ـ ۱۳۰٤ ز.).
• سەفەوییەکان (۱٥۰۸ ـ ۱٥۳۳ ز.).
• عوسمانلییەکان (۱۸٤۰ ـ ۱۹۱٤ز.).
• ئینگلیـز و ڕووس و فەڕەنـگ (۱۹۲۱ تـا دەوروبـەری شەسـتەکانی سـەدەی ڕابـردوو) .

ئـەوە جگـە لـەو لەشـکر و سـوپا و جندرمـە و چەتانـەی کـە نـاوە نـاوە پەلامـاری کوردسـتانیان داوە یـان پێیـدا ڕەتبـوون، یـان کردوویانەتـە پەناگـە و حەشـارگەی خۆیـان لـە کاتـی شـەڕو شۆڕدا.(شـەوڕۆ ۲۰۱٦ ل ۳۳)

لـەم زانیارییـە، تێدەگەیـن کـە ئـەو داگیرکـەرە بێگانانـە حەتمـەن زۆربەیـان خـاوەن کەلتـوور و شارسـتانەتیی خۆیـان بـوون، کـە بەچەنـدان

شێوە، بە خۆشی بێت یان بە ترشی، کاریگەریان لەسەر کەلتووری کورد هەبووە، لە هەموو بوارێکەوە و کەواتە جەژنەکانیش، کەم تا زۆر، پشکیان لەم گۆڕانکارییانە بەرکەوتووە.

شاری کۆیە، مەڵبەندێکی بازرگانی و کشتوکاڵی دەوڵەمەند بووە و کاروانسەرای نێوان ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوەند و خوارووی ئێراق بووە.

لە ڕوانگەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە، شارەکە، جۆرە تایبەتایەتییەکی خۆی هەیە کە، بە شێوەیەك لە شێوەکان جیاوازیی هەیە لە گەڵ پێکهاتە و توخم و بنەما کۆمەڵایەتییەکانی هێندێ شاری دیکەی کوردستان، کە دەکرێ بەم دێڕانە پێناسە بکرێ :» ئۆرگانە بنەڕەتییەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی شاری کۆیە، چەند بنەماڵە و بەرەباب و چین و توێژێکی هەمەڕەنگی هاوبەش و هاوبەرژەوەندیی مێژووی خۆژی و خێرخواز و مرۆڤدۆستن، دەرهاویشتنە دەرەوەی هەر یەك لەم ئۆرگانە بنەڕەتییانە لەم پێکهاتەیەدا، لاسەنگی و ناتەبایی و نائارامی و نیگەرانی لێدەکەوێتەوە.» ئەمەش پۆلینکردنی پێکهاتەکانەیەتی:

**یەك: دوو بنەماڵە ناسراوەکە:**

مەبەست لە دوو بنەماڵە ناودارەکەی کۆیەیە: بنەماڵەی حەوێزییان و بنەماڵەی غەفورییان کە خاوەن دەسەڵاتی ئابووری و دارایی و کۆمەڵایەتی و تا ڕادەیەکێش (لەشکریی) بووینە و تا کۆتایی سەدەی نوزدەم هەمیشە کێشمەکێش و ناخۆشییان لە نێواندابووە، تا دواتر، لە ڕێی ژن و ژنخوازییەوە، ئاشت دەبنەوە و ئاشتەوایی نێوانیان کۆتایی بەو شەڕو ناخۆشییانەی چەند ساڵەی نێوانیان دێنێ.

**دوو: خاوەن موڵك و بازرگانەكان:**

ئەم بنەماڵانە، لە ژمارەدا، وەك دوو بنەماڵەكەی سەرەوە، زۆرنین، بەڵام خاوەن دەسەلاتێكی كاریگەر بوون لە ژیان و بژێوی شارەكەدا، ئەوان سەرمایەدارەكان بوون، كە هەم سەروەت و سامانەكەیان دەسكەوتی ڕەنجی خۆیان و باب وباپیرانیان بووە و هەم خاوەن كارگە و دوكان و زەوی و زار بوون. ئەوان خاوەن ئەقلی بازرگانی و تیجارەت بوون. لەسەرەتادا وەك مەلاكی گەورە بەدیار كەوتن، لە دواییدا، لە گەڵ ڕۆژگاردا، لە ڕێگای بازرگانی كردنەوە، بە تایبەتی بە تووتن، بوونە سەرمایەداری گەورە.

**سێ: بنەماڵە ئایینییەكان:**

ئەم بنەماڵانەش خاوەن پایە و مەقامێكی بەرز بوون، جا بنەماڵە ئایینییەكان چ مەلا بن و چ شێخ، لە ڕێی مزگەوت و تەكییە و مەجلیسی خوێندنەوە، جگە لەوەی كە خەڵكیان لە دەوردا كۆبوەتەوە و هەریەكەی بەگوێرەی هاوسەنگیی بەرژەوەندیی نێوانیان، سوودیان لەیەكتری وەرگرتووە، كاریگەرییان، لە دوو ڕەهەندەوە بەسەر شارەكەدا هەبووە: لە لایەك وەك ڕێبەری ئایینی و خوێندن و مەعریفەت خێریان داوەتەوە و لە لایەكی دیكەشەوە وەك دەمڕاست و ڕیش سپیی شارەكە كۆڵەكەیەكی پتەوی ڕاگری پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان بوون. لە مەجلیسی ئەواندا، هەموو ڕەنگ و توێژ و چینەكان بەیەكەوە دادەنیشتن. چونكە كۆمەڵگەی كوردەواری، باوەڕدار و خواپەرستیی بی غەل و غەش بوون، ئەو پەڕیی ڕێز و حورمەتیان بۆ ئەم بنەماڵانە ئایینیانە هەبووە.

**چوارەم : چینی پیشەوەر و کاسبکار و کارکەر:**

بەوکەسانە دەگوترا کە بە ڕەچەڵەك ناچنەوە سەر ئەو سێ توێژەی لەسەرەوە باسمان کردن. ئەوانیش بە گوێرەی ئیش و کار و جێگە و پێگەیان، دەکرێ بۆ چەند توێژێك پۆلین بکرێن، وەك توێژی پیشەوەر و کاسبکاران، توێژی باغچەوان و ڕەزەوانان، مەڕدار و ئاژەڵدارەکان، توێژی غەریبە و بێ ئیش و لانەوازەکان.

ئێستاش، پاشماوەی شوێنەوارەکانی گەواهی، بایەخ و گەورەیی ئەو شارە دەدەن. لە بارەی ڕۆڵی شارەکە لە شۆڕش و ڕاپەرین و خەباتدا، چەندان کتێبی لەسەر نووسراوە.

بەگوێرەی سەرژمێری ساڵی (١٩٥٧) ، ڕووبەری قەزای کۆیە (١٩٤٨) کم٢ بووە و ژمارەی دانیشتوانیشی (٨٤٨٢) کەس بووە. لە ساڵی (١٩٧٦) فراوان بووە بۆ (١٩٩٤) کم٢، واتا لە ماوەی (١٩) ساڵدا تەنیا (٤٦) کم٢ زیادی کردووە و ژمارەی خەڵکەکەشی گەیشتۆتە (٣٩٤٥٣). هۆی سەرەکیی فراون نەبوون و گەشەنەکردنی شارەکە، بەربەرەکانی کردنی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی بەغدا بووە بۆ ئەم شارە.(شەوڕۆ ٢٠١٥ ل. ٢١)

بۆیەش، ڕێوڕەسمی جەژنەکانی ساڵەکانی نێوان (١٩٠٠ – ٢٠٠٠) مان کردە بابەت، چونکێ زانیارییە متمانپێکراوەکان بەردەستترن.

## پۆلینکردنی جەژنەکان بە گوێرەی ڕۆژگارەکە لەو وراتەدا:

کـە دەربـارەی جەژنـەکان، لـە مـاوەی ئـەو (١٠٠) سـاڵەدا دەنووسـین، هەوڵدەدەیـن، قۆنـاغ بـە قۆنـاغ لـە گـەڵ هـەر یەکێـک لـەو جەژنانـە بڕۆیـن، و لـە یەکێـک لـە قۆناغـەکان، بەدرێـژی قسـەی لەسـەر بکەیـن. بـۆ نموونـە باسـی جەژنـی ڕەمـەزان و قوربـان دەکەیـن، لـەو (١٠٠) سـاڵەدا، بـەڵام کـە دەگەینـە، شەسـتەکانی سـەدەی ڕابـردوو، بـە درێـژی قسـەیان لەسـەر دەکەیـن.

## جەژنی ڕەمەزان و جەژنی قوربان:

چونکـێ ئـەو دوو جەژنـە، گەورەتریـن جەژنـی ئایینـی کـوردن، بەدرێژایـی ئـەو (١٠٠) سـاڵە یادیـان کراوەتـە و ڕێزیـان لێگیـراوە، بـەڵام بەگوێرەی بارودۆخ و کەشـی سیاسـی و سـەربازی و ئابووریی کوردسـتان. لەسـەرەتای سـەدەی بیسـتەمدا، کـە کۆیـە هـەر چـوار گـەڕەک بـووە و باری گوزەرانـی و بژێـوی خەڵکەکـە، چونکـی هـەر لەسـەر کشـتوکاڵ و کاسـبی ئیشـی دەسـت بـووە، مەسـرەفی و تەدارەکـی زۆریـان بـۆ نەکـراوە.

هـەژارەکان، بـە زەحمـەت دەیـان توانـی ئەگـەر شـەرواڵێک یـان عەزیزییـەک بـۆ کـوڕ و کچەکانیـان بکـەن، ئەوانـەی مامناوەندیـش بـوون، ئەگـەر لـە جەژنـی گچکـە (ڕەمـەزان)، پۆشـاکی نوێیـان بـۆ منداڵەکانیـان بکردبایـە، ئـەوا لـە جەژنـی گـەورە (قوربـان)، پێـڵاو و کڵاویـان بـۆ دەکڕین. ژن و پیـاوەکان، زۆر کـەم پۆشـاکی نۆییـان دەبـڕی، هـەر کۆنەکانیـان دەشووشـت و لەبەردەکـردەوە. بێگومـان، چینـی دەوڵەمەنـد و هەبـوو، جیـاواز بـووە. بـۆ جەژنانـەش، بەیەکـەوە لـە مزگەوتـی گـەورە نوێـژی جەژنیـان دەکـردو، دواتـر سـەردانی یەکتریـان دەکـرد ــ شـارەکە هەمـوو یەکتریـان دەناسـی.

کە جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤ – ١٩١٩) هەڵگیرسا و بووە ئاشووبە و سەفەربەلگ و گرانی و برسییەتی، ئەوا جەژن، هەر بە ناو دەکرا. خەڵکەکە زۆر پەرێشان بوو. دوای (١٩٢١)ئاهێکی تێگەڕا و هاتەوە سەرپێ. لە جەژنەکانی سەردەمی ئینگلیز، تا ساڵی (١٩٥٨)، دوای نوێژی جەژن، خەڵکی کاسب و عەوامی شار، دەچوونە حزوور مەلای گەورە و جەژنەپیرۆزەیان لێ دەکرد، ئەوجا دەچوونە دیوەخانی دووبنەماڵەکەی کۆیە، (حەوێزییەکان و غەفوورییەکان)، ئەوەشمان لەبیر نەچێ، ڕۆژێ یەکەمی جەژن، سەر لە بەیانییەکەی، قائیمقامی کۆیە و دەستە و دائیرەکەی، لە سەرای کۆن، دادەنیشتن، قاوەجاغی چای و جزووی قاوە ئامادە دەکرا، بۆ پێشوازیکردن لە خەڵك. دەستەی مەلا و ئاغا و کەسایەتی و ڕیشسپیی شار، زوو دەچوون پیرۆزباییان لە پیاوانی حکوومەت دەکرد. زۆرجاریش، دەوڵەت، برە پارەیەکی وەک جەژنانە، بەسەر ماڵە هەژارەکان دابەش دەکرد. لە قوتابخانەکانیشدا، ساڵ هەبووە، دەوڵەمەندەکان، چ کۆییەکان، چ لە دەرەوەی شار هاتوون، جلک و بەرگ و هاوکارییان بەسەر قوتابییە هەژارەکاندا دابەشکردووە. دەوڵەت قوماشی بەسەر قوتابییە کوڕ و کچە هەژارەکان دابەش دەکرد، ئەوانیش دەیانبردە لای بەرگدروو.

بۆ قوربانی کردن، جاران خەڵک فەقیر بوو، تەنها ماڵە دەوڵەمەندەکان و ئاغاکان، دەیانتوانی قوربانی بکەن، ئەویش هەر یەک گاجووتیان دەکردە قوربانی، دەوڵەمەندەکانیش مەڕێک یان دووان. دوای سەربڕینی قوربانییەکە، گۆشتەکەیان دەکردە جێ جێ و لەسەر تریانانیان دادەنا و لە بەردەرگای مزگەوتی گەورە، دوای نوێژی جەژن، بەسەر فەقیرانیاندا دەبەشییەوە. خەڵکەکە بۆ خۆیان دەچوون، بەشە قوربانی خۆیان وەردەگرت. زەکاتی فترەش، هەم دەدرا بە مەلا،

هەشبوو، بەسەر ماڵە کەم درامەتەکانی دابەش دەکرد.

منداڵەکان، هەر لە گۆڕەپانی مزگەوتی مەحمووداغا بۆ خۆیان کۆدەبوونە و سواری جۆلانە دەبوون و ئەو دوو سێ ڕۆژەی جەژن، بازاڕۆکەک دەهاتە ئەو جێگایە، منداڵان جەژنانەی خۆیان وەردەگرت.

لە زۆربەی گوندەکان، جەژن هەر نوێژی جەژن و ئاشی بەیانیان بووە، کە زۆربەی جار پڵاو ساوار بووە، بە دەگمەن پڵاو برنج بوو، هەر جەژنانیش گۆشتیان دەخوارد، یان مریشکێکیان سەردەبڕێ. بۆ منداڵەکانیان، گەر هەبووایە، شەرواڵێکی سپی جاو یان خامەکیان بۆ دەکردن. لە گوند، منداڵ جەژنانەی نەبوو، هەر لە دەوری ماڵ و مزگەوت ڕۆژەکەیان بەسەر دەبرد.

لە هەردوو جەژنەکەدا، تا ساڵی (٢٠٠٠) زیارەتی گۆڕستان باو بوو، ژن و پیاو، تاریک و ڕوونی بەیانی، دەچوونە سەر گۆڕی ئازیزان و فاتحەیان دەخوێند. زۆربەی ماڵەکانیش، چێشتی پڵاو برنج، یان ساواریان، بە گۆشتەوە، بۆ بەیانییەکە لێدەناو، باو بوو شلەکەی (ترشەکەی) قەیسی بێ.

ئەمەش ڕێوڕەسمی جەژنی ڕەمەزانە ، لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو تا ساڵی (١٩٨٠) بەم شێوەیە بەڕێوەدەچوو:

## ئامادەکاریی پێشوەختە بۆ ڕۆژی جەژن:

جگە لە جەژنی نەورۆز کە یادکردنەوەی لە بازنەی ئاگرکرنەوەی سەر لە ئێوارە و سەیرانی ڕۆژەکە و و جاروبار ئاهەنگگێران چیتر نەبوو، هەردوو جەژنە ئایینییەکە، زۆر بە گەرم وگوڕیی و پیرۆزییەوە پێشوازیان لێدەکرا. دەتوانین بڵێین، ئەو جەژنانە، بۆ کۆی

دەستەجەمعی کوردەواری لە منداڵ و ژن و پیاو و بەساڵاچووەکان، جەژن بوو. بۆیە چەند حەفتەیەک پێشتر دەکەوتنە خۆ ئامادەکردن بۆ بەسەربردن و بەڕێکردنی ڕۆژەکانی بە خۆشترین و جوانترین شێوە. دەکرێ بلێین، هەر ئەندامێکی خێزان بە جۆرێ لە جۆرەکان، ئەرک و کارێکی پێ دەسپێردرا. بەڵام ئەرکی گەورە و قورس پتر دەکەوتە سەر شانی ژنەکان و لە هەمووان زۆرتر خۆیان بۆ ماندوو دەکرد و دەستکەوتیشیان لە هەمووان کەمتر بوو لە خێرو بەرەکەتی ئەو جەژنانە.

دەبێ ئەوەش فەرامۆش نەکەین، کە بەگشتی، ئاستی بژێویی و گوزەرانی خەڵک، لەو ساڵانەدا، وەکو ئێستا باش نەبوو، جگە لە چێنێکی کەم، لە ئاغا و توجاڕ و دەوڵەمەندەکان، عەوام، بە کاسب و مووچەخۆر و کرێکارو جوتیار، ژیانێکی هاکەزایی دەژیان، بەڵام دووخەسڵەتی زۆر بایەخداریان هەبوو: قەناعەتیان هەبوو و شوکوربوون بە ڕزقی خۆیان و چاولێکەریان نەبوو، لە لایەکی دیکەش، گەشبینانە سەیری ژیانیان دەکرد، ئەو خەم و خەفت و نیگەرانییەی ئیمڕۆ هەیە، ئەو کات وجودی نەبوو. بە درێژایی ئەو مێژووە، هەر کچە دارتاشیک ــ ناوی ناهێنین، خۆی دەکوژێ و هەر ڕەشەکوژیەکەی مامۆستا ئەنوەر سەدیق لە (١٩٥٩)، کە بۆ چەندان ساڵ هەر لەسەر زاری ئەو خەڵکە بوو، ڕوویاندا... کوا کوشت و بڕین هەبوو، کوا دزی و جەردەیی هەبوو...کوا دەستدرێژیکردن و بێ حورمەتی هەبوو...!

جاران، جلک و پۆشاک بۆ منداڵان هەر لە جەژنان دەکرا. زۆربەی جارانیش، بۆ عەوامەکە، بە دوو جەژنەکە دەستە جلکەکەیان تەواو دەبوو، ئەگەر کورتەک وشەرواڵیان لە جەژنی بچووک بۆ بکرابووایا، ئەوا کراس و پێڵاوەکەی دەکەوتە جەژنی گەورە. پۆشاکی کوڕانە

دەبووایا لـە لای بەرگـدروو بـەڕادان بـدرێ، هـێ کچانـەش هـەر وابـوو، بـەڵام هێندێـک کـراس و ڕۆب و عەزیزییـە و چاکەتـی ئـەوان لـە بـازاڕ دەسـت دەکـەوت. منـداڵ هیـچ قسـەیەکی نەبـوو لـە جـۆر و ڕەنـگ و مـۆدەی پۆشـاکەکەی، بڕیاردەرەکـە هـەر بـاوک بـوو. چەنـد حەفتەیـەک پێـش جـەژن لـە لای بـەزازەکان قوماشـیان دەکـڕی یـان هـەر بەرگدرووەکە بـۆ خـۆی قوماشـی هەبـوو، ئەوجـا منداڵەکەیـان دەبـردە لای خەیاتەکـە تـا پێوانـەی بـکات، زۆربەیـان هـەر بـە چـاو پێوانەکەیـان دەزانـی و قەڵـەم ودەفتەریـان بـۆ منـداڵان بـەکار نەدەهێنـا ... جـا کـە منداڵـە دڵخۆشـەکە دەیپرسـی کـەی بێمـەوە بـۆ دەسـتە جلەکـەم، بەرگـدروو پێـی دەگـوت، جـارێ بـڕۆ دوایـی بـۆ خـۆم بـۆ باوکتـی دەنێرمـەوە. دوایـی دوو حەفتـە منداڵـی بـێ ئۆقـرەی دڵخـۆش، دەچـۆوە لای و ئەویـش دەیگـوت، حەفتەی دێ وەرەوە بیبـەوە. کـە دەچـۆوە، بەرگـدروو دەیگـوت، لـە ماڵەوەیـە هـەر قۆچپـەی مـاوە، دوو ڕۆژی دیکـە وەرەوە. کـە دیسـان دەچۆوە سەرسـەری، ئەوجـارە دەیگـوت، تـەواو بـوو، خـۆ بـێ دۆخیـن نابـێ، سـبەینێ وەرەوە هـەر دۆخینـی مـاوە. سـبەینێش کـە دەچـۆوە دەیگـوت: بـەو سـەرەی تـەواو بـووە، بـەس لـە بیـرم چـوو. سـبەینێ، ئەکیـد عەسـرێ وەرە بیبیـەوە و پیـرۆزت بـێ... . پێڵاویـش لـە لای جـەلال جۆبـار و جەلالـی فەقـێ عیسـمەتێ و حاجـی جەمالـی باوکـی هونەرمەنـد عەدنـان هەبـوو، ئـەوکات هەمـووی لـە بەغـدا دەهـات، پێـلاوی ئێرانـی وتورکـی نەبـوون. یـان قۆنـدەر بـوو یـان سـەندەڵی چەرمـی ئەسـڵی.

پۆشـاکی منداڵـە کچـەکان لـە ماڵـەوە ژنـی بەرگـدروو، بـە مەکینـەی دەسـتی، بۆیـان دەدروویـن. دایکیـش هەبـوو دەسترەنگین بـوو بـۆ خـۆی بـۆی دەدروویـن.

پیـاو و ژن و بەسـاڵاچووەکان کەمتـر بـۆ جـەژن جلکـی نوێیـان دەکـرد.

بەڵام یان دەستەجلکی جوان و باشیان هەبوو، تایبەت بوو بەو بۆنانە، یان باشترین دەستەیان بۆ دەشووشتن و بۆیان ئوتودەکردن، لە هەر گەڕەکەی دوو سێ ئوتووی خەڵوزی هەبوو، ئەم ماڵ ئەو ماڵ دەیان خواستەوە.

حەفتەیەک بەر لە جەژن دەبووایا، پیاوان ئەوەی لەسەریانە بیکڕن، وەکو چوکلێت و شەکرۆکە و شەربەت و قەیسی و کشمیش و برنج و شەکرو چا و قاوە... . لەو ڕۆژگارەدا لە کۆیە چەند دوکاندارێک هەبوون، کە شتومەکەکانیان دەرەجە یەک و ممتاز بوون و هێندە سەریان قەرەباڵغ دەبوو، سەری خۆیان بۆ نەدەخووراَ. لەوانەی زۆر ناسراو بوون: واحێدی حەمە شەلی، تایەر عەزیز، حاجی جەمالی باوکی هونەرمەند عەدنان، حاجی زاهیری تایەری مەلا حەبیبی ، فائیقی مام ساڵح و حەمەسوور و پاشا.... چوکلێتەکانیان جۆری قاوە و گەزۆ و شیرینیی دیکە بوون، لە زاریدا نەدەتووانەوە و ددانیان دەگرتی و زوو قومە قاوەت بەسەردا نەکردبووایا هەر پتەو بوو بەڵام زۆر زۆر بە تام و بۆن بوو. جۆرە چوکلێتێکی دیکە هەبوو کە لە هەمووان گرانتر بوو، لە شێوەی شەکرۆکەی پێچراوەبۆو. بەڵام هەنگوینی لەناو بوو. کاغەزی چوکلێتەکانی جاران زۆر جوان و سەرنجڕاکێشەر بوون، ئەوجا چوکلێت هەبوو، لە پسوولە کاغەزێک بەختیشی تێدا نووسراو بۆوە بە عەرەبی. زۆر منداڵ کاغەزی چوکلێتەکانیان لای خۆیان گڵدەدایەوە و بۆ جوانی. شەکرۆکەکان مزر و ترش و شیرین و نەعنا بوون. ئەوکات گژنیژیش هەبوو. ئەوانە بە کیلۆ و بە وقووتو و بە شووشەی جوان جوان هەبوون. هێندێ دوکان شەکرلەمەشیان لە بەغدا و کەرکووکەوە دەهێنا. هەرچی شەربەتەکە بوو، هەر هی پرتەقاڵ بوو لە شووشەی تایبەتیدا بوو، خەست و تیر بوو دەبووایا

ئـاوی تـێ بکـرێ و بگیرێتـەوە. دواتـر جـۆری (شـەربەتی نـادر) پەیـدا بـوو. لـەو سـەردەمەدا، هەمـوو خواردنـەکان جـۆری باشـی ئەفرەنجـی بـوون و کاڵا و خواردنـی ئیرانـی و سـوری و تورکـی نەبـوون.

جگـە لـە ئامادەکردنـی کەرەسـتەی چێشـتی جـەژن. ژنـان، بـە فەقیـر و دەوڵەمەنـد، دوو ئەرکـی دیکەشـیان لەسـەر شـان بـوو، دەبووایـا کولیچـە لـە ماڵـەوە دروسـت بکـەن، کـە بـە گوێـز و بـە خورمـا بـوو، هەروەهـا گوڵەبـەڕۆژە و نـۆک و تۆشـووتی و تـۆ گنـدۆرە و گەنـم ببرژێنـن. جـاران تـۆ شـووتی و گنـدۆرە، وەک ئێسـتا نەبـوو فڕێبدرێتـە تەنەکـەی خـۆڵ، هەمـوو جـوان جـوان پاکدەکرایـەوە هەڵدەگیـرا. ماڵـە ئاغـا و دەوڵەمەندەکانیش بە حوسـنیخان، زەلابیـەوی تایبەتیـان دروسـت دەکـرد، هـەر وەسـتا حەمەدی عـەوڵا جەیـدی لـە کۆیـە ئـەو حوسـنیخانەی دروسـتدەکرد. حوسـنیخان، لـە کانـزا درووسـتدەکرا، قالـب بـوو لـە شـێوەی چوارگۆشـە یـان بازنەیـی، خانـە خانـە بـوو، دەسـکێکی درێـژی هەبـوو، بـەو حوسـنیخانە، زەلابـەی تایبەتیـان لـە نێـو ڕوونـی سـوور دەکـردەوە. کێکـی ئیسـفنج تـازە دەهـات دابـێ، لـە گەڕکـی قەڵاتـێ، هـەر ماڵـی فەرەجوڵـڵای قالبـی ئـەو کێکەیـان هەبـوو، دەبووایـا سـرەی بـۆ بگریـت...

ئەرکـی دووەمـی ژنـەکان، مـاڵ خاوێـن کردنـەوە بـوو، مافـور و بـەڕ و بەڕۆکـە و بەرگـە دۆشـەک و بەرگـە بالیـف بشـوریت و نـاو مـاڵ هەمـوو دەربـێ و گەسـک لێبـدرێ و خاوێـن بکرێتـەوە پـەردە و سـەر مێـز و تەخـت و کورسـی بـە پـاک و خاوێنـی حـازر بکرێـن و کـەل و پەلـی وەکو سـەماوەر و شووشـەوات و لەگـەن و سینی و دەستەباشـی و گومگومـە و مەسـینە و دەستشـۆر دەبووایـە جـوان جـوان بشـۆرێن یـان بسـڕدرێنەوە... .

جـاران، ژنانـی خۆبەخـش، سـاڵانە یەکـدوو جـار، دەچـوون ڕایـەخ و حەسـیرەکانی مزگەوتـی گەورەیـان خاوێـن دەکـردەوە و مزگەوتەکەیـان

گەسک دەدا. ئەو ڕۆژە دەرگای مزگەوت کلۆم دەدرا و دەیانگوت، ئافرەتی لێیە خاوێنی دەکەنەوە، چوونە ژووترەوە نییە.

لای سەرتاشەکان، بەبەر نەدەکەوت بە تایبەتی لە حەفتەی پێش جەژن، ئەوانەی دوکانەکانیان لەسەر شەقامی گشتی بوو، بەشەویش کاریان دەکرد، پڕ دەبوون لە پیاو و گەنج و منداڵ، بەڵام ناوبازاڕ دادەخرا و چۆل بوو.

بابینەوە سەر باسی کۆشت و مریشک. جاران ئەگەرچی کیلۆی کۆشتی بە (٤) دەرهەمان بوو و مریشکیش کە هەر هی کوردی بوو، بەپێنج شەش دەرهەمان بوو. لە ڕۆژی جەژن ئەوانە زۆر عەزیز بوون. ئاخر هەبوو هەر جەژن و جەژن گۆشتی پێ دەکرا. زۆرلەماڵەکانیش لە زستاناندا قاورمەیان هەبوو. دوو سێ ڕۆژی پێش جەژن سەر دوکانی قەسابەکان بەبەر نەدەکەوت و بازاڕ بەگشتی گەرم و دەبوو و هەر کەسەی بەگوێرەی بەڕکی خۆی دەبووایا بۆ جەژن شتێک بباتەوە ماڵ.

هێندێ کەس بە تایبەتی مامۆستا و قوتابی و چینی ڕۆشنبیر، دەبووایا کارتی جەژنانە بکڕن و بەلانی کەم حەفتەیەک زوو تر بیان بەرن بۆ پۆستەخانەوە بۆ دۆست و خزم و برادەرانی بنێرن کە لە شارەکانی دیکەی ئێراق یان لە دەرەوە بوون. نووسراوەکانی سەر کارتەکان، کە وێنەشیان لەگەڵ بوو، بە زمانی عەرەبی بوون، لە بەغداوە داهاتن.

پیرەمێرد و باوکەکانیش، هێندێک پارەیان بۆ جەژنانە خوورد دەکردەوە و هەڵیان دەگرد بۆ یەکەم ڕۆژی جەژنەکە.

ئەوەی نیازی سەفەر و سەردانی خزمانی هەبووایە لە شارەکانی دیکە، ئەوانەی دەیانەویست بۆ سەردان و جەژن بێنەوە کۆیە، ئەوا دەبووایە، ڕۆژانی پێش جەژن سەفەر بکەن، چونکە دواتر ئۆتۆمبیل

بەدەسـت نەدەکـەوت و نەبـوو. لـە کۆیـەش هـەر دوو سـێ ئۆتۆمبیلـی خسووسـی خۆیـان هەبـوو. خـۆ خەڵـک وەک ئێسـتا ئۆتۆمبیلـی خـۆی نەبـوو.

**ڕۆژانی جەژن...**

دووسـێ ڕۆژ بـەر لـە جـەژن، زۆربـەی ئامادەکارییـەکان کرابـوون، نێرینـەکان سـەریان تاشـیبوو، کـوڕو کـچ جلکـی نوێـی خۆیـان لـە لای بەرگـدروو هێنابـۆوە و شـتومەکی پێویسـت کڕابـوون و کولیچـە و شـەربەت و چوکلێـت و تـۆ و شـەکەرات حازرکرابـوون و مـاڵ جـوان خاوێنکرابـۆوە و ئـەوەی نیـازی سـەفەری بـۆ لای خزمانـی لـە شـارەکانی دیکـە هەبـێ، هەمـوو شـتی ئامادەکـرد بـوو.

ڕۆژی عارفـە ـ کـە وایـان بـە ڕۆژەکـەی پێـش جـەژن دەگـووت، عەڕافـات بـوو کرابـوو بـە عارەفـە ــ بـازاڕ جمـەی دەهـات و ئـەوەی شـتێکی مابـێ دەیکـڕی و نەختۆکەکیـش، پاشـنیوەڕۆکەی، نرخـی شـتەکان دادەبـەزی، چونکـە بـۆ چەنـد ڕۆژێـک، دوکانـەکان نەدەکرانـەوە.

جـاران، جگـە لـە ماڵـی کاکـە زیـادی حەماغـای کۆیـە و چەنـد ماڵێکـی کەمـی دیکـە نەبـێ، کـەس حەمامـی ماڵـی نەبـوو، چەنـد ماڵێکیـش سەرشۆرکیشـیان هەبـوو. ژن و پیـاو، دەچوونـە حەمامـی حەسـەناغا و حەمامـی ناوەنـدێ و حەمانـی پیسـکان و حەمامـی جمهـوری ـ دواتـر حەمامـی وەسـتا حوسـێنی نەجاریـش کرایـەوە. سەرشـۆڕک، لـەو بەشـە پێکهاتبـوو کـە لـە ژووری دانیشـتنی خێزانەکـە لا دیوارێکـی بـۆ کرابـوو لەگـەڵ سـەکۆیەکی نەختـێ نـزم و ئـاوەڕۆی هەبـوو، بـە سـتڵ و مەنجـەڵان ئـاوی گەرمیـان دەهێنـا و لـەوێ خۆیـان دەشووشـت،

ئاوەکەیـان لـە حەوشـە یـان لـە هەیـوان بـە چیلکـە و دار گـەرم دەکـرد. پێش مەلابانگدانـی بەیانـی ئـەو ڕۆژە و یەکـەم ڕۆژی جەژنیـش، پیاوەکان لەگـەڵ کـوڕە پارچەڵەکانیـان، بوخچەیـان دەخسـتە بـن هەنگڵـی خۆیـان، لایـت یـان فانۆسـیان بەدەسـتەوە دەگـرت و دەچوونـە حەمامـێ، دوای دەوری سـەعات حـەوت دەبـووە نـۆرەی ژنـان تـا پـاش عەسـرێ، کـە دوای دیسـان دەبـۆوە نـۆرەی پیـاوان. سـەری بـە (٢٠) فلسـی بـوو هـێ منداڵان کەمتـر بـوو، دەوڵەمەندیـش هەبـوو دەرهـەم و دوو دەرهەمـی دەدا و ناتریشـیان مەغـدوور نەدەکـرد. بێگومـان نۆبـووک و زاوا، دەبووایـە، حەقدەسـتی زێتـر بـدەن.

ئـەو شـەوەی کـە سـبەینەکەی دەبـووە جـەژن شـەوێکی عادەتـی بـوو و بـازاڕ ئـەو گـەرم و گوڕییـەی شـەوانی پێشـتری نەدەمـا. لـەو یـەک و دوو ڕۆژە، لـە گۆڕەپانـی حەمامـی حەسـەناغای ــ نزیـک مزگەفتـی مەمحمووداغـای، کۆڵەگەکانـی چەرخوفەلـەک و جۆلانەکانیـان دەچەقانـد. یـەک چەرخوفەلـەک و عادەتـەن سـێ جۆلانـە بـوون. منداڵ خەنـی دەبـوون، هەبـوو دەچوونـە تەماشـایان و خەبەریـان بـۆ یەکتـری دەبـردەوە کـە چەرخوفەلـەک و جۆلانەیـان دانایـە.

لـە یەکـەم ڕۆژی جـەژن، هێشـتا دونیـا بوولێـڵ بـوو، ژن و پیـاو بـە سـەرقەبران دەکەوتن. جـاران، عـادەت نەبـوو ئێـوارەی جـەژن بچنـە سـەر قەبـران، دوای فاتیحاخوێنـدن دەگەڕانـەوە ماڵـەوە، پیـاوە نوێژکـەرەکان، خۆیـان دەگـۆڕی و پۆشـاکی نـوێ و خاوێنیـان دەپۆشـی و دەچوونـە مزگەفتـی گـەورە و ژنەکانیـش خەرێکـی چێشـت لێنانی خۆیـان دەبوون و زوو منداڵەکانیـان لـە خـەو هەڵدەسـتاند و تاقمـی ئیسـتیکان و شـەربەتیان حـازر دەکـرد .

پێـش دەسـتکردن بـە نوێـژ، بـە چەنـد سـەعاتێک، بڵندگـۆی مزگەفتـی

گـەورە، بـە دەنگـی مـەلا عەبدولڕەحمانـی دەسـتی دەکـرد بـە تەکبیـرە لێـدان، ئـەوکات دەنگـی ئـەو بڵندگۆیـە دەگەیشـتە حەمەبایـزان و کافرۆشـیان و خـوار چەمبـەر و لـە هەیبـە سـوڵتانیش بـە ئاسـتەم گوێـت لـێ دەبـوو.

مزگەفتی گەورە، ئەگەر تەروتووشێ نەبووایا، حەوشە و هەیوانەکانیشی پڕدەبـوون، جـا دوای وتـار و نوێژکردن، ئـەو خەڵکە جەژنانەیـان لە یەکتری دەکـرد، دەبـووە قەرەپەسـتە، دەیانەویسـت زوو بگەنـە لای مامۆسـتا و دەسـتی ماچکـەن و جەژنی لـێ موبارەک کەن. پیاوەکان دەسـتی یەکتریان دەگوشـی هەبـوو یەکتـری مـاچ دەکـرد و سـەر منداڵیـان مـاچ دەکـرد و ئەوانیـش دەسـتی گەورەکانیـان مـاچ دەکـرد و بـە یەکتریـان دەگـوت:

ـ «جەژنت لێ موبارەک بی و لە هەزارە جەژنان بی.»

باوکـم، لـە ماڵـەوە، کـە ڕادیۆیەکـی فلیپسـی زۆر جـوان و گـەورەی هەبـوو ـ ئێسـتاش هـەر ماومانـە ـ بەیانییەکـەی زوو قورئانی، لە ئیستگەی بەغـدا، دەکـردەوە و ئاخـر دەنگـی دەدایـە، هەمیشـە لـە ڕۆژانـی جـەژن سـورەتی (التکویـر)ی بـە دەنگـی عبدالباسـط عبدالصمد لێـدەدا و زۆرجـار بڵندگۆیەکـەی مزگەفتـی گـەورەش دەیخسـتە سـەری:

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيم

إِذَا الشَّمْسُ كُوِّرَتْ (١) وَإِذَا النُّجُومُ انْكَدَرَتْ (٢) وَإِذَا الْجِبَالُ سُيِّرَتْ (٣)
وَإِذَا الْعِشَارُ عُطِّلَتْ (٤) وَإِذَا الْوُحُوشُ حُشِرَتْ (٥) وَإِذَا الْبِحَارُ سُجِّرَتْ (٦)
وَإِذَا النُّفُوسُ زُوِّجَتْ (٧) وَإِذَا الْمَوْءُودَةُ سُئِلَتْ (٨) بِأَيِّ ذَنْبٍ قُتِلَتْ (٩)
وَإِذَا الصُّحُفُ نُشِرَتْ (١٠) وَإِذَا السَّمَاءُ كُشِطَتْ (١١) وَإِذَا الْجَحِيمُ سُعِّرَتْ
(١٢) وَإِذَا الْجَنَّةُ أُزْلِفَتْ (١٣) عَلِمَتْ نَفْسٌ مَا أَحْضَرَتْ (١٤) فَلَا أُقْسِمُ
بِالْخُنَّسِ (١٥) الْجَوَارِ الْكُنَّسِ (١٦) وَاللَّيْلِ إِذَا عَسْعَسَ (١٧) وَالصُّبْحِ إِذَا
تَنَفَّسَ (١٨) إِنَّهُ لَقَوْلُ رَسُولٍ كَرِيمٍ (١٩) ذِي قُوَّةٍ عِنْدَ ذِي الْعَرْشِ مَكِينٍ
(٢٠) مُطَاعٍ ثَمَّ أَمِينٍ (٢١) وَمَا صَاحِبُكُمْ بِمَجْنُونٍ (٢٢) وَلَقَدْ رَآهُ بِالْأُفُقِ
الْمُبِينِ (٢٣) وَمَا هُوَ عَلَى الْغَيْبِ بِضَنِينٍ (٢٤) وَمَا هُوَ بِقَوْلِ شَيْطَانٍ
رَجِيمٍ (٢٥) فَأَيْنَ تَذْهَبُونَ (٢٦) إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِلْعَالَمِينَ .»(٢٧) لِمَنْ شَاءَ
مِنْكُمْ أَنْ يَسْتَقِيمَ (٢٨) وَمَا تَشَاءُونَ إِلَّا أَنْ يَشَاءَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ (٢٩)

کە نوێژکەرەکان دەگەڕانەوەماڵەوە. ماڵ و منداڵی خۆیان ماچ دەکرد و هەموویان جەژنانەیان لەیەکدی دەکرد ئەوجا دەستیان دەکرد بە نان خواردن، زۆربەی ماڵەکان بۆ بەیانییەکەی پڵاو برنج و قەیسیان لێدەنا. یەکەم ڕۆژی جەژن، حەوێزییەکان چێشت لێ نانێن و ئاگر ناکەنەوە، غەفوورییەکان نانیان بۆ دەبەن. غەفوورییەکانیش هەر پڵاو ساوار لێدەنێن، ئەویش سبەینان. ئەمەش نەریتێکی کۆنیانە گەر پەیڕەوی نەکەن، گۆیا، ڕەنگبێ کوشتاریان تێدەکەوێ! تا ئێستاش(٢٠٢٢)، هێندێ نەریتی کۆن لە لای خەڵکی کۆیە هەرماوە و پەیڕەویان دەکەن، جا شت هەیە مووژدەهێنەرە و هەشە نەحس و شوومە. بۆ نموونە لە ڕۆژی شەمووان نە بووک دەبەن نە ماڵ

دەگوازنـەوە، دووشـەممان سـەریان ناتاشـن و چوارشـەممانیش کـوڵ ناکـەن... .

منداڵ هەبـوو پێـش نـان خـواردن جلکـەی نوێیەکـەی خۆی لەبـەر دەکرد و بـە پەلـە پـەل خـۆی حـازر دەکـرد، هەمیشـە کچـە عازەبـەکان جلکـی خوشـک و براکانیـان ڕێکدەخسـت و پۆشـتە و پەرداغیـان دەکـردن. ئەوجـا دەبـووە کاتـی بەخشـینی جەژنانـە، منداڵـەکان دەچوونـە لای باوکیـان و ئەویـش لـە باوەشـی دەکـردن و ماچـی دەکـردن و یەکـە یەکـە جەژنانـەی خـۆی دەدانـێ. جەژنانەکـە، بـە گوێـرەی بـەرک و باخەڵـی کەسـەکە بـوو، عادەتـەن یـەک دەرهـەم بـوو، هەبـوو دەرهـەم و نیـو و دوو دەرهەمیشـی دەدا. باوکـم جەژنانـەی دەدایـە هـەر دوو دایکەکـەم، یەکـی یـەک دینـار (ئـەو کات ١ دینـار، پتـر لـە یـەک مسـقاڵ زێـڕی پێدەهـات). جـار هەبـوو نەنکەکانیـش جەژنانەیـان دەدا، بـەڵام دایکـەکان زۆر زۆر کـەم.

لـە دەوری سـەعات هەشـت سـەردانی خـزم و کەسـوکارو دۆسـت و جیـران دەسـتی پێدەکـرد. منـداڵ هەبـوو نەدەچـووە دەرەوە چاوەڕێـی خزمەکانـی دەکـرد جەژنانەیـان لـێ وەرگـرن و بڕۆنـە (جەژنـێ). دراوسـێیەکان جەژنانەیـان نـە دەبەخشـی، خزمەکانیـش، هـەر یەکـەی بـە گوێـرەی هەبوونـی خـۆی، عادەتـەن بیسـت فلـوس و سـێ فلوسـیان دەدا منـداڵان.

پیـاوە ماقوڵاکانـی شـاریش سـەردانی قائیمقـام و مودیـر شـورتە و مودیرمـال و ماڵـی مـەلا و ئاغاکانیـان دەکـرد و جەژنانەیـان لێدەکـردن.

پێش ئـەوەی منداڵـەکان بچنـە دەرەوە، زۆرجـار دایک و خوشکەکانیان جەژنانەکانیـان لـێ وەردەگرتـن و بۆیـان هەڵدەگرتـن، هەبـوو دەخیلـەی گلێنـەی وەک شـەربۆکەی هەبـوو، پارەکـەی تـێ دەکـرد. بڕێکـی کـەم پارەیـان دەدایـە هـەر منداڵێـک تـا بچـێ بـۆ خـۆی خەرجـی بـکات و سـەد

جاریش پێیان دەگوت: «ئاگات لە خۆ بێ بزری نەکەی“.
بەگشتی گەورەکان لە هاتووچۆ دابوون تا نوێژی نیوەڕۆیە، جگە لەسەردانی ماڵی دایک و خوشک و برا و خزم و دراوسێیەکان، دەچوونە ئەو ماڵانەی پرسەی نوێیان هەبوو. جاران جەژن بۆنەیەکی زۆر گونجاو بوو بۆ ئاشتبوونەوەی ئەو کەسانەی کە دڵیان لێک ڕەنجابوو، جا یان کەسە ڕەنجاوەکان بۆخۆیان سەردانی یەکتریان دەکرد یان، کەسێکی دەسمڕاست و ڕیشسپی، بە پێش خۆی دەدان و سەردانی ماڵی کەسەکەی دیکەیان دەکرد.
کە یەکێک دەچووە ماڵێک بۆ جەژنانە لێکردن، دوای تەوقەکردن و شانی یەکتر ماچ کردن، بۆ ماوەی یەک دوو جگەرەکێش دادەنیشتن، ژنەکان و کچەکان لە شووشەواتی جوان چوکلێت و شەکرۆکەیان دەهێنا، ئەوجا چا و شەربەت لەسەر دەستە باشی جوان و کولیچە و کێکی بە کونجیان دەهێنا، قاوە زۆر باو نەبوو. زۆرجار میوانەکان هەر شتێکیان دەخوارد و دەخواردەوە، چونکە لە هەموو ماڵەکان شتەکانی پێشکێش دەکران زۆر لەیەک دەچوون. میوە و میوەجاتیان نەدەهێنا .
هەر لە بەیانییەکەی، پێش نیوەڕۆ، زبڵچی لە دەرگا دەدا و بەبێ ئەوەی هیچ بڵێ، چونکە دەیاناسی زوو جەژنانەی بۆ دەبرد و دەدایە. بەهەمان شێوە، دەهۆڵکوتیش کە زۆربەی جار دوو کەس بوون، بۆ جەژنانە ماڵ بە ماڵ لە دەرگایان دەدا. دەبێ جەژنانە بدرێتە ئەو دووانە و نابێ بەدەستی بەتاڵ بەڕێ بکرێن. دەهۆڵوتەکان هەر لە جەژنی ڕەمەزانی دەچوون جەژنانە وەرگرن.
جاران سەردانی ئەو پیرێژن و پیرەمێردانەشیان دەکرد کە تەنیا و بێکەس و هەژار بوون و شتێکیشتان بۆ بەجێدەهێشتن. بێ گومان لە خواردن و چێشتیش بێ بەشیان نەدەکردن، بەهەمان شێوە سەردانی

ماڵـە نەخـۆش و پەککەوتووەکانیشـیان دەکـرد. جـاران ئەوانـەی بێکـەس بـوون، ئاشـی نیوەڕۆیـان لەسـەر ماڵـە درواسـێیەکان بـوو، جـار هەبـوو چـوار پێنـج ئاشـیان بـە یەکجـار بـۆ دەچـوو، وەک ئێسـتا نەبـوو، خەڵـک ڕیزیـان لێدەگرتـن و چاودێرییـان دەکـردن.

پیرۆزتریـن و بەنرختریـن و خۆشـترین میراتـی سـەردەمی منداڵـی بیـرەوەری و یادگارییـە کـە تـا دوا هەناسـە هاوڕێـی وهاودەمـی مرۆڤـە. ڕۆژگاری ڕابـردوو لێـوان لێـو بـوو لـەو یـاد و یادەوەرییانـە، هـەر بۆیـە نوسـتالۆژیا و حەنینـی ئێمەمانـان بـۆ ڕابـردوو ئێسـقان دەسـووتێنی و دڵ هەڵدەقرچێنـێ. هەمیشـە ئـەو پرسـیارە لـە خـۆم دەکـەم: دەبـێ منداڵانـی ئـەم ڕۆژگارەی ئێسـتا، بـە چ چاوێـک دونیـا ببیـن و دەبێ هیـچ بنبێژینگێکـی یادەورییـان بـۆ بمینێتـەوە تـا لـە بـن باخەڵـی هزریانـدا بـۆ ئاینـدە هەڵیگـرن؟ زۆرجـار بەزەیـم پێیاندادێتـەوە. ئاخـر، مەحاڵـە ئـەوان لـە تـام و چێـژ و بـۆن وبەرامـەی ڕۆژانـی جـەژن زەوق وەرگـرن، کـە ڕۆژەکانـی، هەمـان ڕۆژەکانـی دوێنـی و سبەینێ بـن، سـەردەرزییەک گۆڕانـکاری تێـدا نەبـێ و شـتێک نەبـێ لـە ڕۆژەکانـی دیکـەی جیایـان بکاتـەوە.

بنەماکانـی یادەوەریـی، شـوێن و کات و ڕووداوە، کـە ئـەو سـێ مژارەش نەگـۆڕ بـن، ئـەوا یادەوەریـی یەکسـان دەبـێ بـە سـفر. بـۆ ئێمـە ڕۆژانـی جـەژن خـۆش بـوو، زۆر دوور و درێـژ بـوو، پـڕ بـوو لـە یـادەوەری، چونکـە شـوێنەکەی میلیمەتـر بـە میلیمەتـر جیـاواز بـوو، وەک فلیـم لـە سـەر تۆمارگـەی مێشـک کۆپـی دەبـوو. کاتەکـەی، ڕۆژانێکـی جیـاواز بـوو لـە مـەلا بانگدانێـوە تـا خەوتنـان، یادەوەرییەکانیشـی تێکەڵەیـەک بـوون لـە دیمـەن و ڕەسـم و دەموچـاو و دەنـگ و ڕەنگـی تـۆخ تـۆخ... چ قودرەتێـک هەیـە، دەنگـی سـابیر حەلوامـان لـە بیـر بەرێتـەوە، کـە چەرخوفەلەکـی

دەسـوڕاندن و هـاواری دەکـرد: « وەرن بگەنـێ... هـەر ئەوڕۆمـان مایـە... سـاحێبی ژن دێنـێ.» چ هێزێـک دەتوانـی فڕەفـڕ و ڕەنگەکانـی فڕفڕالەکانـی ئیسـماعیلی سۆفی حەمـەدی جۆڵامـان لـە بیـر بەرێتـەوە؟ چۆن دەتوانیـن تامـی ئـەو گـەزۆ و کونجـی و لەبزینـەی مـام هۆمـەری لـە زارمـان بشـۆینەوە... چـۆن ... و چـۆن ...و چـۆن... .؟

ئێسـتا لـە پانۆڕامـای یـەک ڕۆژی جـەژن، نـەوەی نـوێ دەتوانـێ جیاوازییەکانـی ئـەو ڕۆژە پیـرۆزەی جـاران و ئیسـتا بـە چـاوی خـۆی ببینـی. ئاخـر، ئـەو شـوێنانەی منداڵەکانـی ئیمـڕۆ بـۆ بەسـەربردنی جـەژن ڕووی تێدەکـەن، دوێنـی ئیواریـش هـەر لـە وێ بـوون... هیـچ نوێکارییەکیـان تێـدا نییـە... ئەوجـا پۆشـاک و خـوارن و خواردنـەوە و خەڵکەکـەی دەوروپشـتیتان هەمـان شـانۆگەرییەکەی دوێنێیـە و لێـی تێربـوون.

دوای وەرگرتنی جەژنانەوە و سـەردانی هێندێ لەخزمان، دەستە دەستە منداڵـی گەڕەکـی بـەرەو گۆڕەپانـی حەمامـی حەسـەناغای بەڕێدەکەوتـن، زۆربـەی جـار کـوڕەکان پێکەوە و دەسـت خوشـکەکانیش پێکەوە، خوشـک و بـراش هەبـوو لێکـدی جـوودا نەدەبوونـەوە، هەبـوو تـەواوەک عازەبـان بـوو. گـەورە لەگەڵیـان نەدەچـوو و ئـەوان ئـازاد و سەربەسـت بـوون، بەڵام زۆر زۆر ئامۆژگارییـان دەکـردن، تـا ئـەو ڕادەیـە منداڵ هەبـوو، دەسـتی لـە باخەڵـی دەرنەدەهێنـا و تونـد تونـد دەرهەمەکـەی لـە نـاو مسـتی دەگـرت. ڕووبـەری ئـەو کایەیـە، لـە نزیـک مزگەفتـی مەحمووداغـاوە بـوو تـا نزیـک بـەردەم سـەرای کـۆن ـ فولکـەی حاجـی قـادری ئێسـتا. جگـە لـە دوکانەکانـی بـازاڕە گچکەلـەی گەڕەکـی بایزاغـا و دوکانەکـەی سـوفی سـەلیمی لـە گەڕەکـی قەڵاتـی و دوکانەکـەی یـا عەنیفـی قـادری لـە گۆڕەپانـی جاسـماغای، ئـەوەی دوکانـی شـار بـوو داخرابـوو، سـوێندم لـە

یەک دوو دوکان نەکەوێ کە شتی منداڵانیان دەفرۆشت و نزیک بوون لەو گۆڕەپانە.

کە دەگەیشتیە ئەو گورەپانە، چیت دەدیت؟ جا چمابوو نەیبینی! چمابوو گوێت لێ نەبێ و کەس هەبوو لەوێ حازر نەبێ! دەبووایا بە شانان رێی خۆت بکەیتەوە و بچیتە ناو قۆمرغانە گەورەکە، جا لە هەر لایەک، قۆمرغانەیەک هەبوو خواخوات بوو زوو بگەیتێ و بزانێ لەوێش چ دەگوزەرێت.

دیارترین و سەرنجڕاکێشترین، دیمەن، چەرخوفەلەکەکەی سابیر حەلوا بوو، کە دەرستکردی وەستا عومەری نەجار بوو، و (٤) جووت کورسی هەبوو و هەموو باڵ و شانەکانی بە بۆیەیی ڕەنگاو ڕەنگی تۆخ بۆیە کرابوو. هەر لە ڕۆژانی جەژن دایاندەنا و دواتر هەڵیان دەگرتەوە بۆ جەژنێکی دیکە. سێ جۆلانەی داریش هەبوو. سابیر حەلوا و عەزیزی حەماڵ، جاڕیان بۆ چەرخوفەلەکەکە لێدەدا: «وەرنەوە... هەر ئەوڕۆمان مایە... ساحێبی ژن دێنی» نەفەری بە (١٠) فلوس بوو هەر کورسییەیی دوو منداڵ لەسەر دادەنیشتن، کوڕ و کچ سواری دەبوون، بەڵام جۆلانەکان، پتر هەر کچەکان حەزیان لێ بوو، ئەویان نەفەری بە (٥) فلوسان بوو. ئەوانەی منداڵەکانیان سواردەکرد، زۆر ڕووخۆش و خۆشڕەفتار بوون، منداڵەکانیان بە جوانی سوار دەکرد و دادەبەزاند. نەم بیستووە قەت کەس ئازارێکی پێگەیشتبێ. (ئەو ڕووداوەی کە جۆلانەیەک کەوت و یەک دوو منداڵ بوونە قوربانی، هی ئەو ساڵانەی دوایی بوو، بەداخەوە). دەتوانین بڵێین، زۆربەی منداڵەکان سواری ئەو چەرخوفەلەک و جۆلانانە دەبوون، ئەوجا یەک یەک بەسەر شتومەکە نمایشکراوەکانی دیکەدا دەگەڕان.

با لە نزیک فولکەی حاجی قادری کۆیی، لە تەنیشت ستۆدیۆیەکەی چنارۆکەوە دەست پێبکەین. لەسەر ئەرزی دوو سێ کەس یانسیبیان دانابوو، ئەوەیش بۆ منداڵان و بۆ هەرزەکارەکان بوو، پتر هەر کورەکان لێیان خڕدەبوونەوە. یانسیبەکە هەشت گۆشەیەکی بەقەد سینیەکی مام ناوەندی بوو، لە تەختە درووست کرابوو، لە ناوەندەکەی دەسکە نێرکێک هەبوو، وەکو دەسکی دەستاڕ، و باسکێکی بە بزمارك بەسەروە بوو، سەرێکی ئەو باسکە، کە بەسەر سینییەکە دەخولایەوە، چەند مۆرییەکی، بە داوێک پێوە شۆڕ ببۆوە، جا هەر خانەیەکی ئەو یانسیبە شتیکی لەسەر داندرابوو، وەکو: کامیرەی فلیم نیشاندان، ئەنگوستیلەی منداڵان، ترومبێلۆکەی جوان جوان، قەڵەم پاندان، سعاتی باغەی دەستی، شووشە بۆن، فیتفیتەی گران، لە خانەیەکێک بڕێک پارەیان دادەنا. هەرچی ئەوەی هەرزەکارەکان بوو، پتر پاکەتە جگەرە و چەخماخ و قەڵەمبڕ و پارە بوو. جا هەر منداڵەی پارەکەی خۆی دەخستە سەر یەکێک لەو شتانەوە، کابرای یانسیبیش باسکەکەی دەسووڕاند و دەخولایەوە تا باسکی مۆرییەکان لەسەر شتێک ڕادەوەستا، ئەو کەسە براوە دەبوو، جاریش هەبوو لە نێوان دوو خانە ڕادەوستا، بەوەیان دەگوت (وەڕتە) و دەبوویا دیسان لێیدەنەوە ــ واتا باسکەکە بسوڕێننەوە.

زۆربەی شتە نمایشکراوەکان لەسەر ئەرزی ڕیزکرابوون، هەشبوو تەخت و مێزی دانابوو، لەسەر چوارپایەکی دار، کە قاچەکانی وەک مەقەست تێکپەڕاندبوو، کابرایەک، لە کانزا سندوقێکی دروستکردبوو (٤) یان (٦) خانە بوو، هەر خانەی خواردنێکی تێدا بوو، وەک قیسی، کشمیش، مێووژ و کونجی و ئەو شتانە، بە (٥) فلوسی، هێندێک لەو

خواردنانـەی، کـە تـۆ داوت کـردووە، لـە سـەری پارچـە دارێکـی، وەک مەستەڕە، دادەنـا و دەبوایـا تـۆش زارت بکەیتـەوە، ئـەو بەدەسـتی خـۆی قەسـییەکەی، بـۆ نموونـە، دەخسـتە زارت. بەڕاسـتی، کـە ئێسـتا ئەمـە تۆمـار دەکـەم، تامـی ئـەو قەیسـی و کشمیشـەم لـە بـن زارییـە، بـاوەڕ بفەرمـوون، زۆر خـۆش بـوو، چونکـە هـەر لـەو ڕۆژە ئـەم شـتە هەبـوو تـا جەژنێکـی دیکـە دەبووایـە چـاوەڕوان بکـەی.

لـە تەنیشـت ئـەو، وەسـتا عەبـدوڵای حاجـی مـام سـارحی. لـە سـەر مێزێکـی دوو شووشـەی گـەورەی لە شـەربەتی مێـووژ دادەنا، شووشـەکان بەلوعەیـان هەبـوو و چەنـد قالبـە بەفرێکـی چاڵـە بەفرانـی لەژێـر گونییەکـەی تـەڕ دادەپۆشـی. پەرداغـی شـەربەتی بـەو بەفـرە خۆشـە بـە (٥) فلوسـان بـوو.

لـە نـاو ئـەو گۆڕەپانـەش، سمایلی فڕفراڵـەی هـەر هاتووچـۆی بـوو. ئـەو لـە سـەرە بەرچیغێکـی درێـژ، دەیـان فڕفراڵـەی کاغـەزی ڕەنـگا و ڕەنگـی لـە نـاو ئـەو تۆپەڵـە پووشـە چەقاندبـوو کـە بەسـەری بەرچیغەکـەوە بەسـتبووی. ئـەو بەرچیغەکـەی دەخسـتە سەرشـانی و وەک ئـاڵا بـە دوو دەسـتان دەیگـرت، خـۆی بـە کاغـەزی ڕەنـگاو ڕەنـگ و تەلـی سیپەیچا، ئەو فڕفراڵانـەی دروسـت دەکـرد. هەمیشـە بـە دەنگێکـی نـەرم و لـە سـەرەخۆ دەیگـوت:» فڕفراڵـە بـە عانەکـی.« ــ بەداخـەوە ئـەو پیـاوە فێـێ هەبـوو، هێنـدێ منداڵ لێـی دەترسـان، چونکـە جـار هەبـوو فێیەکـەی دەگـرت و لـە عـاردی دەگـەوزی و خێرەومەنـدان زوو پێـی ڕادەگەیشـتن ــ.
مـام هومـەر، مەعجـون و گـەزۆ سـپی و کونجـی سووروسـپی هەبـوو لـە گـەڵ لەبەزینـەی، پێنـج مەعجـون بـە عانەکـی بـوو، دوو پەنجـە کونجیش،

بـە عانەکـی بـوو. هەرچـی بەکـرە سـیخن بـوو هـەر مەعجونـی هەبـوو. ئـەوان بۆخۆیـان لـە ماڵـەوە ئـەو شـتانەیان دروسـت دەکـرد.

چەنـدان سـینە شـرووبی سـوور و زەرد و کەسـک لەسـەر دەستەباشـی و سـینی گـەورە گـەورە ڕیزدەکـران. ئەوجـا دەبوایـا بـە پەنجـەی ئـەو شـرووبانە لـە نـاو ئاردەکـەی وەردەیت و بیخەتـە زارت، منداڵـی حەرامزادە هەبـوو بـە قەسـتی یـەک دوو شـرووبی لـە گـەڵ پەنجـە هەڵشـێلانەکە، دەشـکاند و ئەوانیشـی تێکـەڵ بـە (٥)کـەی خـۆی دەکـرد و لرفـی دەکـرد. (٥) شـرووب بـو عانەکـی بـوو.

نەختـێ لـەو لاتـر، لەسـەر سـینییەک، جـۆرە شـەکرۆکەیەکی ڕەنـگاو ڕەنگـی ڕەق ڕەقیـان دروسـت کردبـوو، لـە شـێوەی کۆتـر و مامـز و کەروێشـک و بولبـول و ماسـی و ئـەو شـتانە بـوون، یەکـی بـە عانەیەکـی بـوو، کـە دەتخـوارد، وەکـو سـەهۆڵ کرمـە کرمـی دەهـات و زۆر خـۆش بـوو. ئەمەشـیان هـەر لـە ماڵـەوە دروسـت دەکـرد.

ئەگـەر لـە جـەژن، یـەک دوو قـاپ یـان یـەک دوو پسـکویتی قوچـەک، لـە دۆندرمەکـەی وەسـتا مستەفای دوندرمەچـی نەخواردبایـە، وەک ئـەوە وابـوو، جەژنـەت نەکردبـێ. ئـەو عارەبانەیەکـی سـێ تایـی بچووکـی هەبـوو و مەنجەڵـی دۆندرمەکـەی لەنـاو بەرمیلێکـی لـە دار دروسـتکرابوو، بەفـری خۆمانـی تێدەکـردو، هەمیشـە بـە دەسکەکەی سـەری مەنجەڵەکـە، دەسـوڕان، تـا پتـر سـارد بـێ و نەتوێتەوە. هەمـوو شـتەکانی خۆماڵی بوون و دەسـتکردی خـۆی بـوو. دۆندرمەکەشـی هـەر سـپی بـوو، ڕەنگاوڕەنـگ پەیـدا نەببـوو. تاکـە عارەبانـە بـوو لـە شـاری کـە چەتـری لەسـەر سـەری هەبـێ ئەویـش لـە تەختـە درووسـت کرابـوو. وەسـتا عومـەری نەجـاڕ ئـەو

عارەبانـەی دروووسـتکردبوو.

هێنـدێ لـە عەتارەکانـی بازاڕیـش، شـتومەکی خۆیـان دەهێنایـە ئـەو گۆڕەپانـە، وەکـو شـانە و ملەوکانـە و جۆرەهـا بازنـەی شووشـە و باغـە و شووشـە بـۆن و شـەبقە و پشـتیند و ترمبێلۆکـە و مەدالیـا و زنجیـری ورد و ئامێـری مۆزیکـی وەک شمشـاڵ و فیتفیتـە و دوزەڵـە و ئامێرێکـی مۆزیـک هەبـوو بـە لێـوت دادەهێنـا و فـووت تێدەگـرد. جـاران گەنجـەکان، پیاویـش هەبـوو، زنجیـری کانـزای دنـک ورد وردی بەدەسـتە و بـوو لـە جیاتـی تەسـبیح.

لـەو سـەردەمەی مـن باسـی دەکـەم، هێشـتا کاڵا و شـتومەکی ئیـران و تورکـی و سـووری بازاڕیـان داگیـر نەکردبـوو، هەمـوو شـتەکان لـە بەغـدا و موسـڵ و کەرکـوک دەهاتـن.

لەوبـەری سـتۆدیۆی چنـارۆک، یـەک دوو سـەیارەی لاندکـرۆزەری سـەرکراوە، ڕادەوەسـتان، منداڵیـان سـوار دەکـرد، لـە فولکـەی حاجـی قادرییـەوە دەچـووە فولکـەی سـەرباغی و دەهاتنـەوە.... نـاوە ناوەشـە تـا لای قەسـری کاکـە زیـادی دەچـوون، نەفـەری بـە (١٠) فلوسـان بـوو، منداڵـەکان چەپڵەیـان لێـدەدا و گۆرانیـان دەگـوت.

لـەو گۆڕەپانـە قەڵەباڵغـە، زۆر شـتی دیکـەش نمایشـدەکرا، وەکـو حەلـوا پووشـکە و حەلـوای زەرد و نانـی قیسـی و و نانـی کونجـی و حەلقـوم و پسـکویت و کێـک و شـەکرلەمەی مۆسـڵ. لـە وەرزی خۆیانـدا، سـێو و پۆرتەقالیـش ...تـاد. شـتیش هەیـە مـن لـە بیـرم نەمـاوە، بـەڵام ژاوە ژاو و هـات و هـاواری ئـەو منداڵانـە، کـە هەمـوو هـەر خۆشـی و دەربڕینـی نـاخ بـوو، هـەر لـە گوێمـدا دەزرێنگێنـەوە. جـاران سـێو و پورتەقـاڵ بـە دەگمەن دەبینـرا، زۆرتـر ماڵـە خـودا پێـداوەکان دەیانکـڕی، یـان بـۆ نەخۆشـانیان

دەکڕی. مۆز هەر نەبوو.

لای نیوەڕۆ، هێواش هێواش، منداڵەکان بەرەو ماڵ دەبوونەوە، کە دەگەیشتنە ماڵەوە شڕو شیتاڵ و و خاووخلیج بوون، هەبوو پشتێنی کرابووە، دۆخینی شەرواڵی شل ببۆوە... کچ تۆقەی سەری لێ کەوتبوو، جیزدانی دەستی بزرکردبوو.... هەموو ماندوو بوون و دەبووایا چییان کردوە چییان خواردووە، یەک بە یەک بۆ دایک و باوک و خوشکە عازەبەکانیان بگێڕنەوە لە ماڵەوە.

جگە لەو ماڵانەی کە بۆ بەیانییەکەی چێشتیان نەکردبوو، زۆربەی ماڵەکان، بۆ نیوەڕۆ، هەر پاشماوەی بەیانیان گەرم دەکردەوە و دەخوارد. دوای دوو سێ سەعات. شەک لە نوێ، منداڵەکان بەرەو گۆڕەپانی حەمامی حەسەناغا، بۆی دەردەچوون.

بە گشتی ژنەکان و کچە عازەبەکان پاشنیوەڕۆ بۆ سەردانی خزم و کەس و کاریان لە ماڵ دەردەچوون، پیاوەکانیش نەختێ لە کۆڵان و بازاڕە گچکەلەکان کاتیان بەسەر دەبرد و، دواتر هەمووی دەستە دەستە دەچوونە پیاسەکردن. شەویش میوان و میوانداری هەبوو، بەڵام بازاڕ و چایخانە نەبوو.

لە دووەم ڕۆژی جەژندا، چەند چایخانەیەک و دوکانێک دەکرانەوە و منداڵەکان، هەر وەکو ڕۆژی یەکەم، کاتەکەیان بەسەر دەبرد. لە سێیەمین ڕۆژی جەژن تاق و لۆقە دوکان دەما نەکرابێتەوە، خەڵکیش تەڕە و سەوزە و میوە و ماست و پەنیر و و ئەو شتانەی لە ماڵ نەدەما، بازاڕ تا ڕادەیەک گەرم و گوڕی تێدەگەڕاوە. ڕۆژانی دواتر، جۆلانە و چەرخوفەلەکەکەیان هەڵدەگرتەوە، تا جەژنەیەکی دی.

هەبوو لە پاشنبیوەڕۆی دووەم و یان سێیەمین ڕۆژ، دەچوونە سەیرانی

حەمامـۆک و کانییەقـەرە و ئۆمەرخوچـان و چەمبـەرە و هەرمۆتـە... بێگومـان هەمـووی بـە پێیـان، سـەیارە نەبـوو .

.

دوای، جـەژن ، پۆشـاک و جلکـی منداڵـەکان هەڵدەگیرایـەوە، چـاوەروان دەکـرا بـۆ سـاڵی نـوێ خوێنـدن لەبـەر بکـەن، هەشبوو هـەر لەبـەری دەکرد. بـازاڕی سـەرتاش و بەرگـدروو نەختـێ لـە کزی دەدا.

بـەم شـێوەیە... سـاڵەکان... جەژنەکانیـان لەگـەڵ خۆیـان دەهێنـاو، خەڵکەکـەش بـەم شـێوەیە پێشـوازیان لێدەکـردن و بـە ئەرکـی خۆیـان هەڵدەسـتان.

ڕێورەسـمی جەژنـی قوربانیـش هـەر وەک جەژنـی ڕەمـەزان بـوو، بـەڵام قوربانـی تێـدا دەکـرا. وەک پێشـتر ئاماژەمـان پێـدا.

لـە هەڕەتـی شـەڕی ئێـران – ئیـڕاق (١٩٨٠ – ١٩٨٨)، دواتریـش، کارەسـاتی ئەنفـال و هەڵەبجـە، ئاسـەواری سـارد و سـووڕی و خامۆشـیان بەسـەر ئـەو دوو جەژنـەدا هەبـوو، خەڵکەکـە قوربانـی زۆری دابـوو و جەرگسـووتاو بـوو. دەسـتە دەسـتە ڕەشـپۆش و دەچوونـە سـەر قەبـران، ئـەو زەقترین دیـاردەی ئـەو جەژنانـە بـوو، بـە ژن و بـە پیـاوەوە.

بـەلام دوای ڕاپەڕینـی (١٩٩١)، جگـە لـەو دژوواری و زێقەتییـەی دوو سـێ سـاڵی یەکـەم، کـە حاڵـی خەڵکەکـەی پـەرۆش کردبـوو و خەڵـک زۆر دەسـتکورت بـوو، دواتـر، وردە وردە، جەژنـەکان گـەرم و گوڕییـان بـە خۆیانـەوە بینـی.

زۆربـەی منـداڵ و کـچ و ژن، پۆشـاکی نوێیـان دەپۆشـی و دەچوونـە سـەیرانان و سـەفەرکردن بـۆ هاوینەهـەوار و شـارەکان، دوای زۆر بوونـی ئۆتۆمبیـل و گەشـانەوەی خەڵکەکـە، بـووە بـاو. پتـر قوربانـی دەکـرا، لـە جەژنـی قوربـان و خێـر و خێـرات زۆرتـر بـوو، حـزب و کۆمەڵـە

ئیسلامییەکان، بای خۆیان، لەو گۆڕانکارییەدا ڕۆڵیان هەبوو، کۆمەکی هەژار و دەستکورتەکانیان دەکرد.

چونکێ سەفەرکردن زۆر بوو و و شاری یاری منداڵان، پەیدا بوو، گۆڕەپانەکانی جەژنانی جاران جۆرە ساردییەکی پێوە دیار بوو، لە کۆیە لە جیاتی ئۆتۆمبیل، منداڵان سواری گوێدرێژ دەبوون، بە پارە. "لە گوندەکانی وراتی کۆیە، جەژنە تەنیا بریتی بوو لە نوێژی جەژن و چێشتلێنانی بەیانی کە زۆرەبەی جار پڵاوساوار و قبوڵی بووە، کەمتر پڵاوبرنج بووە، ئەوەندەی بۆشیان کرابێ گۆشتی لەگەڵ بووە. ئەوجا سەردانی ماڵی یەکترییان کردووە، خزمەکانیش دەچوونە گوندەکانی دەرودرواسێ بۆ پیرۆزکردنی جەژن، هەر ئەوکاتە خێزانەکانیان لەگەڵ خۆیان نەدەبرد، ئەگەر سەردانی ماڵی خزمانیان بکردبایە. دەنا هەر مەلا و شێخ و سەید و پیاوەکان دەچوون. منداڵ، جەژنانەی نەبوو. ئەگەر بکرابایە شەرواڵێک یان کراسێکیان لە خام یان لە جانگ بۆ دەکردن. ژن و پیاوەکان هەر جلی خۆیان دەپۆشی کە پێشتر دەیان شووشتن تا پاک و خاوێن بن. لە گوندیش، سبەینە زووەکەی دەچوونە سەرقەبران بۆ فاتیحە خوێندن.»(دێدەوان ٢٠٢٢)

پێشمەرگەکان، لە بارەگاکان، هەوڵیان دەدا، بۆخۆیان ڕۆژەکە بکەنە جەژنە. خواردنیان پتر نیسک و نۆک و ساوار و خورما و ڕوون بووە، گۆشت زۆر کەم هەبوو. ئەگەر ئیمکانییەت هەبووایە، هەوڵدەدرا گیسکێک بکڕدرێت و پڵاوبرنج لێبندرێ. پشتوانی مام هەمزە دەڵێ:»ئەو پێشمەرگەی لە خوارەوە، یان لە جەولە بوو هیچیان نەدەکرد، جلک و پێڵاوی نوێ نەبوو. زۆرجار پێشمەرگەی سەرکردایەتی پێش جەژن، مۆڵەتی وەردەگرت و دەهاتە خوارێ بۆ دۆڵە ڕەقە، ئەوێ ئەمین و ئەمانەت بوو، کەسوکار بۆ جەژن دەهاتنە ئەوێ و خواردنیان بۆ

دەهێنـان.  بـەڵام لەدەشتی کۆیـە، پێشـمەرگەی گونـدەکان، سـەردانی مـاڵ و منداڵـی خۆیـان دەکـرد و کـەس و کاری ئێمـەش، جاروبـار لـە شـارەوە دەهاتـن، دەنـا ڕۆژی جـەژن بەسـەر ماڵانـی گونـدی  دابـەش دەبوویـن ، جـا چونکـێ خەڵکـی گونـدی، پشـتیان بـە مـەلا دەبەسـت بـۆ زانینـی شـەوی جـەژن، ئێمـەش دەچووینـە ئـەو گونـدەی کـە دەیـان کـردە جـەژن. بـۆ ڕۆژی دوای دەچووینـە گوندێکـی دیکـە، کـە لـەوێ یەکـەم ڕۆژی جـەژن بـوو. زۆریـان خواردنـی جەژنیـان لێدەنـا و گۆشـت و سـاوار بـوو هەشـبوو پـڵاو برنجیـان لێدەنـا و بـە نسـیب دەبـوو. «(پشـتیوان ٢٠٢٢).

بـە گوێـرەی زرووف و کـەش و هـەوای سیاسـی و سـەربازیی عێـراق، جـار هەبـوو ڕژێـم ڕێـگای دەدا کەسـوکاری زیندانییـەکان  بچنـە سـەردانی یـان بینینـی کەسـە گیراوەکانیـان، لـە بەندیخانەکانـی هەولێـر و موسـڵ و کەرکـووک و ئەبوغریـب. دەبووایـا چەنـد ڕۆژ زووتـر کـەس و کارەکانیـان خۆیـان ئامـادە بکـەن و بەڕێبکـەون، چاوپێکەوتنەکانیـان هـەر سـەعاتێکی دەخایانـد و نـە دەخایانـد، ئەوەیـش بـۆ هەمـوو بەندکراوێـک نەبـوو، پتـر بـۆ ئـەو کەسـانە بـوو کـە حکومیـان بەسـەردا بڕابـۆوە.

## جەژنی مەولودی نەبەوی:

لـە کۆنـەوە، ئـەو جەژنـە لـە کۆیـە یـادی کراوەتـەوە،  وەک جەژنێکـی ئایینـی کۆمەڵایەتـی. لـە گەڕەکەکانـی شـار،  دوو جـۆرە مەولـود، لـە ماڵەکانـدا، لـە لای مەولودخوێنـی ژن یـان پیـاو،  دەخوێندرایـەوە، مەولـودی  ژنـان، وە مەولـودی پیـاوان. بۆنەکـە گـەرم دەبـوو چـای و قـاوەی تێـدا دەگێـردرا و تەنزیلـەی تێـدا دەرخوێندرایـەوە  و بەسـتە و غەزەڵیشـی تێـدا بـە گۆرانـی دەگوتـرا، کـە زۆربەیـان تەواشـیحی دینـی بـوون. هاوینـان، زۆربـەی جـاران،  دوای نوێـژی مەغریـب، مەولـود لەسـەر

بـان دەخوێندرایـەوە، بـە ڕیـز دۆشـەگ و بـەڕە ڕادەخـرا و چـەنـد گلۆپێـک هەڵدەواسـرا و خـەڵکێـکـی زۆر داوەت دەکـران، چێشـت ئامادەکـرا و سـفرە ڕادەخـرا و سـەماوەری گـەورە جۆشـدەدرا. جگـە لـە چـا و شـەربەت و ئـاو، جگەرەشـیان دەگێـرا. لـە مەولـودە گەورەکانـدا، ئـەو کەسـانە تەنزیلەیـان دەخوێنـدەوە کـە بـە دەنگخـۆش ناویـان دەرکردبـوو، وەکـو باقـی حـەلاق و حەمەدەمینـی عەباسـی و حەمـە بگرەز و ئیسـماعیلی سـمایل چاوشـینی ...تـاد. بێگومـان لـە نێـوان بڕگەکانـی مەولـود خوێندنەکـە، تەواشـیح و بەسـتە و غەزەلیشـی تێـدا دەگوتـرا. هێنـدێ لـە مـەلاکان، وەکـو مـەلا ئەحمـەدە کـوێرە، بۆخـۆی دەنگـی خـۆش بـوو و لـە هونـەری گوتـن شـارەزا بـوو. مەولودخوێـن، هـەر نیـو دینارێکـی دەدرایـە و تەنزیلەخوێنیـش بـە خواڕایـی بـوو.

بـەڵام مەولـودی ژنـان، دەمـەوە عەسـران، هـەر لـە ژوور و هەیوانـان بەڕێوەچـووە. جـاران قـەت مەولـود لـە مزگەوتـان نەدەخوێندرایـەوە. مەولودخوێنـەکان هەمـووی خەڵکـی کۆیـە بـوون. ژنـە کۆییـەکان دوو جـۆرە مەولودیـان دەکـرد، هەبـوو مەولودخوێنـی دەهێنـاماڵەکـەی خـۆی، جـا مەولودخوێنەکـە ژن بووایـا یـان پیـاو، خەڵکـی داوەت دەکـرد و تەدارەکـی گـەورە و زۆری بـۆ ڕێکدەخسـت. ژنـان کـە دەهاتنـە مەولـود جوانتریـن پۆشـاکی خۆیـان دەپۆشـی. چـەنـد ژنێکیـش خۆبەخشـانە لـە نزیـک مەولـود خوێـن دادەنیشـتن بـۆ تەنزیلـە خوێندنـەوە. جـۆری دووەمـی مەولـود، لـە ماڵـی مەولودخوێنەکـە بەبـێ داوەت و داوەتـکاری بەڕێوەدەچـوو. ئەوەیـان بـۆ هاتنـەدی مـراز و مـرادان بـووە. ژنەمەولودخوێـن هـەر (٢٥٠) فلـس ـ ڕوبعـە دینارێکـی دەدرایـە.

لـە ژنەمەولودخوێنـە ناسـراوەکانی کۆیـە، ئـەو ناوانەمـان دەسـت کەوتـووە: حەبـاوی ئامینـەی عـەولا جەیـدی، فەقـێ گوڵـێ خێزانـی

نەجیباغـای، سـەبیحەی خـدر کێشـکەی، بەهیـەی حەوێـز جەگەنـی، فەزیلـەی سـمایلاغای، شـلێری هاوسـەری ڕەفیقـی ئەمیـن سـەمەنی. (شـەورۆ، ٢٠١٥. ل. ٩٩) مامۆسـتا تاهیـر ئەحمـەد حەوێزیـش، لـە کتێبـی مێـژووی کۆیـە، نـاوی ئـەو ژنـە تەنزیـل خوێنانـەی تۆمارکـردووە: ئامـەی فاتمـێ، گوڵـێ کچـی وسـووی کەمەنـدی، جەمیلـەی حاجـی ڕەسـووڵی، ئامینـەی ژنـی خەڵـەف چاوەشـی.(تاهیر، ١٩٨٤، ل٧٤)

دوای ڕاپەڕیـن، لـە هێنـدێ لـە مزگەفتـەکان، خوێندنـەوەی مەولـود ئـەدا دەکـرا و خەڵـک کـۆ دەبوونـەوە. بـەڵام وەکـو یادکردنەوەکانـی هەولێـر گـەورە و گـەرم و گـوڕ نەبـوون.

مەولودخوێنـە ناسـراوەکان، لـە وراتـی کۆیـە ئـەم زاتانـە بـوون: مـەلا ئەسـعەدی مەقامبێـژ، مـەلا ئەحمـەدە کـۆرە، شـێخ جەمـال شـێخ ئەحمـەدی بەرزنجـی، شـێخ ئەنـوەر شـێخ عەبدولکەریمی بەرزنجـی، مـەلا عەبدوڕەحمانـی مـەلا ئەسـعەدی و حەکیمـی کـوڕی، حاجـی بەدرەدەینـی مـەلا ڕەئوفـی، مـەلا شـەوقی میـرزا کەریمـی، حاجـی حەمیـدی کەریمـی مـام ئیبراهیمـی، حەمـە کوردسـتانی، مـەلا سـەید ئەمینـی شیلەیی، مـەلا خالیـدی شـیلەیی، مـەلا لوقمـان؟ و مـەلا سلێمانی موئەزینـی مزگەوتـی گـەورە.

## ڕێوڕەسمی جەژنی نەورۆز:

نـەورۆز، وەک مێـژوو، ئەفسانە، جـەژن، ڕۆژ، بۆنـە و یـاد و بیـرەوەری و (ڕەنگدانـەوەی لـە ئـەدەب و هونـەری کوردیـدا)، چەنـدان کتێبـی لەسـەر نووسـراوە، بۆیـە، هـەر بـۆ تۆغکردنـەوەی گرنگـی و بایەخـی ئـەو ڕۆژە مەزنـە، تەنهـا چەنـد سـەرەقەڵەمێک دەخەینـە بەرچـاو:

«نـەورۆز کۆنتریـن و گەورەتریـن و گرنگتریـن جەژنـی هەمـوو

مرۆڤایەتییـە و ئـەو جەژنـەش هـە ر لەسـەرەتاوە لـە کوردسـتان سـەری هەڵـداوە و هـەر لـە کوردستانیشـەوە بـە دنیـادا بـڵاو بووەتـەوە، ئێسـتا بـە تـەواوی ساغ بووەتـەوە کـە جەژنـی نـەورۆز هەمـان جەژنـی زینـدوو بوونـەوەی (دەممـوزی - خوداوەنـدی سـۆمەرییەکان - تەممـوز)ە، کـە لەداستانی هەرەکۆنـی سـۆمەریدا، بە پێی بـاوەڕی ئایینی سـۆمەرییەکان، دەممـوزی، پـاش ئـەوەی شـەش مانـگ وەک سـزادانێک دەچێتـە (جیهانـی ژێـرەوە- بـن دنیایـێ) لـە ڕۆژی نـەورۆزدا، کـە دەکاتـە ڕۆژی یەکەمـی مانگـی یەکەمـی سـاڵی نوێـی سـۆمەری، دەممـوزی زینـدوو دەبێتـەوە.

وشـەی نـەورۆز، لـە (زەگمـەک)ی سـۆمەرییەوە هاتـووە، ماناکەشـی هـەر ڕۆژی نـوێ و سـاڵی نـوێ دەکات، هـەر بۆیـە ئـەو نـاوە لەگـەڵ زمـان و سـەردەمەکان، شـێوازی جۆراوجـۆری وەرگرتـووە، بـەڵام؛ لـە مانـای سـەرەکیی خـۆی دوور نەکەوتووەتـەوە، لـە ڕووداوێکـی مێژوویـی میدییـەکان لـە هـەزارەی چوارەمـی پێـش زاییـن، لـە ناوچـەی ڕەوانـدز پاشـایەکی میدییـەکان بـە سـەر دوژمنەکەیـدا سـەردەکەوێ و نـۆ ڕۆژ دەمینـێ بـۆ جەژنـی نـەورۆز، چـۆن ئەو سـەردەمە هەمـوو سـەرکەوتنەکان دەخرانـە ڕۆژی نـەورۆز و لـە نـەورۆزا ڕادەگەیێندران.»(مەولـوود ٢٠٢٠)

نـەورۆز، بۆنەیەکـی وەرزییـە کـە چەنـدان نەتـەوە لـە کۆنـەوە پیرۆزیـان کـردوە و یادیـان کردووەتـەوە. «لـەو ڕۆژەدا، نیـوە گـۆی سـەرووی، لـە وەرزی زسـتان ڕزگاری دەبێـت و نیـوە گـۆی باشـووریش لـە وەرزی هاویـن. لـەو ڕوانگەیـەوە سـەرەتای بەهـار و یەکـەم ڕۆژی، کـە ڕێکەوتـی جەژنـی نـەورۆزە، دەکەوێتـە سـەرەتای ئـەو گۆڕانکارییـەوە، بۆیـە کۆمەڵانـی کونـی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت و لـە نێویشـیاندا کۆمەڵانـی میسـۆپۆتامیا، وەك (سـۆمەری، ئەکـەدی، ئاشـوری، میرسـی کـۆن و هەروەهـا سـوئی، لۆلۆیـی، کوتـی، خـوری، کاشـی و میتانی...تـاد)، ئـەو گۆڕانکارییەیـان

هەستپێکردووە  و وەك ڕۆژێکی نوێ و وەرزێکی نوێی ژیانیان سەیریان کردووە و لێیان ڕوانیووە و یادی ئەو ڕۆژەیان بە بەردەوامی و خۆشی و ئاهەنگەوە کردۆتەوە.» (کەیوان ٢٠١٦ ل.٢٧)

بێگومان، کوردستانیش بەشیک بووە لەو ناوچانەی کە ئایینیەکەیان زەردەشتی بووە. «لەگەڵ دەرکەوتنی ئایینی زەردەشتی، یادی ئەم جەژنە وەك بۆنەیەکی ئایینی کراوەتەوە و بڕوایان وابووە، کە ئەو جەژنە هۆکاریی گۆڕینی دونیایی ماددییە بۆ دونیایی هەتاهەتایی. (کەیوان ل.٤٥) لەو گرینگتر، ئەو ڕۆژە کراوە بە سەرەتای ڕۆژژمێری کوردی.» دەوڵەتی ماد ساڵی (٧٠٠ پ. ز.)دامەزراوە و لەو ساڵەشەوە ساڵنامەی کوردی بووەتە واقیع. بەو پێیەش سەری ساڵی کوردی، یەکەم ڕۆژی  مانگی نەورۆزە.(کەیوان ل. ٤٦) بەڵام چونکە بەشێکی زۆری زانایانی ئیسلام و باوەڕدارانی ئەو ئایینە، جەژنی نەورۆزیان بە جەژنی ئاگرپەرستان ناوزەند کردووە و یادکردنەوەیان بە تاوان و هەڵگەڕانەوە داناوە، وەردە وردە، لەگەڵ ڕۆژگاردا، لە هێندێک ڕۆژگار و سەردەمدا، یادکردنەوەی کاڵ بووەتەوە.

دکتۆر کۆزاد محەمەد ئەحمەد دەربارەی ئەو جەژنە دەڵێ:» نەورۆز لە سەردەمە زووەکاندا، دووانەی جەژنی میهرەگان بووە، یەکەمیان بەهۆی سەرەتای بەهارەوە بووە و دووەم بەهۆی سەرەتای پاییزەوە. لەسەردەمێکی زووی چاخی ئەخمینیدا، ئاهەنگ بەبۆنەی سەری ساڵەوە لەهەمان ڕۆژی جەژنی میهرەجانەوە گێڕدراوە. لەگەڵ ئەوەشدا، و لەکاتەکانی دواتردا، نەورۆز گرنگی لە جەژنی میهرەجان زیاتر بووە ئەویش بەهۆی هاتنەوەی وەرزی بەهارەوە، سەرەڕای هاوکات بوونی لەگەڵ ژمارەیەك بۆنەی گرنگی دیکەدا، لە نموونەی جەژنی لەدایك بوونی خودی زەردەشت، ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە

زەردەشتییەت بووە ئایینی ڕەسمی ئیمپراتۆریەتی ساسانی. بڕوا وایە ڕەگی نەورۆز بۆ سەردەمە زۆر کۆنەکان دەگەڕێتەوە، لەگەڵ ئەوەی باسکردنی بە شێوەیەکی ڕوون لە ئاڤێستادا نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، مێژوو و چیرۆکە ئەفسانەییەکان دەیگەڕێننەوە بۆ جەمشید، کە پاشای ئەفسانەیی یەکەمی ئێرانیەکان بووە، و هەندێ کتێبی ئایینی پەهلەوی باس لەوە دەکەن نەورۆز و ڕێوڕەسمەکانی بە ئەوەوە بەستراوەتەوە. لە ڕاستیدا بڕوا وایە لە ماوەی سەردەمی ئەخمینیدا ئاهەنگ بەبۆنەی نەورۆزەوە بەرپا کراوە، و بۆچوونەکان بۆ ئەوە دەچن گەلانی ژێر دەستەی ئەخمینی کە لە هەڵکۆڵینەکانی پرسیپۆلیسی پایتەختەکەیان دەردەکەون، جۆرەها دیاری بۆ پاشا و نەخشەی کۆمەڵگەکە بە تەواوی و شوێنەکەی؛ هەموویان ئاماژەن بۆ ئاهەنگێڕانەکانی نەورۆز، هەتا هەندێك بۆچون پێیان وایە شوێنەکە بەتایبەتی بۆ ئەو مەبەستە دروست کراوە. ئەوەی جێگای سەرەنجە، هەندی کاری ئەدەبی ئاماژە بۆ ڕاستیەك دەکەن لەسەردەمی دەسەلاتی ساسانییەکاندا، بەوەی هۆڵ و تەلارەکان و هەتا شارەکان بۆ ئەوە دروست کراون تاکو ببێتە شوێنێك بۆ ئاهەنگەکانی نەورۆز و جەژنی (سەدە)، چونکە نەورۆز ئاماژەیە بۆ سەرەتای بەهار و لەسەرەتای وەرزدا ئاهەنگی بۆ ئەنجامدراوە.

لەسەردەمی دەسەڵاتی ساسانییەکاندا، ڕۆژی نەورۆز پشوو بووە، لە بەیانی زووەوە خەڵکی دەچوون بۆ سەر سەرچاوەکانی ئاو تاوەکو خۆیان بشۆن و شەڕە ئاو بکەن، و پاشان شیرینییان پێشکەشی یەکتری دەکرد بەتایبەتی هەنگوین و خۆیان بە زەیتون و مۆمی توواوە چەور دەکرد. میهرەجان کە ماوەی شەش ڕۆژ بوو تاکو باجی دەسکەوتوو پێشکەشی پاشا بکرێت، بەهەمان شێوە

فەرمانڕەوا نوێیەکان بۆ هەرێمەکان دیاری دەکران تاوەکو شوێنی کۆنەکان بگرنەوە، و دراوی کانزایی نوێ لێدەدرا و پەرستگاکانی ئاگر پاك دەکرانەوە، هەروەتر پاشا کۆبونەوەی دەکرد و گوێی لەخەڵکی دەگرت، ئینجا چاوی بەکەسە دیارەکانی ئیمپراتۆریەت دەکەوت. لە ڕاستیدا دوو جۆر نەورۆز هەبووە؛ نەورۆزێکیان بۆ خەڵکی گشتی و ئەوی دیکەیان بۆ خێزانی پاشاو چینە بەرزەکانی کۆمەڵگە بووە. هەروەك ئەوەی لەسەردەمی ساسانیدا باو بوو، لەسەردەمی عەباسیەکانیشدا بەهەمان شێوە بوو، چینە بەرزەکان (خەلیفە و داروودەستەکەی) بەبۆنەی نەورۆزەوە ئاهەنگیان دەگێڕا و خەڵکییش بە شێوەیەکی گشتی. هەر لە سەردەمی عەباسیەکاندا، بابەتەکە تەنها تایبەت نەبوو بە داگیرساندنی ئاگر، بەڵکو ئەو یاریانە دەکرا کە پەیوەندییان بە ئاوەوە هەیە و خەڵکی سەردانی یەکترییان کردوە بۆ پیرۆزبایی و پێشکەشکردنی شیرینی لە نێوان خۆیاندا.»(کۆزاد محەمەد ئەحمەد، ٢٠٢٢/٣ شارپرێس)

دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن دەربارەی جەژنی نەورۆز دەڵێ:» نەورۆز ناوی جەژنێکی کۆنە، کۆنییەکی دوازدە هەزار ساڵەیی، لەو مێژووە دوور و درێژەدا ناوی ئەو جەژنە گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتووە و بە زۆر زمان ناونراوە، بەڵام لەهەموو ناو و زمانەکاندا لەوە دوور نەکەوتووەتەوە کە مەبەست جەژن و سەری ساڵ بێت! لەکۆنترین ناوی کە لە نووسراوە کۆنە سۆمەرییەکاندا ناوی هاتووە، نزیکەی پێنج هەزار ساڵە. هەموو پسپۆڕ و شارەزاکان لە مێژووی کۆن و شوێنەوار و شارستانییەتی سۆمەرییەکان، لەسەر ئەوە کۆکن کە جەژنی - زەگموك ـ ی سۆمەرییەکان کۆنترین جەژنی مرۆڤایەتییە، هیچ سەرچاوەیەك تائێستا باسی جەژنێکی لەوە کۆنتریان نەکردووە،

ئـەو جەژنــە لەداسـتانی –دەممـوز و ئیسـتار، عەشـتار- دا باسـکراوە ، پسـپۆڕان داستانی دەمموز و ئیستار بۆ سـەردەمی کشتوکاڵی ئەشکەوت و سـەرهەڵدانی کشتوکاڵ دەگەڕێننـەوە، ئـەو زەمەنـەش دەکاتـە (١٠هـەزار سـاڵ) پێـش زاییـن، کـە ئێسـتا دەکاتـە (١٢ هـەزار سـاڵ) هـەر پسـپۆڕانی شارسـتانییەت و کەلتـووری سـۆمەرییەکان جەژنـی زەگمـوك بـە جەژنـی نـەورۆز دەزانـن، بەهـۆی ئـەوەی کـە باپیرانی سـۆمەرییەکان لە کوردسـتان بـوون و نـەورۆز و زەگمـوك لەهەمـان ڕۆژی یەکەمی سـاڵی نوێی سـۆمەری و کـوردی دا دەکرێــن بەجــەژن، زۆرن ئەوانــەی کــە زەگمــوك و نــەورۆز بەیــەك جــەژن دەزانــن، بــۆ نموونــە : هینــری فرانکفــۆرت شــوێنەوارناس لـە لێکۆڵینەوەیەکدا بەنـاوی (طقـوس تموزیـة فـی کردسـتان - سـرووتە دەمموزیــەکان لــە کوردســتاندا) لەســاڵی ١٩٣٢دا دەڵێ:(کــوردەکان لــە نـەورۆزدا هەمـان شـت دەکـەن کـە سـۆمەرییەکان لـە جەژنـی زەگمـوك دا دەیانکـرد). لەسـەرەتاوە جەژنـی نـەورۆز - زەگمـوك -ی سـۆمەری تـەواو جەژنێکــی ئاییــن ســۆمەرییەکانە! پاشــتر هــەر میللــەت و ئایینێکــی کــە نەورۆزیــان وەرگرتــووە ، هەوڵیــان داوە وەك جەژنێکــی ئایینــی خۆیــان، ئاهەنگـی بـۆ بگێـڕن و پیـرۆزی بکـەن، بـۆ ئاییـن زەردەشـتیش هـەروا بـوو، شـتێك هەیـە نـەورۆز لەسـەرەتاوە ئاگـری بـۆ کراوەتـەوە و ئاگـر ڕەگەزێکـی گرنــگ و گــەورەی جەژنــی نــەورۆز بــووە، چــۆن زەردەشــتییەکانیش ئاگریــان وەك هێمایەکــی گرنگــی ئایینەکــەی خۆیــان زانیــوە و لــە ئاتەشـگەدەی زەردەشـتی بـەردەوام ئاگـر داگیرسـاوە و وەك ڕوناکـی دژی تاریکـی و ئەهریمـەن و هێمایـەك بـووە بـۆ ڕۆژ، لێـرەوە بـوو کـە هەنـدێ کـەس زەدەشـتییەتیان بەئاگرپەرستی دەزانـی و ئاگـری نەورۆزیشـیان وا لێکدەدایـەوە کـە ئاگرپەرسـتییە، دەنـا نـەورۆز چەنـد هـەزار سـاڵێك پێـش پەیدابوونـی ئایینـی زەردەشـتییە، سـەرەتا موسـڵمانەکانیش نەورۆزیـان

ڕەتکردەوە، دواجار لەنەورۆزدا باج و خەراجیان کۆکردەوە چۆن پاشا ساسانییەکان ئەوانیش لەجەژنی نەورۆزدا دیاری و باج و خەراجیان بۆ دەهات، موسڵمانەکان لەپەراوێزیی باوەڕی دینیدا نەورۆزیان بەزۆر مێژووی خۆیانەوە گرێ داوە، وەك ئەوەی ئەو ڕۆژەی خودا جیهانی دروستکرد، ڕۆژی نەورۆز بوو، ئەو ڕۆژەی خودا ئادەمی دروستکرد ڕۆژی نەورۆز بوو، ئەو جۆرە باوەڕە و ئایین و میللییانە زۆرن کە نەورۆز بەزۆر ڕووداوی مێژوویی و کەونی دەبەستنەوە. نەورۆزی کورد زۆری جیایە لە نەورۆزی میللەتانی تر! لەڕووی مێژووییەوە هەر لەسەرەتاوە لە کوردستان پەیدابووە و ئێستاش بووە بەشێك لە مەرجی نەتەوەیی بوونی کورد، میللەتان نەورۆز وەك بۆنەیەك و گەشت و سەیرانی بەهارە نەورۆز دەبینن و بووە بە جەژنێکی کەلتووری لای ئەوان، بەڵام؛ لای کورد جەژنێکی نەتەوەییە و بە خوێن پاراستوویەتی و نەورۆزی تیکەڵ خەباتی نەتەوەیی خۆی کردووە و لە نەورۆزان خەبات و تێکۆشانی کورد گەرمتر دەبێت و داگیرکەرانیش توندتر دژایەتیی کورد دەکەن و تائێستا بەسەدان کورد لەپێناو گەش ڕاگرتنی ئاگری نەورۆز گیانی خۆیان کردووەتە قوربانی و شەهید بوون، ئەمەش لە هەموو پارچەکانی کوردستان ئاوایە، بەڵام؛ تائێستا نەمانبیستووە کە جگە لەداگیرکەرانی کوردستان، هیچ دەسەڵاتێك نەورۆزی لە هاووڵاتیانی خۆی قەدەغە کردبێت! واتە نەورۆز بۆ کورد بەخوێن و خەبات تێکەڵ مێژووەکەی بووە، هەربۆیە - خەباتی نەورۆزی - مێژوویەکی دوور و درێژ و بەرهەمێکی ئەدەبی زۆری لێکەوتووەتەوە، بەتایبەت ئەدەبی خەبات و تێکۆشان و قوربانیدان، کە ئەمە لە مێژووی میللەتانی تر نابیندرێ!(دکتۆر مەولود ئیبراهیم، ٢٠٢٢/٣ هاووڵاتی).

لە دیدی د. حەیدەر لەشکرییەوە:" نەورۆز گێڕانەوەیە چۆتە سەرووی زەمەنەوە. لەوانەی دەیگێڕنەوە، یادی دەکەنەوە کوردن. ئەمەش هەرگیز پەیوەست نییە بە سەردەمی نوێ و پیرەمێردی شاعیرەوە. ئەمە زۆر لەمە کۆنترە، بەهاتنی ئیسلام ئەم یادکردنەوەیە لەناو نەچووە و لەناویش ناچێ. بە فەتوا و قسەی دوو مەلاش لە کورد دانەبڕاوە، تەماشای ئەحمەدی خانی و مەلا مەحمودی بایەزیدی بکە. نەورۆز هی کوردانە تا ئەو کاتەی بەشێکی یادەوەرییانە، هی کوردانە تا ئەو دەمەی یادی دەکەنەوە. ئەگەر لە هەندێك سرووتیدا جیاوازە لە نەورۆزی فارس یان هەر نەتەوەیەکی تر، ئەمە لەوەدایە کە زەمینە فارسییەکە مانای جیاواز و فۆرمی جیاوازیی گێڕانەوەیان بۆی هەبووە و هەی.

ئیدی مەسەلەکە هەرگیز پەیوەندیی بە ڕاست و دروسێیی گێڕانەوە و حەکایەتەکە لە ناوکۆی مێژوویيدا نییە، مەسەلە پەیوەستە بە گێڕانەوە خۆی و ئەو مانایانەی بە پێی زەمەن و زەمینە پێی دەدرێ.

خۆ سنووربەند نەبوونی بە یەك نەتەوە و یەك پانتایی کولتوریی چەندین شرۆڤە هەڵدەگرێ: کۆنتربوونی لە پرۆسێسێی سەرهەڵدانی نەتەوەکان و چڕ نەبوونەوەی بە سیستەمێکی دیاریکراوی کولتورییەوە. لەسەرووی ئەمانەشەوە، کە ئەمەش بە ڕای من لوتکەی جوانیی یادەکەیە، هاوبەشبوونی ئەو ڕەگەزە مرۆییانە لە ئاهەنگێڕان، بەهایەکی فراونتر لە بەهای نەتەوەیی، ئایینیی پێدەدات و دەمانخاتە بەردەم چەردێك بەهای گەردوونییەوە، هاوبەشبوون لەگەڵ مرۆڤگەلێك لە سەرووی ئەو بەهایانەن، کە لەیەکیان دابڕیون، لەوەش گرنگتر هاوبەشبوون و ئاشتبوونەوەمان لەگەڵ سروشت و ژیان لەنێویدا وەك مەبەستی هەرە باڵای جەژنەکە: گۆڕینی وەرزی ساڵ. ئەوەی ئەو

بەهایانەش لە خۆ بگرێ بە قسەی دوو کۆلکە مەلا نابتە کافر و بەڕای دوو کۆلکە موغی زەردەشتیش نابێتە ئاگرپەرست. خۆ ئەگەر بە قسە بووایە دەبایە لەسەردمی زێڕینیی حوکمی خەلیفەکانی موسڵماندا لەناو چووبایە، نەك کرابایە بەشێکی ئاهەنگێڕان، باجگریی و کەیف و سەفای ناو مێژووی ئەو سەردەمە."(د. حەیدەر، ٢٠٢٢/٣).

وەک دەزانین، لە سەرەتای سەدەی بیستەوە، هەست و سۆزی نەتەوایەتی و کوردایەتی، دێ لە کوردستاندا گەشە بکات و بیروباوەڕی ئازادی و سەربەستی و مافی گەلان پتر خەڵک جۆش دەدات، جا بە گەڕانەوەی چەند بیرمەند و ڕۆشنبیرێکی کورد، لە دەرەوە، یادکردنەوەی جەژنی نەورۆزیش دیسان زیندووکرایەوە. پیرەمێردی شاعیر (١٨٦٧ - ١٩٥٠) لە ساڵی (١٩٢٥) لە ئەستەمبۆڵ دەگەڕێتەوە سلێمانی، لە ساڵی (١٩٤٥) بۆ یەکەمین جار ئاهەنگی نەورۆز لە سلێمانیدا گێردراوە، لە ڕووداوەکەی کە فائیق بێکەس (١٩٠٥ - ١٩٤٨)، قەسیدەی (٢٧ ساڵە من ڕەنجبەری تۆم)ی لە حزووری ئیدمۆزدا خوێندەوە. هەر یەک لە کامیل ژییر و د. عزەدین مستەفا ڕەسووڵ و سەدیق ساڵح...تاد، نەورۆزی ئەو ساڵەیان کردووە بە دەستپێک، لە کوردستانی باشووردا.

بەڵام، نابێ ئەوەش فەرامۆش بکەین کە مەلا محەمەدی جەلیزادە (مەلای گەورە) (١٨٧٦ - ١٩٤٣) لە نەورۆزی ساڵی (١٩٣٨)دا لە کۆیە، وتارێکی بە زمانی کوردی پێشکێش کردووە و ڕێزی لەو ڕۆژەگرتووە. ئەمەش دەقی وتارەکەیە کە لەبەر دەرگای سەرای کۆن، بۆ جەماوەری خوێندۆتەوە:

"ئەمڕۆ، ڕۆژێکە پڕ نوور، دونیا ماڵە ماڵە لە سرور، ژاڵە دەدرەوشێتەوە، لالە دەگەشێتەوە، دار و درەخت دەپشکون. بەروسەمەر دەردەکەون، فەلەک وەک خێوەتی زبر جەدی هەڵداوە،

زەمین کەوای ئەتڵەسی سەبزی گوڵگوڵی لەبەر کرا. ئافتابی عالەم درەخشانە خورشیدی خاوەری بە ئەشیعەی زەهەبی زەڕ ئەفشانە، نێزیکە بڵێم ئەرز و سەما، کەوتیتە ڕەقس و سەما، ئەمە چ باس و خواسە چ ئەسەرە چ خەبەرە.....؟ بەڵێ، ئەمڕۆ، ڕۆژی مرادە، نەورۆز، نەورۆزی گەلە، حەقە، ڕۆژی زۆر موبارەکە. ئەوەڵی بەهارە، یەکی ئیعتیدالی لەیل و نەهارە، جەژنە جەژنی ئۆممەتە، جەژنی محەبەت و ئولفەتە.»(کوردیپیدییا)

لە دوای ساڵی (١٩٤٥) نەورۆز و ئاگری نەورۆز، وردە وردە لە شارەکانی کوردستان بووەتە جەژن و یادی کراوەتەوە، تەنانەت پیرەمێرد، قەسیدەی (ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە / جەژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشی و بە هاتەوە)، لە نەورۆزی ساڵی (١٩٤٨)دا گوتووە. چونکی ڕۆژی (٢١)ی ئادار، لە مێژووی هەموو نەتەوە و ئایینەکانی میسۆپۆتامیا، پیرۆزی خۆی هەبووە، وەک سەرتای ساڵ و هاتنی وەرزی بەهار و زیندووبونەوی زەوی و دارودرەخت و خۆش بوونی ئاو و هەوا، سابیە و ئێزیدییەکانیش سەری ساڵی خۆیان هەر لەو مانگەدا بووە، «لە وەتەی ساڵی (١٩٢١) دەوڵەتی عێراق، ئەو ڕۆژەی کردووەتە پشووی فەرمی و ناوی لێناوە(جەژنەی دار و درەخت)، لە هەموو شارەکان، قوتابخانەکان و ڕێکخراوەکان هەڵدەستان بە چاندنی نەمام و دار و درەخت، بە تایبەتی لە شۆستە و کەنار جادە و شەقامەکانی شار. دوایی بەیانامەی ئاداری ساڵی (١٩٧٠) ش، ناوەکەیان گۆڕی بۆ جەژنی بەهار و جەژنی نەورۆز.»(محەمەد ئەل ئەدهەمی/ المنتدی العراقی).

د. ئیسماعیل شوکر لە بابەتی نەورۆزی هەولێر لە ساڵانی (١٩٣٣) تا، (١٩٥٨) لە ئینسکلیۆپیدیای هەولێردا دەڵێت:» لەساڵانی (١٩٣٣) تا (١٩٤٠)

یـادی نـەورۆز بـەدزی لـە ماڵـی سـەلیم سـەیدۆک لەقـەڵات کراوەتـەوە، زۆربـەی جـار حوسـێن حوزنـی موکریانـی و هـادی چاوشـلی و عزەدیـن فەیـزی و عەونـی یوسـف و مسـتەفا عوزێـری و تەحسـین یاسـین و مـەلا عەبدولڕەحمـان هەولێـری و دەروێـش ئیسـماعیل و ئەحمـەد حەمەدەمیـن دزەیـی و نـازم سـەعید، بەشـدارییان تێداکـردووە، بابەتـی مێـژووی نەتەوایەتـی و هۆنـراوەی نەتەوایەتییـان گوتـووە. لەسـالی (١٩٤٠) لـە سێیەم ڕۆژی نـەورۆز حکوومـەت سـەلیم سـەیدۆکی گرتـووە، بـە تاوانـی یادکردنـەوەی نـەورۆز لەماڵـی خـۆی.

لـە نـەورۆزی (١٩٤١) عەزەددیـن فەیـزی، وەک مامۆسـتا قوتابییەکانـی پۆلـی پێنـج و شەشـی سـەرەتایی، بەنـاوی سـەیران بـردووە بـۆ ئـاوی قەتـەوی، لـەوێ باسـی نـەورۆزی بـۆ کـردوون و گۆرانییـان گوتـووە. لەساڵی ١٩٤٥ لەسـەر ئـاوی زار المفتـاح (سـەرچاوەی ئاوێکـی گەورەبـووە لـە شـوێن گۆڕسـتانی شـێخ ئەحمـەدی خۆڕهەڵاتـی هەولێـر)، لـەوێ کۆمەڵـی گەنـج نەورۆزییـان یادکردۆتـەوە.

لـە (١٩٤٦/٣/٢١) لـە سـەر ئـاوی تـووڕەق کۆمەڵـێ گەنجـی سیاسـی و هۆشـیاریی هەولێـر، یـادی نەورۆزییـان کردۆتـەوە وەک جەژنـی نەتەوایەتـی، ئەوانـە تێـدا بەشداربوونە، مـەلا عـەولای سمایلی ، سـالح شـێرە، ئەحمـەد حەمەدەمیـن، مـارف خەزنـەدار، مەحمـود عوسـمان، حەیـدەر عوسـمان، تەحسـین یاسـین، عەلـی فەتـاح، محمـد شـەهاب دەبـاغ، حەمیـد عوسـمان، ئۆمـەر بەختیـار، عەزیـز محەمـەد، ئەنـوەر تاهێـر، خەلیـل خۆشـناو، عەبدولوەهـاب حاجـی حەسـەن ، نـازم سـەعید و حوسـێن ڕەشـوانی، ئـەو ئاهەنگـە لەلایـەن شـێخە شـیل و جەمـال حەیـدەری سەرپەرشـتی کـراوە و گێـڕدراوە.

لـە نـەورۆزی (١٩٤٧)، بـۆ یەکەمجـار نـەورۆز لـە هەولێـر، بەئاشـکرا

یـادی کراوەتـەوە، سـەعید قـەزاز وەک موتەسـەرفی هەولێـر هاوکارییشـی کـردوون، ئـەو یـادەش بـە هاوبەشـی حزبـی شـیوعی عێراقـی ئـەوکات و پارتـی دیموکراتـی کـورد سـازدراوە ، بەهـەوڵ و تەقـەڵای پارێـزەر عەونـی یوسـف یـادی کراوەتـەوە، لـە پشـت سـینەما سـەلاحەدین کـە ئـەوکات گۆڕەپانـی قوتابخانەیەکـی هەولێـر بـووە. هەرچەنـدە سـەرەتا هەنـدێ شـێخ و پیـاوی ئایینـی دژایەتییـان کـردووە، بـەڵام ئـەو دژایەتییـە هیـچ کاریگـەری نەبـووە. ئـەوەی شـایانی باسـە لـەو ئاهەنگـە بـۆ یەکەمجـار ئافرەتـی کـوردی هەولێـر وەک تەماشـاکەر بەشـداربوونە.( دکتـۆر ئیسـماعیل شـوکر ، ئینسـکلیۆپیدیای هەولێـر ، مێـژووی هاوچـەرخ).[1]

سـەرکەوت عەلـی حەبیـب، کـە خەمخـۆری ئەرشـیفی نـەورۆزە، بـەم شـێوەیە، لـە نامەیەکیـدا باسـی نـەورۆز دەکات لـە سـلێمانی:

«ئاگـری نـەورۆز بـۆ یەکـەم جـار، سـاڵی (١٩٢٠)، لـە سـەردەمی مێجەرسـۆن کراوەتـەوە. حەمـدی شـاعیر لـە قوتابخانـەدا، لـە سـاڵی (١٩٢٦)، ئاگـری نـەورۆز کردووەتـەوە، بـەڵام پیرەمێـرد لـە سـاڵی (١٩٣١)، لـە باخـی پورەبەگـی ئاگرەکـە دەکاتەوە. لە ساڵی (١٩٣٢) تا کۆچـی دوایی، پیرەمێرد، جگـە لـە چەنـد سـاڵێک، لـە دامێنـی گـردی مامەیـارە، ئـەم یادکردنەوەیـە بـە نەریتـی سـاڵانە دەکات. لـە سـاڵی (١٩٣٨) موتەسـەڕیف مەجیـد یەعقوبـی، نـەورۆز قەدەغـە دەکات و چاپخانەکـەی پیرەمێـرد دادەخـات و ڕۆژنامەکـەش ڕادەگرێـت. چونکـە لـە سـاڵی (١٩٤٥)چەنـد ڕۆژێـک بـاران بـە خـوڕ و بـە لێزمـە دەبارێـت، یـادی نەورۆزەکـە لـە (١٩٤٥/٤/٤) دەبێـت، نـەک ئێـوارەی نـەورۆز، هـاوکات دەبێـت، لەگـەڵ دوعاخـوازی و تەواوبوونـی

---

[1] ) تێبینـی؛ دەربـارەی نـەورۆز لـە هەولێـر، سـاڵانی (١٩٤٦ ــ ١٩٤٨)، زانیـاری پتـر دەخوێنیتـەوە لـە کتێبـی: (کوردایەتـی، بیرەوەرییەکانـی ئەحمـەد بێکـەس، ١٩٣٠ ـ ٢٠٠٦، ئامادەکردنـی دارا بێکـەس، چاپـی نێوەنـدی بەردخـان، ٢٠١٦).

کارەکانی ئەدمۆنز، بۆیە ئەو کاتە مەعروف جیاوک، ئەدمۆنز و چەند کەسێتییەک ئامادەی ئەو ئاهەنگە دەبن، لەو کاتە برادەرەکانی فائیق بێکەس، بە بێکەس دەڵێن: بۆ ئەو قەسیدەیەت ناخوێنیتەوە( بیست و حەوت ساڵە...) بێکەس تەنیا فریای یەک دێڕ دەکەوێت و پشێوی دروست دەبێت، تەنانەت ئەو کاتە ئەو دەشت ودەرە قوڕ دەبێت، خەڵک بە ناو ئەو قوڕەدا ڕادەکەن. دەکرێ بڵێین: ئەو نەورۆزە وەکو مێژوو جیاوازە، بەڵام دەستپێکی نەورۆز نییە لە سلێمانی .لە ساڵی (١٩٤٦)چەند شاعیر و نووسەرێک(کامەران موکری و محەڕەم محەممەد ئەمین و...) ئەو نەورۆزە دەکەنەوە و پیرەمێرد بانگێهێشت و میوانداری دەکەن. لە ساڵی (١٩٤٧) پیرەمێرد ئاهەنگی نەگێڕا و بە کارتێک ئەمەی بڵاوکردەوە: (ئاگری نەورۆز من هەڵم گیرساند و ساڵانە لە گردی یارە بوو، ئەم ساڵ وا لە جەرگمدایە، گوڵاڵەسوورەی نەورۆز و گەزیزە لە خوێنی ئازیزە، فتوام دا هەتا تەمی ماتەم نەڕەوێتەوە نەورۆز نییە). چونکە ئەو ساڵە چرای یەکەم کۆماری دیموکراتی کوردستان کوژایەوە. لە ساڵی (١٩٤٨) ئاگر کراوەتەوە و پیرەمێرد ئەو شیعرەشی نووسی کە تا ئێستا مارشی نەتەوەییە و وێردی سەرزمانی کوردە. لە ساڵی (١٩٤٩) ئاگر نەکرایەوە، حکومەت قەدەغەی کرد. لە ساڵی (١٩٥٠)، دوا نەورۆزی پیرەمێرد بوو، چونکە لە (٦/١٩)ی ئەو ساڵە، پیرەمێرد کۆچی دوایی کرد.» (سەرکەوت ١٥ / ٤/ ٢٠٢٢، نامە).

**بەڵام دەربارەی یادکردنەوەی جەژنی نەورۆز لە کۆیە:**

مامۆستا کەریم شارەزا دەڵێ، "لە ساڵانی (١٩٤١ ـ ١٩٤٢) مامۆستاکانمان سرووودی نیشتمانیان فێردەکردین و دەمان گوتەوە وەکو سرووودی نەورۆزی پیرەمێرد:

مووژدەبێ ساڵ گەڕایەوە ئاگری نەورۆز کرایەوە

لە کۆتایی زستانی ساڵی (١٩٤٥) چاودێری پۆلەکەمان، کە ناوی عەبدولخالق فەتتاح حەوێزی بوو، لە ڕێکخراوێکی نهێنی کاری دەکرد، پێی ڕاگەیاندین کە بریار وایە لە (٢١ی ئاداری ١٩٤٥) سەیرانێکی قوتابخانەیی بکەین و لەوێشەوە ئاهەنگی نەورۆز بگێڕین. ئێمە لە بەیانی ڕۆژی دیاری کراودا، ڕەزامەندی دەستەی مامۆستایانمان وەرگرت بۆ سازدانی ئەو سەیران و ئاهەنگە، مامۆستایان شێخ مستەفا شێخ نعمەتوڵڵا و جەلال شەریف زۆر بە گەرمی بەدەنگمانەوە هاتن. خواردنی خۆشی سەیرانمان هەڵگرت و بەڕیز چووینە سەیرانگای (شاخی مشکە)ی خوارووی ڕۆژهەڵاتی کۆیە. لەوێ ئاگرکرایەوە بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ. بەڵام دوای نیوەڕۆ پۆل پۆل ڕۆشنبیران و کاسبکاران لە شارەوە بەرە و سەیرانگەکەمان دەهاتن، وای لێهات هەموو لایەک جمەی دەهات لە قوتابی و جەماوەری میللەت،. لەپڕ لە گۆڕەپانێکی فراواندا کە بەسەر باغەکانی ئۆمەرخوچان و گەزەدا دەیڕوانی، کۆبوونەوە و هاوڕێیەکمان بە دەنگیکی بەرز دەستپێکردنی ئاهەنگەکەی نەورۆزی جاڕدا و کورتە وتارێکی لەسەر نەورۆز خوێندەوە. ئینجا پەردەیەکی تەمسیلی لە لایەن کەیفی ئیسماعیل، قوتابی پۆلی سێیەم و جەمال کەریم قوتابی پۆلی دووەم پێشکەش کرا. کەیفی دەوری کوڕ و جەمال دەوری کچی وەرگرتبوو، زیاتر بە ئۆپەرێت دەچوو، هەرچەندە لەسەر نەورۆز نەبوو، بەڵام ئاهەنگەکەی

پێڕازانداریـەوە. دوای ئـەوە تیپـی قوتابیـان سـروودی( مووژدەیـە سـاڵ گەڕایـەوە / ئاگـری نـەورۆز کرایـەوە) پێشـکێش کـرد. ئینجـا دوو لاوی نیشـتمانپەروەر، عومـەری مـام عـەوڵا و ئەحمـەدی حەمـە مـەلا گۆرانـی (لـە مەیدانـی بەهـارە شـارەکەی کۆ)یـان لەسـەر ئـاوازی ڕەسـەنی کـوردی گـوت. دوا بـەدوای ئەوانیـش خوالێخۆشـبوو تایـەر تۆفیـق ، سـروودی (تـا دەسـت لـە مـل هیـوا نەکـەم)ی مامۆسـتا زێـوەری لەسـەر ئاوازێکـی خـۆش گـوت. ئینجـا مـەلا ئەسـعەدی گۆرانیبێـژ ئاهەنگەکـەی بـە چەنـد مەقامێکـی ڕەسـەنی کـوردی ڕازانـدەوە و لـە کۆتایشـدا، خاڵـە سێوە، بـە ئـاوازی گۆرانـی (شـلەوخانان)، شـاییەکی ڕۆیینـەی کـوردی نـەرم، گـەرم کـرد و سـۆفی محەمـەدی قەسـاب و عومـەری مـام عـەوڵا، ئەحمـەدی مـەلا ئیسـماعیلی مـەلا نوورەدینـی جەلیـزادە و چەندانـی دی بەشـداریان لـە شـاییەکەدا کـرد. کـە ئێـوارە داهـات، هەمـوو قوتابـی و مامۆسـتا و جەمـاوەری ئاهەنگێـڕ ڕوویـان کـردە سـەر گردێکـی نزیـک سـەیرانگەکە لەوێـدا چـوار بـار داری قەڵاشـکەری گیشـەکرابوون تەنەکەیـە نەوتیـان بەسـەر داکـرد و ئاگـردران، ئیتـر مەشـخەڵی گـڕی ئاگـری نـەورۆز بـەرز بـووە. ئـەوەی سـرنج ڕاکێـش بـوو، ئـەو نـەورۆزە ئاگرەکـەی لـە ئێوارەکەیـدا کرایـەوە، کـە لـە نەورۆزەکانـی دوای ئـەو لـە شـەوی جەژنەکـەدا دەکرێتـەوە. خەڵکەکـە گـەورە و بچـووک بـە چەپڵەڕێزانـی خۆشـی و شـادی دەوریـان لـە ئاگرەکـەدا و لـەو کاتـەدا سـەمەد محەمـەد بەننـا، کـە ئەندامـی سـەرکرایەتیی حزبـی شـۆڕش بـوو، وتارێکـی سـەرپێی لەسـەر نـەورۆز و مێـژووی ئـەو جەژنـە پیـرۆزەی کـورد پێشـکێش کـرد و هێنـدێ پـلار و توانجیشـی لـە حکوومەتـی ئـەو سـەردەم و هەڵوێسـتە چەوتەکانـی بەرانبـەر بـە کـورد گـرت. ئێمـە بـۆ یەکـەم جـار بـوو، لـە وتارەکـەی کاک سـەمەد بەننـادا گوێمـان لـە وشـەکانی (زەردەشـت و

ئاهووره مەزدا و ئەهریمەن) بوو. دوای ڕۆژئاوابوون بە نیو سەعات کۆتایی بە ئاهەنگەکە هێنرا. (شارەزا، ٢٠٢١، ل. ٤٣ـ٤٥) مامۆستا شارەزا، لە ساڵی (٢٠٠٥) لە چاوپێکەوتنێکی دا لە تەلەڤزیۆنی کوردسات، دەربارەی جەژنی نەورۆز ئەوەش دەڵێ کە عەبدولواحید حەمە سدیق، کە لاوێکی چەپی خوێن گەرم بوو، داینەمۆی ئاهەنگەکە بوو، هەر خۆشی دیشەدارەکانی هێنابوو و لە سەیرانگای نزیک ڕەزەکەی خۆیان، کە ڕەزی بەگیخانییە، ئاهەنگەکەی ساز کرد و مەشخەڵی ئاگرەکەی گڕدا.(شارەزا، ٢٠٠٥، کوردسات تیڤی).

کەواتە یەکەمین ئاهەنگی نەورۆز لە کۆیە لەساڵی (١٩٤٥) بووە. هەرچەندە لە پێشەکی (دیوانی میرزا غەفوور)یشدا، کە د. عەبدوڵڵا ئاگرین بە کۆکردنە و لێکۆڵینە و ساغکردنەوەی هەڵساوە (١٩٩١)، ئەو باسە هەیە کە میرزا غەفور دەڵێ: «نەورۆزی ساڵی (١٩٢٩) لە کۆیە بووم، ئەو ڕۆژە بەرانبەر جەژنی ڕەمەزانی ساڵی (١٣٤٧)ی کۆچی بوو، هەردوو جەژنەکە تێکەڵ بە یەک بوون و خەڵکی کۆیە ئاهەنگیان بەو بۆنەیەوە گێڕا - بە گوێرەی پەڕاوەزەکەی ئەو، ئەوا (٢٢) ڕۆژی خایاندووە.» (میرزا غەفوور، ١٩٩١).

مامۆستا عەبدولکەریم شیخانیش دەڵێ: ”لە ڕۆژانی حوکمی عوسمانی، کە تا ڕادەیەک جیاواز بوو لەگەڵ حوکمی دەوڵەتانی عێراق و سوریا و تورکیا و ئێرانیش، کە لەدوای ڕوخانی ئەو دەوڵەتە - پیاوە نەخۆشە، عوسمانییە، درووست کران و لەسایەیی ئەواندا هەموو جموجۆڵێکی نەتەوەیی لە کورد قەدەغە کرابوو، لەسەردەمی عوسمانی، کورد بە ئاشکرا ئاهەنگی نەورۆزی گێڕاوە. شیعرێکم لە لابوو بەناوی (نەورۆزنامەی مەلا برایم)، کە لەساڵی (١٩٠٨)، بۆ نەورۆز گوتویەتی و بەداخەوە لێم ون بووە، بۆم نادۆزرێتەوە، شیعرێکی

زۆر جوانــە لەبــارەی نــەورۆزەوە و نەختێــک دورودرێژیشــە، شــیعرەکە چوارینەیــە کــە چەنــد کۆپلەیەکــە، لەبیــرە دەڵــێ:

چلە ڕۆیی شـۆ و شــــەڕی
گــوێ ئاگر و داری تــەڕی
وەختە لە ژوور تۆ دەرپەڕی
لـەو دەشتە بۆخۆت هەڵپەڕی

لە چوارینەیەکی دیکەدا، کە سێ دێریم لەبیرماوە دەڵێ:
خونچـە لەســەر چـل کۆمـەڵە
بـولبـول پـەڕی کرد بـە تــەڵە
مەل کەوتە هێڵکە و جووجەڵە
..............................

ئینجا دەڵێ:

ئینجا لە شوکرانەی سەفەر
ســەیرانکەران با بچنەدەر
زۆر بەداخــەوە ئــەو شــیعرەم بــۆ نادۆزرێتــەوە کــە ئاوێنــەی ئــەو ســەردەمەیە.» (شــێخانی، ٢٠٢٢/٣/١٣، ســەنتەری کۆییــان، ســلێمانی). نـەورۆزی سـاڵی (١٩٤٦) زۆر پێشـکەوتنی تێدا بەدیکرا لـە چاوەی ئـەوەی سـاڵی پێشـوو لـە لایـەک "بـۆ یەکەمجاریـش حیزبـی شـیوعی عیراقـی، بـە فەرمـی یەکـەم شانەی خـۆی لـە شـاری کۆیـە بەیـان کـرد و دەسـتیان کـرد بــە جموجــۆڵ و چالاکــی حیزبــی و جەماوەری.»(عەبدولمەســیح

٢٠٢١ ل. ٢٣) جـا ئەمـە هاندەربـوو بـۆ ئـەوەی چالاكەوانـان شـێوازی و ئـەدای خۆیـان بگـۆڕن و ژیرانەتـر و ڕێكوپێكتـر ئامادەكاریـی بـۆ ئاهەنگەكـە بكـەن. تەنانـەت ئـەو پێشـكەوتنەی وان، لـە چـاو نـەورۆزی شـارەكانیدیكەدا، تـا ڕادەیـەک، لـە هەمـان سـاڵ، ئاسـتێكی زۆر بـەرزی هەبـووە. مامۆسـتا كەریـم شـارەزا، لـە كتێبـی (بیرەوەرییەكانـی كاروانـی ژیانـم) یـەک بەنـدی بـۆ باسـی ئـەو نـەورۆزە تەرخـان كـردوە و پووختـەی باسـەكە ئەوەیـە كـە : حیسـامەدین تەیـب، ناسـراو بـە (شـەعب) لەگـەڵ ئەحمـەد دلـزاری شـاعیر، لـە قائیمقامـی كۆیـە مۆڵەتـی فەرمـی سـازكردنی ئاهەنـگ نـەورۆز وەردەگـرن و بـە ڕاوێژكـردن لەگـەڵ دوو هاوڕێـی دیكـە بریـار دەدەن كـە ئاهەنگەكـە لەسـەر گردێكـی نزیـک لـە سـەیرانگەی شـاخی مشـكە سـاز بكـەن. لـە هەمـان كاتیشـا كارتـی داوەتنامـە بـۆ مەلایەكانـی شـار دەنێـرن و نیشـان دەدەن لـە ئاگـر ناكەنـەوە، چونكـی لەسـەر ئاگرەكـەی پـار، هێنـدێ مـەلا توومەتـی ئاگرپەرستانیان خستبووە پـاڵ ئـەو گەنجانـە. پاشـنیوەڕۆ خوانێكـی گـەورە لـەو دەشـتە سـاز دەكـەن لـە پڵاوبرنـج و گەنگـر و ماسـتاوی مـەڕی دادەنێـن و دواتـر سـەماوەر و قۆریەچـا جۆشـدران. جەمـاوەی خەڵـک و مەلایەكانیـش ئامـادە بـن. دەربـارەی دانانـی مایكرۆفـۆن، مامۆسـتا عەبدولكەریـم شـیخانی دەڵـێ:

”بێگومـان، حكوومەتەكانـی بەغـدا، هـەر هەموویـان دژی سـەرهەڵدان و گەشـانەوەی بیـری ئازادیخـوازی كـورد بـوون، بۆیـە یادكردنـەوەی جەژنـی نـەورۆز، تـا ڕادەیـەک بـە نهێنیـی چالاكییەكانـی ئەنجامـدەدرا.“ ئـەوكات تەنانـەت پۆشـینی ڕەنگوچۆغەڵیـش، قەدەغـە بـوو، لەسەریشـی بەنـد دەكـران. جـارا هەبـوو پۆلیـس و پیاوانـی ڕژێـم هەڵیـان دەكووتـا سـەر ماڵـی تێكۆشـەرە ناسـراوەكان، بـەدوای ڕەنگوچۆغەلـدا دەگـەڕان. زبێـدەی حاجـی عەبـدوڵای كەبابچـی (١٩٢٩ ـ ) دەڵـێ:» لەسـەردەمی مەلیكـی،

فاتح ڕەسووڵی تێکۆشەر، کە کوڕی برام بوو، ڕانگوچۆغەڵێکی سووری هەبوو، من لەبن دۆشەگۆڕەی لانک، بۆم شاردبۆوە، چونکە پۆشینی ئەو پۆشاکە مەمنوع بوو.»

جەژنی نەورۆزی (١٩٤٦)، هاوبەش، هەڤاڵانی پارتیی دیموکرات و هاوڕێیانی حیزبی شیوعی، بەیەکەوە ئاهەنگەکەیان گێرا.

"ئەو سەردەمە کۆماری کوردستان لە مەهاباد جێی هیوا و ئومێدی گەلی کورد بوو وە گەلێک مامۆستا و ئەفسەر و ڕۆشنبیری کورد، بە تایبەتی لە باشووری کوردستان پەیوەندیان بەو کۆمارەوە کردبوو. ئەو باهۆزەی دیموکراسییەی کە هەڵی کردبوو، لە ئەنجامی شکان و ڕووخانی نازییەت و سەرکەوتنی یەکێتی سۆڤییەت، کە ئەوسا بە قەڵای ئازادی و ڕزگاری دادەندرا، هەموو جیهانی گرتبۆوە و عێراقیش لەوە بەدەر نەبوو، بە کوردستانیشەوە.

جگەلەوە، عێراق ئەوکاتە حەمدی پاچەچی سەرۆک وەزیران بوو سەعد ساڵح وەزیری ناوخۆ بوو، کە کەسێکی دیموکراتخواز و ڕووناکبیر بوو، تەنانەت شیوعییەکان کە لەهەموو سەردەمەکانی دیکە سەرکووت دەکران، لەو سەردەمە تا ڕادەیەک بە نمچە ئاشکراجموجۆڵیان دەنوواند.

نەورۆزی ئەو سەردەم، وەک ئێستا نەبوو کە خەڵک لە گەردی بەیانییەوە لەو دەشت و دەرە بڵاوبنەوە و بە مەنجەڵە چێشت لە گەڵ خۆیان بەرن و لە شووێنی حەسانەوەیان دەست بکەن بە گۆشت برژاندن. ئەوسا لە نەورۆزدا، مێشک و بیر پەروەردە دەکران، مەبەست لە نەورۆز هۆشیارکردنەوەی خەڵک بوو، نەک ورگئاخنین!

ڕۆژی نەورۆز دوای نیوەڕۆ، خەڵکێکی زۆر، بە ژن و پیاوەوە، ڕوویان لە شاخی مشکە کرد، بۆ ئاهەنگی نەورۆز. قەڵەباڵغییەکە بێ وێنە

بـوو، وادیـار بـوو خەڵکەکـە تامـەزرۆی پشـوودانێکی مێشـک و دەروون بـوون.

نەورۆزەکـە لـە شـاخی مشـکە بـوو، شـوێنەکە وەک سـەکۆ سـەکۆ بـوو، ئـەوەی لـە ڕێـزی پێشـەوە دادەنیشـت، بەرچـاوی ئەوانـەی دواوەی نـە دەگـرت. شـانۆ درووسـت نەکـرا بـوو، هـەر مێزێـک و چەنـد کورسـییەکیان دانابـوو. ئـەوکات کارەبـا لـە کۆیـە نەبـوو، بـۆ گەیاندنـی دەنگـی ئەوانـەی وتـار دەخوێنـەوە و قسـە دەکـەن یـان شـیعر و سـروود دەخوێننـەوە، ڕادیۆیـەک داندرابـوو، میکرۆفۆنەکـەی لەگـەڵ چەنـد ڕادیۆیەکـی دیکـە، بـە وایـەر جەلـە کرابـوو (بەیەکـەوە گەێندرابـوون) و هەموویـان بـە پاتـری تـەڕی ئۆتۆمبیـل کاریـان دەکـرد، هەرچەنـد دەنگیشـیان زۆر بـەرز نەبووا"(شـێخانی، ٢٠٢٢/٣/١٣، سـەنتەری کۆێیـان، سـلێمانی).

مامۆسـتا شـارەزا دەڵـێ، پڕۆگرامـی ئاهەنگەکـە (٧) بڕگـە و بابـەت بـوو، بـەم شـێوەیە:

١) وتـاری لێژنـەی ئامادەکاریـی ئاهەنگەکـە لەسـەر نـەورۆز و مێژووەکـەی لـە لایـەن حیسـامەدین تەیب(شـەعب) خوێندرایـەوە.

٢) شـیعرێک لەسـەر یادی نەورۆز لە لایەن عوسـمان عەونیەوە(١٩١٤-١٩٩٢) پێشـکێش کرا.

٣) هۆنراوەیـەک بـە نـاوی (تیشـکی ڕۆژی نـەورۆز) لـە لایـەن ئەحمـەد دلزار(١٩٢١ــ٢٠٢١) خوێندرایـەوە، کـە ئەمـە دەسـتپێکی بـوو:

براگەل سەیری گولزاری وەتەن کەن چەند نەخشینە
سـەرەندازی بە ئەنـدازەی چەمەن ڕەنگـاو ڕەنگینە

٤) هۆنراوەیەکـی قانـع(١٨٩٨ ــ ١٩٦٥) بـە نـاوی (یـەک دوانـدن)وەک دەمەتەقـێ لـە نێـوان حیسـامەدین تەیـب و ئەندریـۆس خەمـە (باکووری) پێشـکێش کـرا. سـەرەتا دەڵـێ:

ئەی کوڕ نەوەی کیی؟ نەوەی شێرانم
تۆ لە کام قەومی؟ قەومی کوردانم
بۆ ڕەنگت زەردە؟ دەردم گرانە؟
دەردەکەت چییە؟ کزی کوردانە.

٥) هۆنراوەی (نەورۆزنامە)ی ئەحمەد دلزار، لە لایەن موحسینی عەزیزاغا، خوێندرایەوە، کە دەڵێ:

مووژدەبێ ئەی کورد کە ئەمڕۆ جەژنەکەی نەورۆزتە
کاتی خۆشبەختی و سرور و ساتەکەی پیرۆزتە

٦) عەبدورەحمان هەناری شیعرێکی زەکی هەناری برای دەخوێنێتەوە.

٧) مام جەلال شێخ حیسامەدین، قوتابی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی، وتارێک لەسەر یادی نەورۆز، جەژنی نەتەوەی کورد پێشکێش دەکات. مامۆستا شێخانی دەڵێ: «یەکێک لە بڕگەکانی ئاهەنگەکە دەمەتەقێیەک بۆ لە شیعری عەونی نەمر(١٩١٤-١٩٩٢)، لە نێوان دوو کەسی کرمانج، واتا گوندنشین، پیرێک و گەنجێک. من ڕۆڵی پیرەکەم گێڕا و گەنجەکەش مام جەلالی نەمر(١٩٣٣ ــ ١٩١٧) بوو. من هێندێ لە بەشەکەی خۆم لەبیر ماوە ـ منی پیر چووم بۆ شار، کە گەڕامەتەوە، گەنجەکە دەنگوباسی شارم لێ دەپرسێ و من لە وەڵامدا دەڵێم:

ڕۆلە تۆ دیارە زۆر هەرزەکاری
چۆن بێ خەبەری لە باسی شاری
یاخوا کاول بی ئەو شارەی کەوا
پڕبی لە جەور و زوڵم و زۆرداری

دوای ئەوە مام جەلال قسەدەکات و دوای ئەو من دەڵێم:

هەر دووربە لە شار، هەر دەربەدەر بە
بۆ دیتن کوێر بەو بۆ بیستن کەڕ بە

................................

..................................

دوای پرسیارو قسەی مام جەلال ـ کە لەبیرم نەماون، من دەڵێم:

بــۆت بگێـــرمەوە دەنگوبـاسـی شـــار

دوو بارم پێ بوو، یەک کا بوو یەک دار

هەردووکم فرۆشت، بە ڕوبعێ دینار

باجیان لێ ساندم سێ تەقسـیم چوار

(لـەو ڕۆژگارەدا باجێـک هەبـوو پێیـان دەگـوت باجـی ئیسـتهلاک وە خەڵکـی بێویـژدان سەرپەرشـتیان دەکـرد و چاودێـرەکان پـارەی زۆریـان لەو لادێیانـە وەردەگـرت کـە بەروبوومـی لادێیـان دەهێنـا، وەک دار و کا و چیلکـە و دوای ئـەوە سـەوزە و میـوەی ئـەو گوندانـە.)

کـە ڕێوڕەسـمی ئاهەنگـی نـەورۆز تـەواو بـوو، دوو بـار داری وشـکی قەڵاگیـری دانـدرا بـوو بردیـان لـە شـوێنێکی چـۆڵ لەسـەر یەکیـان دانـا و کاک سـەمەدی حاجـی محەمـەد، هێنـدێ نەوتـی پێداکـرد و مەشـخەڵی ئاگـر بـۆ ئاسـمان بـەرز بـۆوە و بـە دەوری ئاگرەوکـە شـاییەکی نەرمیـان دابەسـت. ئەوجـا بـە گۆرانـی شـلەوخانانی ئەختـەری نەمـر(١٨٣٩ ــ ١٨٨٨)، کـە سـێوەی نەمـر (١٨٩٠ ــ ١٩٦٣) بـە نەرمـی دەیگـوت. ئـەوی سـەرنجی ڕاکێشـام و هەرگیـز لـە بیـرم ناچێتـەوە، هێنـدێ لـە گەنجـەکان کـە خومـار بـوون بـەدەووری ئاگرەکـە دەسووڕانـەوە، ئـای کـە ڕۆژگارێکـی خـۆش بوو، ڕۆیشـت و نایێتەوە!»(شـێخانی، ٢٠٢٢/٣/١٣، سـەنتەری کۆییـان، سـلێمانی).

ئـەو ئاهەنگەیـان لـە شـاخی مشـکە گێـراوە، چونکـە ئـەو کات ڕەزی ماڵـی عەبدولواحیـدی حەمـە سـدیقی (ڕەزی بەگیخانـی) لـەوێ بـووە، جـا چونکـە ئـەو زاتـە بـۆ خـۆی کەسـێکی چالاکەوانـی ڕێکخـرا و حزبییـە چەپەکانـی ئـەو سـەردەم بـوو، بـۆ دووروخسـنەوەی چـاوی پۆلیـس

و حکوومـەت چـوون بـۆ ئـەوەی، کـە بـە سـەیرانگای ئۆمەرخوچـان ناسـراوە. (ڕەزێ شـەمێ)ش، کـە هـی بەرەبابـی دلـزاری شـاعیر بـووە، دروایسێی ڕەزی بەگیخانـی بـووە. مامۆسـتا شـارەزا دەڵـێ، کـە ئاهەنگەکـە تـەواو بـوو، هێنـدێ لـە ئاهەنـگ گێـڕەکان چەکیـان پێبـوو، چ تفەنـگ چ دەمانچـە، دەسـتیان کـرد بـە تەقـەی خۆشـی و بـووە چەپڵـە لێـدان و هاواریـان دەکـرد: بـژی کۆمـاری دیموکراتـی کوردسـتان، بـژی کـورد، بـژی یـادی نـەورۆزی ئـازادی.

## نەورۆزی ساڵی (١٩٤٧):

ئاهەنگـی نـەورۆزی ئـەو سـاڵە، لـە تاتـووکان کـرا، ئـەوکات چونکـە شـیوعییەکان لـە کۆیـە دەهـات چالاکتـر بـن، بەیەکـەوە لەگـەڵ پارتیـی دیموکراتـی کوردسـتان ئـەو ئاهەنگەیـان گێـڕا. مامۆسـتا عەبدولکەریـم شـێخانی دەڵـێ:» مامۆسـتایەک بـە نـاوی عەلـی مزەفـەر، کـە پێدەچـوو فەیلـی بـێ، لـە کۆیـە دەبـێ، دەرهێنـەری شـانۆگەری ئـەو نـەورۆزە دەبـێ، کـە کاوەی ئاسـنگەر بـوو. جگەلـەوەش شـیعری (گوڵـی خوێنـاوی) گۆڕانـی نەمـر (١٩٠٤ ــ ١٩٦٢) بـە شـێوەی شـانۆگەری پێشـکش کـرا، جەمـال مـەلا کەریـم دەوری زاوا و عـارف ڕەئـووف دەوری بووکـی بینـی ــ ئـەوکات هەمـوو کـەس جورئەتـی نەبـوو دەوری ژن ببینـی.

ئاهەنگەکـە بـە چەنـدان وتـاری حەماسـی هـەردوو لا، شـیوعی و پارتـی جۆشدرا.

چەند شاعیرێک شیعریان خوێندەوە، لە نێویاندا شاعیری میللی (عەبدولڕەحمـان ئیسـماعیل ڕەسـووڵ) ناسـراو بـە (مامـە ڕووتـە) (١٩١٧ ــ ١٩٩٣).

ئەمەش چەند بڕگەیەکە لە قەسیدەکەی:

وا زســتان ڕۆیی بەفریـش تواوە
خاکی کوردســتان لەنوێ بووژاوە

بەخێربێ بەهــار، شـادیت هێنـاوە
لەخۆشــی نەورۆز، دنیــا ڕازاوە

سەیری چەند جوانە شـاخی تاتووکان
چۆن ڕازاوەیە، وەک تارای بووکان

مژە لە کۆیە و هەموو گەلی کورد
دێــوی چەپـەڵی دووبەرەکی مـرد

جەژنی نەورۆز ئەم ساڵ بەخۆشی
پێکەوە دەکـەین، بە شــادی نۆشی

لە هەمــوو لایە شــادی و ســەیرانە
بەزم و هەڵپەڕکێی دۆست و یارانە

بەخێربێی نەورۆز، جـەژنی ئازادی
کوردستان بژی بە خۆشی و شادی
(پێچی شاری کۆیە، ٢٠١٧/٣/١٦)

ئـەو لاوە خوێنگەرمانـەی، لـە چالاکییەکانـی ئـەو نەورۆزانـەدا بەشدار دەبـوون، (نـەوڕۆزی ١٩٤٦، ١٩٤٧، ١٩٤٨، ١٩٤٩) پتـر کادیرەکانـی پارتـی

دیموکـرات و حیزبـی شـیوعی عیراقـی بـوون، لـە شـارەکەدا، ئەوانیـش هێندێجـار، بەیەکـەوە نەورۆزیـان دەکـردە و هێنـدێ جاریـش بـە جیـا.
لـەو چالاکوانانـەی ناویـان هاتـووە، ئەحمـەد دلـزاری شـاعیر، تێکۆشـەر فاتیـح ڕەسـوڵ، جـەلال تاڵەبانی(قوتابـی)، شـەهید دکتـۆر خالیـد حەمـە سـەعید، عەبدولـرەزاق بیمـار، شـیخ جەنگـی تاڵەبانـی، کەریـم شـارەزا، عەبدولکەریـم شـێخانی (قوتابـی)، عومـەری مـام عـەوڵا، مەحمووداغـای کاکـە زیـاد، دڵداری شـاعیر، عوسـمان عەونی، ڕۆسـتەم حەوێزی، عوسـمان خۆشـناو، عەبدولواحیـد حەمەسـەدیق، عەبدولڕەحمـان مەحمـوود حەوێـزی ناسـراوە بـە عەبدوڕەحمانـە شـێتە، حەمـە عەلـی مـەلا سـاڵح، موحسـیناغای حەوێـزی، واحیـد حەمکـول، مامۆسـتا حەمەدەمیـن مەعـروف، بیلالـە فەنـدی، حیسـامەدین تەیـب (شـەعب)، عەبدوڕەحمانـە ڕووتـە، حەسـەن کاکـە، عەلـی مەولـود داربەسـەری، حەمـە عەلـی مـەلا سـاڵح ، حەمـە بگـرەز، جەمـال عەبدولکەریـم حەمـەلاو، عـارف ڕەئـوف، مامۆسـتا حاجـی محێدیـن ئەسـعەد، مامۆسـتا خالیـدی حەمـەدی کەریمـی، مامۆسـتا جەمـال تۆفیـق، مامۆسـتا جەمـال حاجـی تایـەر سـاڵحی، مامۆسـتا جەمـال حسـێن غەفـووری. مامۆسـتا موعتەسـیمی مـەلا مەجیـدی. مامۆسـتا عەلـێ حەوێز...تـاد.).

## نەورۆزی ساڵی (١٩٤٨):

بـەڵام نـەورۆزی (١٩٤٨) بـووە دوو نـەورۆز، حیزبـی شـیوعی، ئاهەنگی نـەورۆزی خـۆی لـە تاتـووکان کـرد.» (عەبدولکەریـم شـێخانی ٢٠٢٢)

نابـێ ئەوەشـمان لەبیربچـی، لەسـەردەمی پاشـایەتی، هەرچەنـدە ئـەو جەژنانـە بـە فەرمـی ڕێپێـدراو نەبـوون، بەڵام پۆلیـس و پیاوانـی ئەمنیش، چاوپۆشـیان لێدەکـردن و خۆیـان تێنەدەگەیانـدن، بـۆ ئـەوەی جەماوەرەکە

نەورووژێن و ئاژاوە ڕوونەدا. چالاکییەکانی ئاهەنگەکە بریتی بوون لە خوێندەوەی وتاری حەماسی و شیعر و سروود و گۆرانی، ناوە ناوەش، تەمسیلی کاوە و زوحاکیان، بۆ ئامادەبووان، نمایش دەکرد.

حەسەن کاکە، لە بیرەوەرییەکانیدا دەنووسێ: "پێش ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی، دوو ئاهەنگی نەورۆزم لە یادە، کە بەڕاستی سۆزیی کوردایەتیی و هەستی نەتەوایەتیی جەماوەر، بەتایبەتی گەنجانی خرۆشاند و گڕی حەماسەتی لە دەروونمان بەردا. نەورۆزی ساڵی (١٩٤٨)، وەك سەدان خەڵکی تری شار، بۆ بەشداری کردن و هاوکاری، دەچووینە (تاتووکان)، بۆ بینینی ئاهەنگەکە، کە دەستەیەك لە چالاکوان و ڕۆناکبیرانی ئەو سەردەمە دەیانگێڕا. چاکم لە بیرە لە شانۆگەریی (کاوەی ئاسنگەر)، حەمە عەلی مەلا ساڵح و موحسیناغای حەوێزی و عەبدولڕەحمانە شێتە و واحێد حەمکوول، بەشداریان تێدا کرد. هەروەها لە نمایشی ئۆپەریتی (گوڵی خوێناوی)یش، عاریف ڕەئووف، ڕۆڵی بووك و جەمال عەبدولکەریم، ڕۆڵی زاوای دەگێڕا .

ئەوسا چەند ڕۆژێك پێش نەورۆز خۆ ئامادە دەکرا، تەنانەت لەسەر گردی (تاتووکان)، کەپریان دروستکردبوو، شەو پاسەوان و ئێشکچییان دانابوو. نەکو ناحەز و پیاو خراپ، سەکۆ و شانۆیەکە تێك بدەن و گێڕەشێوێنی بنێنەوە.»(حەسەن کاکە ٢٠١٥ ل. ١٥) لەو نەورۆزەدا» برازەیەکی دڵداری شاعیر، بە ناوی نەرمین ئاسەف، کە کچۆڵەیەکی دە دوانزدە ساڵان بوو، شیعرێکی دڵداری خوێندەوە.»(عەبدولکەریم شێخانی، ٢٠٢٢)

تاوەکو کودەتای (١٤ی تەممووزی ١٩٥٨) سەیرانەکانی جەژنی نەورۆز لە کۆیە، لەو سەیرانگا و باخ و دەشت و دەرانەی دەووری کۆیە دەکران،

وەکـو سـەیرانگای تاتــووکان، کانییەقــەرە، شـاخی مشـکە، حەمامـۆک، دەرماناوان...تاد. پتر هەر کوڕوکاڵ و پیـاو ئامـادە دەبوون، ژنـان کەمتـر دەچوونـە سـەیری ئـەو ئاهەنگانـە، خـۆ ئەوکاتیـش، زۆربـەی مـەلاکان دژی کردنـەوەی ئاگـر و جەژنەکـە بـوون. بـەڵام پاشـنیوەڕۆیەکان، خەڵـک، دەسـتە دەسـتە، شـتومەکی سـەیرانی هەڵدەگـرت و بـە پێیـان دەچوونـە ئـەو شـوێنانە و بـە شـایی و هەڵپەڕکـی تـا زەردەپـەڕ، ڕۆژەکەیـان بەسـەر دەبـرد. تەنهـا چایـان لێدەنـا، ئـەوان دوای نانخواردنـی نیـوەڕۆ لـە مـاڵ دەردەچـوون و شـار، نمچـە چـۆڵ دەبـوو.

چونکـە، دوای نـەورۆزی (١٩٤٨) تـا (١٤ی تەمـووزی ١٩٥٨)، جموجـۆڵ و چالاکیـی هـەردوو پارتیـی سیاسـی و جەمـاوەری لـە کۆیـە زۆر کاریگەربـوون، چەنـدان خۆپێشـاندان و مانگرتـن و هێرشـکردنە سـەر دامـودەزگا حکومییـەکان ڕوویـدا، وەک: خۆپێشـاندانی وەسـبە لـە (١٩٤٨/٣/١)، سـووتاندنی سندووقی هەڵبـژاردن و ڕووداوی مام ئەسعەدی کفنلەبـەر (١٩٥٣/١/١٧)، خۆپێشـاندانی (١٩٥٣/١٢/١٥)، سـووتاندنی سینەمای سـەفەری و تەقـە و کوشـتن و برینداربـوون لـە خۆپێشـاندانی (١٩٥٥/٢/٢٣و ١٩٥٦/٢/٢٠)، دەیـان لـە چالاکـوان و خەباتگێـڕەکان دەگیـران و ڕەوانـەی هەولێـر و کەرکـووک و بەغـدا و بەندیخانـەی نوگـرە سـەلمان دەکـران و دووردەخرانـەوە. ئەمانـە تـا ڕادەیـەک کاریگەریـان لەسـەر جەژنەکانـی نـەورۆز هەبـووە و تەگەرەیـان زۆر بـۆ دروسـتکراوە.

زیندانییـەکان، ئێـوارەی نـەورۆز، لـە بەندیخانەکانـدا، هـەر هیـچ نەبووایـە، بـۆ ئاگـری نـەورۆز، وەک ڕەمزێـک، چەنـد دنکـە شـقارتەیەکیان، دەچەقانـد و دەسـووتاند. شـەهید عەلـی مەولـوود دەگێڕێتـەوە: "ئێوارەیەکـی مانگـی ئـادار بـوو، ئەوەندەمـان زانـی ژوورکەمـان لـە گرتووخانـەی نوگرەسـەلمان بـووە چـرە دوکەڵێـك چـاو چـاوی

نەدەدیـت... لەنـکاوڕا دەرگا کرایـەوە و چـوار پۆلیسـی حەرەسـی سـجن، بـە خۆیـان و قەمچـی و تۆپـزی نـاو دەسـتیان، لێمـان بـەژووری کەوتـن و کەوتنـە دارکاریکردنمـان، دووانیـان کەوتبـووە دارکاریکردنـی مـن و دووەکـەی دیکـەش عەبدوڵـڵا گۆرانـی شـاعیریان، لـە گۆشـەی ژوورەکـە پەسـتا بـوو، حەسـیر مەیدانیـان دەکـرد، بـەڵام چ حەسـیر مەیدانێـك! هەتـا شـلوکوتیان نەکردیـن وازیـان لێنەهێنایـن، کـە مـن پێمگوتـن، ئێسـتا پێمـان ناڵێـن، ئێمـە چیمـان کـردوە، لەسـەرچی دارکاریمـان دەکـەن؟ پۆلیسـێکیان، تۆپزەکـەی دەسـتی بـۆ مـەلا کەریـم درێژکـرد و بـە تۆڕەییـەوە شـێڕاندی:

ـ ئـەو سـەگبابە، ئـەو مەلاکەریمـە، چووزانـی ئەمـڕۆ نـەورۆزە و بچـێ بەتانییـە بسـووتێنێ وئاگـری نـەورۆز بکاتـەوە، ئەگـەر ئەتـوو و عەبدوڵـڵا فێرتـان نەکردبـی. دەزانـن ئـەو گیـل و معەویقـە!

مەلاکەریـم، کـە ئەویـش لەگـەڵ ئێمـە بەندکرابـوو و هاوڕێـی حیـزب بـوو، کابرایەکـی سـەقەت بـوو، دەسـتی گـۆج بـوو، قاچـی شـەڵ بـوو، ملـی خـوار بـوو، چـاوی خێـل بـوو، هیـچ ئەعـزای بەدەنـی نەبـوو سـەقەت نەبـی. ئەوجـا مـن و گـۆران چووینـە سـەر سـەری مـەلا کەریـم و لـە داخـێ ژان و ئـازاری خۆمـان، پێمـان گـۆت، بەوخودایـەی، سـەقەت نەبووبـای، ئێسـتا هێندەمـان لێـدەدای، سـەقەتمان دەکـردی، بـەڵام ئێسـتا چـت لـی بکەیـن و لێکێندەرێـت بدەین!»(فـاروق ٢٠١٩ ل. ٤٨)

کودەتـای (١٤ی تەممـوزی ١٩٥٨)، کۆتایـی بـە (٣٧) سـاڵ حکومڕانـی پاشـایەتی لـە عێـراق هێنـا و بـووە سـەرەتای سـەرەدەمێکی نـوێ، کـە سـەرلەبەر شـێواز و سیسـتمی سیاسـی و حکومڕانـی و ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و فکری...تـاد.، ئـەو وڵاتـەی گـۆڕی.

دەرگای ئازادییـەکان، لـە سـەرەتادا، کرانـەوە، بژێـوی خەڵـک باشـتر بـوو،

حیزب و ڕێکخرا و سەندیکاکان، دەرگایان واڵا بوو.... ئەوانە هەموو ڕەنگانەوەیان لە جموجۆڵ و چالاکیی حیزبەکان و جەماوەر هەبوو.

نەورۆزی (١٩٥٩)، یەکەمین نەورۆزی سەردەمی کۆماری بوو. لە کۆیە هەردوو حیزب، پارتی و شیوعی، گەورەترین ئاهەنگی نەورۆزیان لە مێژووی شارەکەدا گێڕا. ئاهەنگەکە، کە ئامادەکاریی باشی بۆکرابوو، لە گۆڕەپانی تۆپی پێ بوو، لە پشت نەخۆشخانەی کۆماری، ئەو دەم ــ خوار سەرای نوێی ئێستا. قەنەفە و کورسی و لاتەخت لە لایەکی گۆڕەپانەکە، پشت لە خۆر، بۆ گەورە پیاوانی شار و میوانەکان، ڕیزکرابوون. ئەو کورسی و قەنەفانەیان بە زۆری لە چایخانەکان دەخواستەوە، هەشبوو هێ دائیرەکان بوو. ژنان لە گردی عەرەبییانەوە، کە بەسەر گۆڕەپانەکەیدا دەڕوانی، دانیشتبوون، جەماوەرەکەش لە هەر چوار دەوری گۆڕەپانەکە، تەماشای ڕێوڕەسمی ئاهەنگەکەیان دەکرد و چەپڵەیان لێدەدا و دڵخۆشی خۆیان نیشان دەدا. چەندان سیاسەتمەدار و شاعیر و ئەدەب و شانۆکار و مۆزیکژەن تێیدا بەشدار بوون. شیعری حەماسی تێدا خوێندرایەوە، جگە لە سروود و شانۆی کاوەی ئاسنگەر. بۆ یەکەمجار، هەر سێ بڵندگۆیەکانی سەر گومبەزی مزگەوتی گەورەیان هێنابووە ئەوێ. تا دوای عەسر، ئاهەنگەکە بەردەوام بوو. بازاڕ بە تەواوی داخرا بوو، کۆیە هەمووی هاتبووە تەماشای ئەو ئاهەنگە. سەر لەئێوارەکەشی، لەسەر لوتکەی باواجی و کۆسار و هەیبەسوڵتان و سەر گردۆڵکەکان و سەر شوورەی قشڵە و لە سەربانەکانی شار ئاگرا کرابۆوە.

ئاهەنگی جەژنی نەورۆزی (١٩٦٠) لە گۆڕەپانی کۆنە سەرا سازکرا، دوای ئەوەی مۆڵەتی فەرمی بۆ وەرگیرا. لەم ئاهەنگە تیپی مۆسیقای باواجیش بەشدار بوو و سردووی نەورۆز و چەند گۆرانیەکی پێشکێش

کرد. بڕگەکانی پڕۆگرامەکەی ئەمانە بوون: وتاری ئاهەنگ لە لایەم مەلا محەمەد دلاوەر، وتارێک و هۆنراوەیەک لە لایەن ئەحمەد دلزار، محەمەد حەیدەری و ئەکرەم عەبدولقادر و وریا قادر(قوتابی) بە جیا وتاریان خوێندەوە، خوشکە فریشتە و کەریم شارەزاش سەرو شیعرێکیان خوێندەوە. بەڵام نەورۆزی (١٩٦١) دوو ئاهەنگ بوو، جەماوەری شار بوو، بەسەر بەرەی پارتی و بەرەی شیوعییەکان دابەش ببوون. نەورۆزی پارتی لە گردی مامئەحەی بەڕێوەچوو، بەرانبەر قشڵەی، بە دیوی زرێبارێ. هی شیوعییەکان هەر لە گۆڕەپانی تۆپی پێ بوو. ئەوەی ڕاستی بێ، ئەو دەم، شەپۆلێکی بیری چەپ و شیوعییەکان، زۆربەی گەڕەکەمانی شاری گرتبۆوە، تەنانەت گەڕەکی بایزاغا، بە گەڕەکی مۆسکۆ ناوزەند دەکرا. زۆربەی فەلاحی گوندەکان هەواداری شیوعییەکان بوون، کە دژی دەربەگ و ئاغا چالاکیان دەنوواند. ئەوەشمان لەبیرنەچی لە کەرکووک و موسڵ، کووشت و کووشتاری خوێناوی ڕوویدا، تا ڕادەیەک، جەماوەرەکە دەهات گیانی توندڕەوی تێیدا چەکەرەبکات. چەند جارێکیش لە بازاڕ، شەرەدەمێ و دەستلێک وەشاندن، لە نێوان، ئەندام و هەوادارانی ئەو دوو حیزبە ڕوویدا. ئەمانە، گەرچی حەماسەتی حیزبییەکانی گەرم کردبوو، بەڵام عەوام و جەماوەرە بێلایەنکەی سارد کردبۆوە. بۆیە ئاهەنگی هەردوو حیزب، گەرمگوڕی و حەماسەتی نەورۆزی (١٩٥٩)یان پێوە دیار نەبوو، بەڵکو، بە پەلار و تەنز، ئەو دوو حیزبە، ڕەخنەشیان لەیەکدی دەگرت.

لە (١١ی ئەیلولی ١٩٦١)، دوای سەرنەگرتنی هەموو هەوڵە سیاسی و حیزبییەکانی کورد، لە گەڵ ڕژێمی بەغدا، بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ (مەسەلەی مافی نەتەوەیی کورد)، بەیاننامەی هەڵگیرسانی شۆڕش ڕاگەیندراو، هەموو بارودۆخی وڵات شڵەژا و بە بارێکی سەخت و

دژووار و خوێناوی پڕ کارەساتبار داکەوت.

بۆ جەژنی نەورۆزیش، وەک جەژنەکانی دیکە، تاوەکو ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، گۆڕینەوەی کارتی جەژنەپیرۆزە، باوە بوو، بە تایبەتی لە نێو قوتابی و ڕۆشنبیرو ئەدیبان دا. کارەتەکانیان پێش جەژن بە پۆست بۆ هاوڕێ و دۆست و خزمەکانیان دەنارد. وێنەی کارتەکان، گوڵ و ئاگر و بەهار و تەیر و پەپوولە و سرووشت و نووسینی جوان جوان بوون. ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانیش پیرۆزباییان بڵاودەکردەوە و ساڵانەش، لە سلێمانی ساڵنامەی بچووکی بەرباخەڵ، چاپدەکراو لە شارەکان دەفرۆشرا.

لە کۆیە، قەت ڕێوڕەسمی (نەورۆزییە) نەکراوە، بەڵام لە شارەکانی باکوور و تەنانەت لە شاری سلێمانیش کراوە. لە شەوی نەورۆزدا، منداڵان، کوڕ و کچ، توورەگە یان خورج دەکەن شانیان و بە کۆمەڵ کۆمەڵ، دەچنە بەر دەرگای ماڵان، وەکو شەوی بەرات، بەیەکەوە و بە گۆرانی دەڵێن:

نەورۆزییە ... نەورۆزییە
پابە، بدەن نەورۆزییە

نەورۆزییە ... نەورۆزییە
پابە، بدەن نەورۆزییە

هەلۆکان ومەلۆکان
دایک و بابی جندووکان
ناردوویانم بۆ هێلکان

چاوجوان بۆکیی بە هەواقە
(١٣٠) سوار ڕاوەستاوە
خودا شەو و ڕۆژی داناقە
کوڕتان ببێ بە زاوا
هەلاقە، مەلاقە
کوڕتان ببێ بە زاوا

کابانی دەست بەزێڕە
دەستێک لە ماڵ بگێڕە
شکتێکمان بۆ بنێرە

نەورۆزییە ... نەورۆزییە
پابە، بدەن نەورۆزییە (zarok TV)
ئەوجا، ماڵاکان نەوروزانە بەسەر منداڵەکاندا دەبەشنەوە، شتی وەکو هێلکە، گوێز، مێووژ، هەنجیر، باسووق و سجووق، گژنیژ و شەکرۆکە و خورما...تاد

لەگەڵ ئینقلابی (٨ی شوباتی ١٩٦٣) ی بەعسییەکان، کۆیە کەوتە دەست پێشمەرگە، لە ئاهەنگی نەورۆزی ئەو ساڵەدا، کە دیاردەی هێزی چەکداری بەسەریدا زاڵ بوو، تەنانەت ژنیش هەبوو، دەمانچەی لە قەدی خۆی بەستبوو، بۆ یەکەمینجار، سەرکرایەتیی کورد، لە بەیاننامەیەکی حیزبیدا، ماف و داواکارییەکانی میللەتی بۆ جەماوەری ئامادەبوو خوێندەوە.
لەبیرمە، زۆر شیعر و وتاری حەماسی لەو نەورۆزودا خوێندرایەوە،

زاهیـری حەمـەدی تەهای(کـە خـۆی و هاوسـەر و منداڵەکانـی لـە سـاڵی ١٩٨٨ ئەنفـال کـران)، ئـەو کات لاو بـوو، شـیعرێکی خوێنـدەوە کـە ئەمـە دەسـت پێکـی بـوو:

بـەڵێنـم داوە بـەو کـوردســـــتانە
بـە خاک و خـۆڵی ئەو نیشـــیتمانە
کە پێشـمەرگە بـم هەتـاکو مـاوم
بە ڕۆح و بە گیان، بە دڵ و چاوم

هـەر لەمساڵەشـدا، بـە ئامادەبوونـی مـەلا مسـتەفای بـارزان، پارتـی کۆنگرەییەکـی نەتەویـی لـە کۆیـە بەسـت. لـە (١٩٦٣/٦/٢٢) سـوپای عێـراق، بـە هاوکاریـی تـۆپ و تانـک و فڕۆکـە، شـاری کۆیـەی گرتـەوە، بەوجـۆرە، شـارەکە کەوتـە دەسـت جەلادانـی بەعس و حکومی سـەربازییان بەسـەردا سـەپاند، چەنـدان قەسابخانەیان بـۆ خەڵکـی سـڤیلی شـارەکە دانـا و لـە (٤ و ٣٠ ی حوزەیرانـی ١٩٦٣) بـە دوو وەجبـە، چەنـدان کەسـی سـڤیلی بێتاوانیـان لـە دینگـە پێچـا و بە بەرچـاوی خەڵکـەوە گولـلەبارانیان کردن.

لـەو ڕۆژەوە تـا نـەورۆزی (١٩٧٠)، هەمـوو ئاهەنگەکانـی شـارەکە بـەم جـۆرە بەڕێـوە دەچـوو:

چونکە، چیا و گرد و بەرزاییەکانی شار ڕەباییەی سـوپا و جاشـی لێبوو، گەنجـەکان نەیـان دەتوانـی لە شـوێنە بـەرزەکان ئاگـر بکەنـەوە، بۆیە، وەک دەربڕینـی یاخـی بوونێـک، لـە گۆڕەپـان و سـەربانەکان، هێنـدە ئاگریـان دەکـردەوە، شار لـە چڕەدوکەڵدا دەخنـکا. پیاوانـی ڕژێـم، خۆیـان بـۆ ئـەو ڕۆژە ئامـادە دەکـرد، بـە جـادە و شـەقامەکاندا، بـە زرێپـۆش و چەکـەوە دەسـوڕانەوە، هەوڵیشـیان دەدا ئاگرەکانـی گۆڕەپانـەکان بکوژێننـەوە. بـۆ ئاهەنگگێـڕان، لـە سـالانی (١٩٦٦) و (١٩٦٧)، کـە باڵـی مەکتەبـی سیاسـی پارتی(جەلالییـەکان)، دەسـتی لەگـەڵ حکوومـەت تێکـەڵ کردبـوو، لـە

قوتابخانـەدا، بۆنەیەکیـان ساز دەکرد، پتر هـەر هەوادارانی خۆیـان بوون. سـەیرانکردن لـە ڕۆژەکـدا کـەم بـوو، خەڵکەکـە لەشـار دوور نەدەکەوتـەوە. زۆرجـار، شـەوانی نـەورۆز دەبـووە تـەق و تـۆق، پێشـمەرگە، پەلامـاری ڕەبایـەوە و مەکۆکانـی حکوومەتیـان دەدا. بەدزییـەوە، بـە شـەو، لەسـەر دارودیـوار، درووشـمی کوردایەتـی، بـە بۆیـە دەنووسـرا، پیاوانـی ڕژێـم، بـە ڕۆژ دەیانسـڕێنەوە. دروشـمەکانی شـیوعییەکان بۆیـەی سـوور بـوو، ئەوانـی پارتـش زەرد. جاریـش هەبـوو لافیەتـی گەورەیـان لـە شـەقامی سـەرەکی شار بـە تەلـی کارەبـا هەڵدەواسـی، ڕۆژەکـەی خەڵـک دەیدیـت و دەیخوێنـدەوە. لـە سـاڵی (١٩٦٧) چالاکەوانـی شـیوعییەکان، لافیتەیەکـی گەورەیـان لـە ناوەنـدی شـەقامی، بـەردەم سـەرای کـۆن (فولکـەی حاجـی قـادری ئێسـتا)، بـە تەلـی کارەبـا هەڵواسـی بـوو، ئـەوان بـە فەنوفنوونێکـی تایبـەت، دەیانزانـی چـۆن ئـەو لافیاتانـە لـەو تەلانـەی کارەبا بئاڵێنـن. ئـەو ڕۆژە، تاوەکـو نیـوەڕۆ، پۆلیـس و پیاوانـی ئەمـن، نەیانتوانـی ئـەو لافیتەیە لێکەنـەوە، دواتـر، کێبڵەکـەی کارەبایـان پچڕاند. بۆ نووسـینی درووشـمیش لەسـەر دیـوارەکان و دینگەکانـی شـار، چالاکوانـەکان، لەسـەر تەنەکـە، کلێشـەی نووسـینەکەیان هەڵدەگەنـد، تـا بـە گـورج و گۆڵـی کارەکەیـان ڕاپەڕێنـن، زوو فلچـەی بۆیاغیـان بەسـەر دادەینـا و نووسـینەکە کۆپـی دەبـوو. تـا ئـەو دوایـەش هێنـدێ لـەو نووسـراوانە لـە هێنـدێ شـوێنی لاچەپـی شـاری کۆیـە بـە کاڵـی هەرمابوونـەوە.

نـەورۆزی (١٩٧٠)، تایبەتمەنـدیی خـۆی هەبـوو، بەیاننامـەی (١١ی ئـادار) خوێندرابـۆوە و پارتیـی دیموکراتـی کوردسـتان، دەسـەڵاتی بەسـەر هەموو ڕێکخـراو و دامـودەزگا حکومییـەکان هەبـوو، لـە گۆڕەپانـی تۆپـی پـێ، نەورۆزێکـی گـەورەی پـڕ لـە حەماسـەت و نەشـووەی سـەرکەوتن گێـڕدرا. جگـە لـە سـروود و گۆڕانـی تەمسـیل و شـانۆ، شـیعری زۆر و وتـاری زۆری

تێدا خوێندرایەوە.

لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شەڕ، لە ساڵی بەهاری (١٩٧٤)، دیسان بارودۆخی وڵات پشێوی تێکەت و خەڵکێکی زۆر ڕوویان لە شاخ کرد و چوونە ڕێزی شۆڕش. دیسان نەورۆز بۆوە، شەڕە ئاگرکردنە و چرەدوکەڵی شاران. ڕۆژەکانی نەورۆز، هیچ ئاهەنگ و سەیران و خۆشییان پێوە دیار نەبوو شەڕ و پێکدادانی خوێناوی لە هەموو بەرەکانی کوردستان بە قورسی بەردەوام بوو.

لە نەورۆزی (١٩٧٦) خوێندکارانی دواناوەندی کوڕان لە کۆیە، لە دژی هەڵسوکەوتی نامرۆڤانەی بەعس لەو نەورۆزەدا خۆپیشاندانێکی گەورەیان ڕێکخست و بە هوتاف لێدان و گوتنەوەی سرووی ئەی ڕەقیب، بە شەقامی سەرەکیی شاردا کەژاویان بەستبوو، لە بەر دەرگای ماڵی کۆنی قائیمقامی کۆیە، پیاوانی ئەمن، دەست بە چەک، پەلاماری خۆپیشاندەرەکانیان داو، هێندێکیان گرتن و زۆربەشیان توانیان خۆیان دەرباز بکەن و بەرە و زرێبارو حەمامۆک بچن دواتر وەردە وردە هاتنەوە ناو شار. بەڵام لە نەورۆزی (١٩٨٢) خوێندکاران خۆپیشاندانی گەورەتریان ئەنجامدا و، شەڕەتەقەی تێکەوت وخەڵک تێیدا شەهید کران، لە نێویاندا خاتوو شوکریەی قادری کاروانچی و ئەحمەدی تاور لەیلی کە کوڕی پیرێژنێکی هەژار بوو. بە دەیان خۆپیشاندەر و چالاکوانیش گیران و ڕەوانەی زیندانەکانی کەرکووک کران.

هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، تاکو ڕاپەڕینی (١٩٩١)، سەردەمی خامۆشیی جەژنی نەورۆز بوو لە کۆیە و کوردستان، شەڕی خوێناوی هەشت ساڵەی عێراق ـ ئێران و دواتر شاڵاوی ئەنفال و کیمیابارانی کردنی هەڵەبجە و بادینان و چەندان شوێنی دیکە، ترووسکای خۆشیان

لـه دڵ و دەڕوونـی کەسـدا نەهێشـت. پێویسـتە، لێـرە ئاماژەیـەک، بـۆ وەسـیلەیەکی نوێـی بەرەنگاربوونـەوی دوژمـن بکـەم، کـە گەنجـەکان دایانهێنـا بـوو و زۆریـش کاریگەربـوو، ئەویـش ئەوەبـوو، لـە زۆر شـوێنی وەک، سـەرکۆڵان و گۆڕەپـان وچایخانـەکان و لـە نێـو ئۆتۆمبیلانـدا، سـروودە نەتەوایەتییەکانـی تایـەر تۆفیـق و محەمـەد جـەزا و حەسـەن زیـرەک و خالیـد دلێریان...تـاد.، بـە موسـەجەلە، بەدەنگـی بـەرز لێـدەدران، خەڵکیـش لەسـەر ئـەوە دەگیـران و زیندانـی دەکـران.

نـەورۆزی بەهـاری (١٩٩١)، زۆر جیـاواز بـوو، بەهـاری ڕاپەڕیـن بـوو، لـە ئێـوارەی نـەورۆز کەرکـووک، ئـازاد کـرا، هەمـوو شـاخ و چیاکانـی دەوری شـاری کۆیـە بڵێسـەی ئاگـر بـوون، خەڵـک زۆر دڵخـۆش بـوو، بـەڵام چونکـە شـاری کۆیـە هێشـتا پرسـەدار بـوو، بـە شـەهیدبوونی پتـر (٣٤) کەسـی سـڤیل و پێشـمەرگە، لـە ژن و پیـاو. لـە ئازادکردنـی کۆیـە و شـارەکانی دیکـەدا، خەڵـک سـەیران و ئاهەنگـی نەگێـڕا. ئازادکردنـی کەرکـووک، لـەو نـەورۆزەدا، گەورەتریـن ئاهەنـگ بـوو لـە دڵـی جەمـاوەرە ڕاپەڕیـوودا.

لـە بەهـاری (١٩٩٢ تـا ٢٠٠٠)، تـا ڕادەیـەک شـێوازی یادکردنـەوەی جەژنـی نـەورۆز هێنـدێ گۆڕانکارییـان تێـدا دەبینـرا. بێگومـان دوای (١٩٩٤)، دوای شـەڕێکی خوێنـاوی لـە نێـوان پارتیـی دیموکراتـی کوردسـتان و یەکێتیـی نیشـتیمانی کوردسـتان، هەرێـم بـووە دوو ئیدارەیـی. شـێوازی ئاگرکردنـەوە، لـە سـووتانی تایەیـی لاسـتیک و کەچەوپەچـە، کـە چڕەدوکەڵـی زیانبەخشـی بـۆ ژینگـە و تەندروسـتی دروسـتدەکرد، بـووە یـاری ئاگریـن و ئاگـری کـەم دوکـەڵ، پتریـش لەسـەر لوتکـەی چیـاکان ئاگریـان دەکـردەوە. شـەوی نـەورۆز، لـە کەناڵـە تیڤییـە زۆرەکان، بەرنامـەی تایبـەت پەخـش دەکـرا. لـە هێنـدێ هـۆڵ و یانـە و چێشـتخانە و هۆتێلـدا، ئاهەنگـی تایبـەت، کـە بـە پلیـت بـوو، بـە بەشـداری گۆرانیبێـژ

و مۆزیکژەنـی کـوردی سـاز دەکـرا.  ڕۆژی نەورۆزیـش، چونکـە خەڵـک بژێـوی باشـتر بـوو و ئۆتۆمبیـل زۆر بـوو، سـەیرانکردن بـۆ دەرەوەی شـار بـووە شـتێکی بـاو، کۆییـەکان تـا بەنـداوی دووکان و دۆڵـی خۆشـناوەتی و شـەقەڵاوە دەچـوون.  دانیشـتنەکانیان هـەر خۆیـی بـوون، بـە پێچەوانـەی چلـەکان و پەنجـاکان، کـە شـایی و ڕەشـبەڵەکی گـەورە دەگێـڕادراو، خەڵک بـێ فـەرق و جـودای تێیانـدا بەشـدار دەبـوون. لـەو دەمـەوە تـا ئیمـڕۆ، پۆشـاکی نـوێ و جـوان و ڕازاوە، بووەتـە بەشـێک لـە جەژنـی نـەورۆز، نەک هـەر بـۆ ژن و منداڵ،  تـا ڕادەیـەک، بـۆ پیـاو و پیرەمێرەدەکانیـش بووەتـە نەریتـی نـوێ. هـەر لـە بەهاریشـدا، ڕۆژی پۆشـاکی کـوردی داهێنـرا. بۆیـە مانگێـک پێـش جەژنـی نـەورۆز، بـازاری کۆتاڵفـرۆش و بـەزاز و بەرگـدروو، بـاش گـەرم دەبـوو، بەتایبەتـی بـۆ بڕینـی جلکـی کـوردی ژنانـە و پیاوانـە، بــە چەنــدان مۆدێــل و دیزاینــی تــازە داهێنــراو. چاپکردنــی ســاڵنامەی کـوردی جـوان جـوان و قەبـارە جیـاواز، لـە لایـەن کۆمپانیـاو و کارگـە و دامـودەزگا و خـاوەن پیشـەکان ـ وەک ئامرازێکـی ڕێکلامیـش بـۆ خۆیـان، بـووە نەریتێکـی سـاڵانە، وەک دیاریـی دەبەشـرانەوە.

گوندەکانــی وراتــی کۆیــەش، وەکــو گوندەکانــی دیکــەی کوردســتان، تــا ســاڵی (١٩٩١)، جەژنــی نەورۆزیــان نەبــووە، لــەو ســاڵەوە، ئەوانیــش، بــە هاوکاریــی هێــزە چەکدارەکانــی ناوچەکــە، ئاگریــان دەکــردەوە و لــە شــارەدێیانیش،   خەڵکیــان کۆدەکــردەوە وتــار و شــیعرییان بــۆ دەخوێندنــەوە.

بـەڵام، «پێشـمەرگەکان، ئەگـەر لە بارەگاکان بوونایە، بە گۆرانی و سـروود و قسـەی خـۆش شـەوی نەورۆزیـان دەبـردە سـەر. ئەگـەر لـە دەشـتی کۆیـە بوونایـە، زۆر جـار یـەک دوو چالاکییـان لـە ئێـوارەی نەورۆزەکـەدا، بـۆ تۆقاندنـی دوژمـن، ئەنجـام دەدا. لەسـەر لوتکـەی چیـای باواجـی و

حاجی قەڵا و لوتکەکانی دیکە، ئاگری خۆش و گەورەیان دەکردەوە تا دوژمن ببینێ و خەڵکی شاریش دڵی پێخۆش بێ.»(پشتیوان ٢٠٢٢).
ئیستگەکانی شۆڕش، کە چەند ئیستگەیەک بوون، ڕۆژانی پێش نەورۆز و لە نەورۆزدا، وتار و شیعر و سروودی حەماسی زۆریان پەخش دەکرد و سەرۆک حزبەکان پیرۆزبایی جەژنیان لە جەماوەر دەکرد. خەڵک تامەزرۆی بیستنی هەواڵ و چالاکییەکانیان بوو، هەرچەندە ماوەی پەخشی ئەو ئیستگانە کورتیش بوو.

نەتەوە یەکگرتووەکان، لە (١٠ی نیسانی ٢٠١٠) جەژنی نەورۆزیان بەفەرمی وەک جەژنێکی جیهانی ناسی، بەمە جەژنەکە چووە بازنەی جەژنە جیهانییەکانی دی کە چەندان نەتەوە و کۆمەڵگا ساڵانە یادیان دەکەنەوە.

## جەژنی کرێکاران:

(١ی ئایـار)، جەژنــی کرێکارانــی جیهانــە، لـەو ڕۆژەدا لەسەرتاسـەری جیهـان، کرێـکاران بـەدەر لـە ڕەگـەز و نەتـەوە و ئاییـن و زمـان و کلتـوور و بیروبـاوەڕ، بـە درووشـمی «کرێکارانـی جیهـان یەکگـرن» چالاکـی دەنوێنـن و داوای مـاف و داخوازییەکانـی خۆیـان دەکـەن. سەرگوزشـتەی ئـەو جەژنـەش بـۆ ئـەو ڕۆژە دەگەڕێتـەوە کـە کرێکاران لـە (١ی ئایـاری ١٨٨٦) لە شـیکاگۆ لـە ئەمەریـکا، داوای کەمکردنـەوەی کاتژمێـری کارکردنیـان کـرد، بـەڵام دەسـەڵاتداران بـە ئاگـر و ئاسـن وەڵامـی کرێکارانیـان دایـەوە و (١١) کـەس لـە هـەردوولا کـوژران. ئـەو ڕووداوە، زوو لـە جیهـان دەنگـی دایـەوە و لـە چەنـد وڵاتێـک، لـە ساڵیادیدا، چالاکـی ئەنجـام دەدرا، لـە ساڵیادی ئـەو ڕۆژە لـە (١٨٩٠)، گۆنگـرەی ئوممەمـی سۆشیالسـتی لـە پاریـس، داوی خۆپێشـاندانێکی سەرتاسـەری جیهانیـی کـرد. لـە سـاڵی (١٩٠٤) یشـدا، لـە کۆنفرانسـی ئـەم ڕێکخـراوەدا لـە ئەمسـتردام، بڕیـار درا، هەمـوو سـاڵێک، لـەو ڕۆژەدا کرێـکار نەچنـە سـەر کار و ببێتـە پشـووی فەرمـی.

هەمیشـە حیزبـی شـیوعی و هەوادارانـی مارکـس و چەپـەکان، ڕابەرایەتیـی ئـەو جەژنـە دەکـەن و خۆیـان بـە پارێـزەر و پشـتیوانیی چینــی کریــکار نیشــاندەدەن، بۆیــە لــە عێــراق و کوردســتانیش، هەتــا حیزبـی شـیوعی لـە (٣١ی مارتـی ١٩٣٤) دانەمـەزرا، یادکردنـەوەی ئـەو جەژنـە نەبـوو بـە نەریـت.

جەنگـی دووەمـی جیهـان (١٩٣٩ ــ ١٩٤٥)، لـە عیراقیـش، مەرگەسـات و هـەژاری و بەدبەختیـی زۆری بـۆ خەڵـک هێنـا، بەتایبەتـی بـۆ چینـی ڕەش و ڕووت و کاسـب و کریـکار. لـە تەمـووزی (١٩٤٦) دەسـەلاتی پاشـایەتی لـە کۆمپانیـای نەوتـی کەرکـووک، (١٠) کرێـکاری خۆپێشـاندەری شـەهیدکرد، لـە خـوارووی عێراقیـش ڕۆژنامـەی (دەنگـی کرێـکاران) کـە بـە عەرەبـی

دەردەچـوو، دەگەیشـتە کوردسـتان، ئەوانـە هەمـوو بوونـە هـۆکار بـۆ ورووژاندنـی هەسـت و هۆشـیاریی کریکارانـی کوردسـتان. ئەوەبـوو لـە شـاری کۆیـە، یـەک سـاڵ دوای ڕێکخسـتنی شانەی حیزبـی شـیوعی لـەو شـارەدا، لـە (١٩٤٧)، یەکەمیـن یادکردنـەوەی ئـەو جەژنـە بەڕێوەچـوو.

جەژنـی (١ی ئایـار)، هەرچەنـدە جەژنێکـی جەماوەری بـووە ــ چونکە چینـی کرێـکار، کاسـبکار و پیشـەوەرەکانیش دەگرێتـەوە، بـەڵام قـەت نەبووەتـە جەژنێکـی گەرموگـوڕی سەرتاسـەری شـار و شـارۆچکەکان، بۆیـە دەکـرێ، قۆناغەکانـی لـە (١٩٤٧ تـا ٢٠٠٠) بەسـەر (٤) ڕۆژگار دابـەش بکەیـن:

**یەک: ڕۆژگاری یادکردنەوەی نهێنی:**

لـە (١٩٤٧) ەوە تـا کودەتـای (١٩٥٨)، کرێکارانـی کۆیـە، بـە پشـتیوانیی چالاکوانـی حیزبـی شـیوعی بـە نهێنیـی یـادی ئـەو جەژنەیـان دەکـردەوە، حەسـەن کاکـە ــ کادیـری پێشکەوتووی ئـەو حیزبـە، لـە بیرەوەرییەکانیدا دەنووسـێ:»هاوڕێیانی حیـزب بـە هاوکاریـی دۆسـت و خەڵکـی ڕەش و ڕووتـی ڕەنجـدەر، ساڵانە یـادی بۆنـەی (١ی ئایار)یـان دەکـردەوە. جارێـک دەچووینـە (کانـی جلیـت)، بەرانبـەر گـردی (خاڵمبەگـی) و کەڕەتێکـی دیکـە دەچووینـە هەوارێکـی دیکـە. جەماوەرێکـی باشـمان لـە کرێـکاران کۆدەکـردەوە، پێشـتر بانگەشـە و ئامادەکاریمـان بـۆ دەکـرد. ڕاسـتە، یادکردنـەوەکان بـە نهێنـی بـوون، بـەڵام ئـەو سـەردەم، حکوومـەت، وەک حیزبـی بەعـس و عەرەبـە شـوڤێنییەکان نەبـوو، نەدەهاتنـە دەرەوەی شـار و هێرشـیان نەدەکـردە سـەرمان، هەرچەنـدە جاسـووس و پیاوانـی میـری خەبەریـان لێدەدایـن. جگـە لـە خوێندنـەوەی وتـاری حەماسـی و هۆشـیارکردنەوەی جەماوەرەکـە، هێندێجـار، شانۆگەریشـمان تێـدا نمایـش

دەکرد، لەبیرمە مامۆستا (عەبدولڕەزاق بیمار) لە یەکێک لەو نمایشانە وەک ئەکتەر ڕۆڵی بینی. ساڵ هەبوو، دەچووینە لای (کووران) لە (گەرووی سۆرکێ). هەموو ئامادەبووان و بەشداربووان، هەر هاوڕێیانی حیزب نەبوون، مامۆستا و ڕۆشنبیر و کەسایەتییە غەیرە حیزبییەکانیش دەهاتنە ئاهەنگەکانمان، چەندانجار (شیخ جەنگی تاڵەبانی) و برادەرانی دیکەش بەشداریان لەگەڵماندا دەکرد. دەربارەی بڵاوکراوەکانی حیزب، کە دەخوێندرانەوە، بە زمانی عەرەبی بوون، بڵاوکراوەیەک بەناوی (قاعیدە) بوو، لە بەغدا چاپ دەکرا، ئێمە بە زارەکی، بۆ ئامادەبووانمان دەکردەوە کوردی.»(حەسەن کاکە ٢٠١٥ ل. ٣٠).

## دوو: ڕۆژگاری ئاڵتوونی:

ڕژێمی کۆماری، دوای (١٤ی تەممووزی ١٩٥٨)، مۆڵەتی سەربەخۆیی کاری حیزبی بە حیزبی شیوعی و پارتی دیموکراتی دا.«لەو ڕۆژەوە حیزبی شیوعی، هەرچی سەندیکای کریکاران و پیشەوەران هەبوو، خستیە ژێر دەسەڵاتی خۆی و خۆی لێکردنە ساحێب، ئەمەش سەرتای ململانێیەکی سیاسی بوو لەگەڵ جموجۆڵە نەتەوەییەکاندا.»(العلاف ٢٠٢٢). (٤) ساڵی ڕەبەق، حیزبی شیوعی، گەورەترین جەماوەری بۆ یادکردنەوەی ئەو جەژنە کۆدەکردە و ئامادەکاریی باشیان بۆ دەکرد و چالاکی زۆریان تێدا ئەنجامدەدا. ـ لە برگەیەکی دیکەدا، بە درێژی باسی ئەو یادکردنەوانە دەکەین لە کۆیە.[٢]

٢ ) کەریم کاکە لە کتێبی (کۆڵان کۆڵان، گێڕانەوە) بە وردی و بە جوانی دیمەن و شانۆگەریی ئەو کەژاوەمان بۆ دەنەخشێنێ کە لە (١)ی ئایاری سەرەتای حەفتاکاندا لە هەولێر بەڕوەچووە، لە بەشێکیدا دەنووسێ:" کەژاوەی ئایار،
......هاتن هاتن، گوڵی شار هاتن، ئەو گوڵانە سەردەمانەکی ژنانی زار پڕ بنێشت

**سێ: ڕۆژگاری خامۆشی ئەم جەژنە:**

جگە لەو دوو سێ ساڵەی دوای بەیاننامەی (١١ی ئاداری ١٩٧٠)، لە ساڵی (١٩٦٣ تا ١٩٩١)، جەژنی کرێکاران، لە عێراق و کوردستان و (کۆیەش)، بە خامووشترین و کزترین ڕۆژگار تێپەڕی. بەعسییە شۆڤێنییەکان، کەوتنە گرتن و کووشتنی هەرچی چەپ و ئازادیخواز و تێکۆشەر بوو، کە دەستی پێڕاگەیشت. هەزاران تێکۆشەر و خەباتگێڕی لە سێدارەدا، بەوەش نەوەستا، لە ساڵی (١٩٨٧) بە یاسا، زاراوەی (کرێکار)ی کردە

---

و وەی شێرەی شاری، گوورێژیان دەگۆتنێ، بەڵام هەوکە گوڵی شارن، ئەو گوڵانە نەبن، شار بن زبڵ و قورەشین و گوو دەکەوێ، شار بن پەڕۆ و پەڕە کاخەز و چنگە موو دەکەوێ، کەژاوەی گوڵی شاری لە خڕ کەژاوان پاکژترە، پەڵەیەك، لەکەیەك، پتە تۆزێکی پێوە نابینی، چەند جوانیش خۆ دەلەنگێنێ، دوو گوڵ گەسکی درێژیان لە دەستە، یەکیان لە زەلە، ئەویدی لە کرتی، چەند بە ناز گەسکدەدەن، بە دەوری عارەبانەی سێ تایە دەسووڕێنەوە، گولێکتریش لەو سەری خاکەناسێکی بە دەستەوە، لە هەردوو بەرەوە چەپڵەرێزانە، کەژاوە، بە ناو چەپڵەدا نەرم نەرم تێپەڕی، شار هێندەی لە دڵەوە چەپڵەی بۆ گوڵی شاری لێداوە، لە ناچاریش بۆ کابرای لێنەداوە.

کەژاوەی ئایاری کرێکاری بنی نایە، بەرایی لە قەڵاتێ ئاودیو بوو، بنی هێشتا هەر لە ئاوی کەسکوسۆردایە، من چەندم دیت، دە هێندە مایە، زۆر زۆر، پەڕەچی و خمچی و کاشیچی و خشتبڕ و بلۆکبڕ و کوورەخانە و سەرتاشخانە و باخچەوان و کارگەی پاقلاوە و لوقم و گەلەك (چی) و (خانە) و (بڕ) و (وان) و کارگەیدی ماون، بێن و تێپەڕن، وێنەی کابرا گووی تێکردبوو، دەنا کەس لە تەماشاکردنی کەژاوەی کرێکاران بێزار نەدەبوو، نا، دوو وێنە، یەکیان سەر رووتاوەیەك بوو، ئەویدی سەرو برۆ پڕ، سەرۆك و جێگرەکەی، لە قسان: جگە لە هەندێ ناکەس و جرۆجامشت و دوژمندار و هەڵپەرست، کەس حەزی لە چارەی ئەو دووە نەدەکرد... (کۆڵان کۆڵان گێڕانەوە. ٢٠١٩ .ل. ٣٩٨).

(فەرمانبــەر)، بــەوەش، مافــی ســەندیکا و ڕێکخــراو و کارکردنــی لــێ زەفتکـردن، بـەو شێوەیە، کرێکار، لـە فەرهەنگی وانـدا، کەسێک بـوو کـە بەعسـی بـێ یـان هەواداریـی بەعـس بـێ، بۆیـە هـەر یادێـک بکرابایـەوە، لــە ژێــر درووشــم و ئامانــج و پەیــام و داخوازییەکانــی ئــەو حیزبــە شــۆڤێنییە بــوو. واتــا لــەو ســەردەمەدا جەژنــی (ای ئایــار) بــە چەقــۆی بەعـس، مردارکرایـەوە و چارشـێوی بەعسـی بەسـەر دادرا.
تــا ســاڵی (١٩٧٠)، زۆرجــار، چالاکەوانــان، لــە شــەوی ئــەو یــادەدا، لەســەر دار و دیــوار و دینگەکانــی کۆیــە، درووشــم و پەیامیــان دەنووســی، جــا هەبـوو لافیتەشـیان هەڵدەواسـی، بـەڵام زوو پیاوانـی ڕژێم دەیانسـرینەوە و دەیانپێچانــەوە.

## چوار: ڕۆژگاری دوای ڕاپەڕین:

بەداخــەوە، گەرچــی ڕاپەڕینــی بەهــاری (١٩٩١) لــە باشــووردا، زۆرێــک لــە دەروازەکانــی ئــازادی خســتە سەرپشــت، بــەڵام چینــی کرێــکار و جوتیــار، بــە خەونەکانــی خۆیــان نەگەیشــتن، وەک پێشــتر هەوڵیــان بــۆ دەدا. یادکردنـەوەی ئـەو جەژنـە، بـووە بۆنەیەکـی ڕەمزیـی ساردوسـووڕ. لـە شـاری ڕانیـە، هـەر دوو مانـگ دوای ڕاپەڕیـن، یەکـەم یـادی لـە لایـەن ڕەوتـی کۆمەنسیت، کرایـەوە. لـە هەولێریـش، لـە سـاڵی (١٩٩٢) و (١٩٩٣)، لــە باخــی گلکەنــد، جەماوەرێکــی زۆر ئامادەبــوون و وتــار و شــیعر و داخوازییەکانــی کرێــکاران خوێندرایــەوە، ئــەو دەم ســەردەمی بــەرەی کوردســتانی بــوو. لــە شــاری کۆیــەش یــان ئەوەتــا لــە بــارەگای حیزبــی شـیوعی، چالاکـی بـۆ کرابـێ، یـان زۆر سـاڵان، کادیر و ئەندامانـی ئەوانیش، دەچوونـە هەولێـر، بـۆ بەشـداری کـردن لـە کۆبوونـە و خۆپێشـاندان، بـۆ وەدەسـت هێنانـی مافـی کرێـکاران، جارێـک لەبـەردەم پەرلەمـان و جارێک

لەبەردەم بارگای نەتەوە یەکگرتووەکان. هەرچەند لە ساڵی (١٩٩٣)وە، کە حیزبی کۆمەنیستی کرێکارانی کوردستان دامەزرا، ئەو حیزبە، پتر ئەرک و خەمی کرێکارانی گرتە ئەستۆ، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیعدا، یادەکانی ئەو جەژنە، زۆر لە ئاستێکی نزمدابوون، هەر ئەوەندە بوو، کە لە هێندێ شوێن لافیتە هەڵدەواسرا، ڕۆژەکە دەکرا بە پشووی فەرمی، ئەوەیش بۆ خودی کرێکار نا ــ ئەوان، زۆربەیان، لە جەژنیشدا هەر کرێکاریان دەکرد. سەرمایەدار و هەبووەکان بۆخۆیان دەچوونە گەشت و سەیران.

حەیف و مەخابن، لە (١)ی ئایاری (١٩٩٤)، لەو ڕۆژە پیرۆزەدا، دۆزەخی مێژوویکی پر خوێن و ئازار و نەهاماتیان بۆ کورد تۆمارکرد، کاتێک یەکەم فیشەکی شەڕی ناخۆ لە نێوان یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و پارتیی دیموکراتی کوردستاندا، لە قەڵادزیی شەهید، تەقێندرا. بەمەش جەژنی کرێکاران لە کوردستان و کۆیە، بە تەواوی مردار بۆوە و نەبۆوە!

## جەژنی (١٤ای تەموزی ١٩٥٨):

لەگـەڵ خوێندنـەوەی یەکـەم بایاننامـەی کودەتـای (١٤ی تەممـووز) لـە ڕادیـۆی بەغـدا، وەکـو مەلـی بندکـراوی نـاو قەفـەز، جەمـاوەری شـاری کۆیـە، بـە ژن و پیـاو و منداڵـەوە، ڕژانـە سـەر شـەقام و گۆڕەپـان و بـەردەم مزگەوتـەکان، زۆربـەی دوکانـدار و کاسـبکار دوکانیـان داخسـت. خەڵـک تامـەزرۆی هەواڵـی تـازە بـوو، وردە وردە دەنگوباسـەکان دەگەیشـتن و خەڵکەکـە سـەرەتا، خەڵکـی عـەوام، بـاش لـە زاراوەکان تێنەدەگەیشـتن. وەک: کودەتـا و سیسـتمی کۆمـاری و سەربەسـتی و ڕماڵینـی ئیسـتعمار و نەمانـی ئیسـتغلال و تائیمکردنـی نـەوت و هەڵگرتنـی ئینتیداب...تـاد.، کـە گوێـی ئەوخەڵکەیـان کاس کردبـوو. بـۆ ڕۆژی دووەم، وەک حەسـەن کاکـە دەگێڕێتـەوە:» بـۆ بەیانـی، دوو شـەو و دوو ڕۆژان، لەبـەردەم سـەرای کۆنـی کۆیـە، بـوو بـە شـایی و هەڵپەڕکـێ و دەهـۆڵ و زوڕنـا. بـەڵام ڕۆژی چـوارەم شـاییەکە، بـوو بـە دوو شـایی، هاوڕێیانـی حزبـی شـیوعی لەبـەردەم دەرگای سـەرای کـۆن ــ فولکـەی حاجـی قـادری ئێسـتا، بـەردەوام بـوون لـە گێڕانـی شـایی و هەڵپەرکـێ خۆیـان، (حەسـەنە گـۆج) وبراکەی(صەمـەدە گـۆج) زوڕنـاژەن و دەهۆڵژەنـی ئێمـە بـوون. برادەرانـی پارتـی، شـاییەکەی خۆیـان بـردە خوارتـر و لـە دیـووی چایخانەی(حەمـە گەمحـان) شـاییان دەگێـڕا، (عزیـزی زەینەلـی و کوڕەکـەی، جەمـال)، زوڕنـاژەن ودەهۆڵژەنـی ئاهەنگـی وان بـوون.“ (حەسـەن کاکـە ل. ٣٢)

جـا چونکـی دەرگای ئازادییـەکان کرانـەوە و حیزبـەکان دەسـتکراوە بـوون لـە چالاکـی نوواندن و ڕاپەڕاندنـی ئەرکەکەیـان، شـیوعییەکانیش کودەتاییەکەیـان، بـە سـەرۆکایەتیی زەعیـم عەبدولکەریـم قاسـم، بـە هـی خۆیـان دەزانـی، زۆر چالاکانەتـر هاتنـە مەیدانەکـە، سـاڵ نەسـوڕایەوە،

ئـەوان بوونـە زۆرینـە چ لـە شـار و چ لـە گونـدەکان، تەنانـەت گەڕەکـی بایزاغـا، بـە گەڕەکـی مۆسکۆ نـاو دەبـرا، و پڕاقـدەی ڕۆژنامـەی زمانحاڵـی شـیوعییەکانی یەکیتیـی سـۆڤیەت، بـووە، نـاوی کچـان. چەنـدان ڕێکخـراو و نەقابـە مۆڵەتـی فەرمـی کارکردنیـان وەرگـرت و بارەگایـان کـردەوە. ڕۆژنامـەی (اتحـاد الشـعب)ی زمانحاڵـی شـیوعییەکان و ڕۆژنامەی(خەبـات)ی پارتـی، بـە ئاشـکرا، ڕۆژانـە لـە شـەقامەکاندا بانگەوازیـان بـۆ دەکـرا و دەفرۆشـان. شـەهید بەشـیر جەرجیـس یوسـف ڕۆژنامـەی (اتحـاد الشعب) و حەمەبگـرەز ڕۆژنامەی(خەبـات)ی دەفرۆشـت: حەمەبگـرەز، لـە ناوەنـدی شـەقام، لەبـەردەم فولکەکـەی بـەردەم سـەرای کـۆن، ڕۆژنامەکانـی دەخسـتە سـەر بـازووی خـۆی و ، ڕۆژنامەیەکـی بـە دەسـتەکەی دی بەرزدەکـردەوە و پـڕ بـە گـەرووی هـاواری دەکـرد:

"الله اکبـر... الله اکبـر...الله اکبـر؛ خەبـات، دەنگـی پارتیـی دیموکراتـی کوردسـتان ...خەبـات، دەنگـی سـەربەخۆیی کوردسـتان... .»

دەکـرێ بڵێیـن، یادکردنـەوەی ئـەو جەژنـە، لـە کۆیـە زۆر جیـاواز بـوو، ئەتەکێـت و شـێوازێکی خۆییانـەی وەرگـرت، چونکە مامۆسـتا و خوێندکار و ڕۆشـنبیر و ئەدیبـی زۆر بـوو. چالاکییەکانیشـیان جیـاواز و فـرە ڕەنـگ بـوون.

سـاڵەکانی(١٩٥٩، ١٩٦٠، تـا ڕادەیەکیـش ١٩٦١)، ڕێورەسـمی یادکردنـەوەی ئـەو ڕۆژە بـەم شـێوەیە بـوو:

پێـش چەنـد ڕۆژێـک، شـیوعییەکان، جەمـاوەری خۆیـان و خەڵکیـان هۆشـیار دەکـردەوە کـە یادکردنەوەکەیـان دەبـێ جیـاواز و نموونەیـی بـێ، کادیرانـی پارتـی، ئەوەنـدە ڕۆژەکەیـان بـە هەمیەتـەوە وەرنەگرتبـوو، بۆیە زۆریـش بـە گەرمـی پێشـوازیان لـێ نەدەکـرد. پێـش چەنـد ڕۆژێـک، ژنـان و کچانـی عـازەب، خەریکـی خاوێنکردنـە وە گەسـگلێدانی بـەردەرگا و

کۆڵانـەی خۆیـان بـوون و ئاوڕشینیان دەکـرد، لـە بازاڕیـش دوکانـدارەکان هـەر وایـان دەکـرد. کـوڕەلاو و گەنجـەکان، دەچـوون لـە دەم ڕووبـار و ئـەو دەشـت و دەرە، بـە باوەشـان ڕوولـک و لـق و چلـی داری سـەوز و جوانیـان دەهێنـا، سـەردەرگای ماڵەکانیـان، لـە شـێوەی تـاق، پێدەڕازاندنـەوە، بـۆ ڕۆژی (١٤ی تەمـووز) دەبووایـە، ئـەو سـەردەرگایانە، بـە چەنـدان وێنـەی گـەورە و ڕەنگاڵـی عەبدولکەریـم قاسـم و کاغـەزی ڕەنگاوڕەنـگ و ئـاڵای قەبـارە جیـاوازی عێـراق بڕازێننـەوە، هـەر ماڵـەی هەوڵـی دەدا، ئارایشـت و دیکۆڕەکـەی لـە دراوسـێیەکەی جوانتـر بـێ، نـاوە نـاوەش ئـەو کۆڵانەیـان ئاوپژیـن دەکـرد. کۆڵانـە هەبـوو، ڕێیـان نـەدەدا کـەر و وڵاغ، پێیانـدا تێپـەڕێ، نەکـۆ پیسـی بکەنـەوە.

بـەڵام ئـەوەی لـە شـەقامی سـەرەکی شـاردا دەکـرا زۆر جیـاواز بـوو. چایخانـەی فەتـاح حەکیمـی ـ هـەوراز فولکـەی حاجـی قـادری بـەرەو باواجـی، بـارەگای پارتـی بـوو، هەرچـی چایخانـەی حەمـە گەمحانـی ـ بەرانبـەر مزگەوتـی گـەورە، لەژێـر هوتێلـی چنـارۆک، مەکـۆی شـیوعییەکان بـوو، ئـەم دوو شـوێنە زۆر گەرموگوڕیـی و سـەرقاڵیی و هـات و باتیـان پێـوە دیـار بـوو. پارتییـەکان لـە نێـوان چایخانـەی فەتـاح حەکیـم و فولکـە، تاقـی خۆیـان دروسـت دەکـرد، شـیوعییەکان، چەنـدان تاقیـان دادەمەزرانـد، هـەر گـەورە و جوانەکەیـان، ڕێـک بەرانبـەر چایخانەی حەمە گەمحـان بـوو. لـە بـەردەم باغـی قوڕەبـەرازەی ئێسـتا، تاقـی کرێـکاران بـوو، خوارتـر، هـی مامۆسـتایان بـوو، خوارتریـش هـی ئافرەتـان بـوو. بـەم شـێوەیە شـەقامەکە پێنـج شـەش تاقـی لەسـەر دادەمـەزرا.

## تـاق چییـه؟

دارتاشـەکان، لـە شـێوەی پـرد، لـە دار و تەختـە و قوماشـی ڕەنـگاو ڕەنـگ، تاقیـان دروسـت دەکـرد. لە لای ڕاسـت و چەپـی شـەقامەکە دوو سـتووونی گـەورە و بـەرز جێگیردەکـران، بەرزییەکەیـان دەگەیشـتە (شـەش حـەوت) مەتـر. ئەوجـا لەوسـەر بـۆ ئەمسـەری دوو سـتوونەکە، پردیـان، بـە تەختـە دروسـت دەکـرد. بـاڵای ئـەو دوو سـتوونە و جسـری سـەرەوەیان هەمـووی بـە ئـاڵا و درووشـمی عێـراق و وێنـەی گـەورە گـەورەی عەبدولکەریـم قاسـم دەڕازانـدەوە، گلۆپـی ڕەنگاوڕەنـگ لـە بـاڵای و قـەدی ئـەو تاقـە وەک پشـتێند، پێچـاو پێـچ دەبەسـترا. لـە ناوەنـدی تاقەکـە، واتـا ناوەنـدی شـەقامەکە، وەک ڕەمـز، کۆتـر و چەکـوش و داس و ئـەو شـتانەیان پێـدا شـۆڕدەکردەوە، کـە هونەرمەنـدەکان بۆیـان درووسـت دەکـردن. تاقـی پارتییـەکان، زۆر کـەم وێنـەی زەعمیـان دادەنـا، پتـر وێنـەی مەلا مسـتەفای بارزانیـان بـە قـەدی تاقەکەیـان هەڵدەواسـی. تاقـی شـیوعییەکان، پتـر بـە ڕەنـگ سـوور و هـی پارتییـەکان بەڕەنگـی زەرد، دەڕازاندرانـەوە، ئەوا جگە لـەو هەمـوو قوماشـە ڕەنـگاو ڕەنگـە دیزاینکـراوەی لێکپێچـراو، کـە لـە هەمـوو لایەکـەوە، وەک ڕایەڵـی ڕەشـماڵ، بـە دەوری تاقەکانـەوە دەکـران. هـەر حیزبـەش، بـە خەتاتـی، درووشـمی خـۆی لەسـەر دەنووسـی.

لـە دەوری هـەر تاقەێـک، توێـژ و چینـی خـۆی کـۆ دەبوونـەوە، ئافرەتـان لـە دەوری تاقـی خۆیـان و مامۆسـتایان لـە دەوری هـی خۆیان...تـاد.، هەمووشـیان جوانتریـن پۆشـاکی کوردیـان دەپۆشـی، شـیوعییەکان پتـر، ڕەنگوچۆغەڵـی سـوور و ئەوانـەی پارتیـش، ڕەنگەکانـی دیکـە.

ئێسـتا، بـا بچینـە نیـو بـازاڕ... هـەر دوکانـدارەی، پارچـە قوماشـێک و چەنـد ئـاڵا و چەنـد وێنەیەکـی زەعیمـی بـە پێـش دوکان و بمیچیەکەیـەوە هەڵدەواسـی. بـەوان دەتزانـی، کـێ شـیوعییە و کـێ پارتییـە. بێگومـان

هەشبوون، بیلایەن بوو و هیچیان هەڵنەدەواسی. بۆ نموونە دارو دیواری نانەواخانەکەی وەستا سەلامی نانەوا، کە شیوعی بوو، هەمووی ڕەسمی عەبدولکەریم و درۆشم و ئاڵا و قوماش و کاغەزی سوور و جوان بوون، هی دەوکانەکەی مەلا نافیعاغاش، کە پارتی بوو، ڕەسمی گەورەی مەلامستەفا و قوماشی زەرد و ئاڵا و گلۆپ و هەرچی شتی جوان هەبوو بە دارو دیوار و سەر دوکانەکەی خۆیەوە دەکرد، هێندە جوان بوون، هەر ئیوەی بوو وێنەیان لەبەر بگریتەوە.

جگەلە تاقەکانی ئەو دوو حیزبە، تاقولۆقە، هەبوو تاقی خۆی دروست دەکرد و دادەنا، وەک تاقەکەی عوسمان عەونی شاعیر، کە بە ناوی تاقی تاقمی(انصار السلام) بوو، لە سەرە جادەی، نزیک سەری کۆڵانی گەڕەکی دیانان دادەندرا.

جا لە دەوری سەعات نۆ و دە، کەژاوەی ئەو حیزبانە، لە کرێکار و جوتیار و خوێندکار و کاسبکار و قوتابی و مامۆستا... بە ژێر ئەو تاقانەدا دەڕۆیشتن و درووشم و سروودی خۆیان دەگوتەوە، چەکوش و بێڵ و پێمەر و داس و قەڵەمی گەورەی دروستیکراو و ئاڵای ڕەنگاو ڕەنگ و ڕەسمی زەعمیان بەرزدەکردەوە و وێنەی زەعمیان لەبەرۆکی خۆیان دەدا. خەڵکیش، لەسەر شۆستەکاندا، بە چەپڵەڕیزان پێشەوازیان لێدەکردن، هەر کەسەی بۆ حیزبی خۆی. زۆر جار کۆترەی سپییان بۆ ئاسمان هەڵدەدا، وەک ڕەمزی ئاشتی. هەمیشە وەستا سەلامی نانەوا، ئەو کۆترە سپییانەی بۆ ئاسمان هەڵدەدا ــ ئەو بۆخۆی کۆترباز بوو.

کەژاوەکان تاقم تاقم بوون، بۆ نموونە هەموو بەرگدرووەکان بە یەکەوە دەڕۆیشتن و ڕەسمی مەقەست و دەرزی و دوورمانیان لەگەڵ وێنەکان هەڵدەگرت؛ ئەوجا هی کرێکاران، بێڵ و قازمە؛ هی ئاسنگەران، چەکووش و گاز؛ هی دارتاشان، مشار و تەووشوو؛ هی

مامۆستایان قەڵەم و کتێب... تاد، بەمشێوەیە، یادی ئەو ڕۆژە، وەک جەژن، ئاهەنگی بۆ دەگێڕدراو، دەنگی سروود و گۆرانی لە بڵندگۆکان، لەو شەقامانەدا دەنگی دەدایەوە.

ئەو تاقانە، جار هەبوو بۆ ماوەی دە ڕۆژێک هەر دەمانەوە، دواتر، هەڵیان دەوەشاندنەوە و لەسەر شەقامەکاندا هەڵیان دەگرتن. کەس بە نیازی خراپەکاری، تخوونی ئەو تاقانە نەدەکەت. جار هەبوو یەک تاق بۆ ساڵی داهاتووش بەکاردەهاتەوە.

لەو سەردەمەدا، ڕۆژانە، وێنەی نوێی عەبدولکەریم قاسم و درووشمی جەمهوری چاپ دەکران و لە شارەکاندا دەفرۆشان، بەدەیان شێوە لەسەر دەستەباشی و فەفخوری و لەگەن و قۆریە وپەرداغ و ژێرپیاڵە و قەڵەم و دەفتەری قوتابیان و ئەو شتانە، وێنە و دروشمیان ڕەسم دەکرد(کۆپی دەکرد) و ڕەواجی زۆری لەسەر بوو. وێنەی سەر دەرگای ماڵەکان، هەبوو تا ساڵ نوێ دەبۆوە لێیان نەدەکردەوە. پارتییەکان، ئەو شتانەیان نەبوو، کەم پارەشیان پێدەدا. کەم ئۆتۆمبیل هەبوو وێنەی زەعمی پێوە نەبێ. کەم ماڵ هەبوو چەند وێنەیەکی عەبدولکەریمی لە ماڵەوە هەڵنەواسی بێ، لە دوکان و سەرشەقامەکانیشدا هەر وابوو. (تاکو ئیستا، ٢٠٢٢) ڕەنگی بۆیەیی سوور، بە دیواری لای سەرەوەی چایخانەکەی حەمە گەمحانیەوە، هەر ماوە.[٣]

٣ ) لەبیرمە، لەساڵی ١٩٦٣، کە سوپای بەعسییەکان کۆیەیان گرتەوە، قوولە پۆلیسێکی کورتەبنەی عەرەب، بە خۆی و دارحەیزەرانەکەی هاتە بەردەم چایخانەی حەمە گەمحان و ئەوی هێنایە سەر شۆستەکە، بە دارحەیزەرانەکەی نێو دەستی، ئاماژەی بۆ دیوار و دینگە سوورەکانی چایخانەکەی کرد و لێ پرسی، بۆچی، ئەوانەت بە ڕەنگی سوور بۆیە کردووە...؟ ئەوجا هەتا ماندوو بوو، بە بەرچاوی ئەو خەڵکەوە، کەوتە دارکاریکردنی حەمەگەمحان... تا نەکەوتە سەر ئەرز و تەواو

هەر لە ساڵی (١٩٥٩) کەژاوەی (میهرەجانی جووتیاران) لە کۆیە بەڕێوەچوو، ئەویش شیوعییەکان سەرپەرشتیان دەکرد. لەو کەژاویەدا، نزیکەی (١٥) هەزار جووتیاری وراتی کۆیە تێیدا بەشدار بوون و زۆر نمایشی جوان جوانیان لەسەر شەقامەکاندا نوواند. ئەوان لە گۆڕەپانی تۆپانێ کۆبوونەوە و سێ چوار سەعات، کادیرانی پێشکەتووی شیوعییەکان، هەر وتار و باس و خواسی قانونی ئیسڵاح زەراعیان بۆ دەکردن. شەو ئەوان مانەوە و نەیانتوانی بگەڕێنەوە گوندەکانیان، بەسەر مزگەوت و ماڵاندا دابەشیان کردن. ئەوکات، ئەوە گەورەترین کەژاوە بووە، لە مێژووی کۆیە. لە درووشم و هوتافەکانیاندا، داوایان دەکرد، زەوییان بەسەردا دابەش بکرێ و پتر ڕووی دەمیان، هێرشکردنە سەر دەربەگ و ئاغا بوو.

یادی (١٤ی تەمووزی ١٩٦١) ئەو گەرموگوڕییەی بە خۆیەوە نەبینی، بەتایبەتی کە کووشتاری گەورە لە کەرکووک و موسڵ ڕوویاندا و حکوومەت دەهات وردە وردە خۆی لە داخوازییەکانی کورد بدزێتەوە. تا لە (١١ی ئەیلول) ئیعلانی شەڕکرا لە نیوان هێزەکانی حکوومەت و لەشکری کوردی.

بەمشێوەیە، یادی (١٤ی تەمووز)یش، چێتر نەکرایەوە و لە (٨)ی شوباتی(١٩٦٣) حزبی بەعس ئینقلابی کرد و هاتنە سەر حوکم. سەرەتای ڕۆژگارێکی ڕەش لە مێژووی هاوچەرخی عێراق و کوردستان دەستی پێکرد.

---

شلوکۆتی نەکرد، وازی لێنەهێنا... کەسیش نەیدەوێرا بچێ شەفاعەتێک بۆ ئەو زاتە بێتاوانە بکات! دواتر چوونە لای باقی مام سارحی سەرتاش ــ کە دراوسێی بوو، لۆکە و شەب و تەنترۆیان هینا بۆ برژاندنەوەی برینەکانی دەست و قاچی... . ئەو پۆلیسە زاڵمە ناوی عەبد بوو. دوکانی باوکم دراوسێی ئەو چایخانەیە بوو.

## جەژنی(١١ی ئاداری ١٩٧٠):

لەوەتــی کودەتایەکـەی (٨ی شـوباتی ١٩٦٣)ی بەعسـییەکانەوە، ڕژێمەکانـی بەغـدا، هەمیشـە داوای دانووسـان و گفتوگۆیـان لەگـەڵ هێـزە چەکدارەکانـی کـورد دەکـرد، بـە ڕواڵـەت بـە مەبەسـتی چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد و لـە ژێرەوەش، بـە مەرامـی خۆقایمکـردن و هێزکۆکردنەوە بـۆ هێرشـەکانی ئاینديـان بـۆ سـەر کوردسـتان. لـە (١٩٦٤) عەبدولسـەلام عـارف، کەوتـە گفتوگـۆ لـە گـەڵ کـوردان، دوای سـووتانی ئـەو لـە نێـو فڕۆکـە، عەبدوڕەحمانـی بـرای، کـە حکومڕانـی گرتەدەسـت، لـە (١٩٦٦) دەسـتی کـردەوە بـە گفتوگـۆ، گۆیـا مافـی کـورد دەدەن. بۆیـە ئەحمـەد حەسـەن بەکریـش، کـە لـە (١٩٦٨) کودەتـای کـرد، دەسـتیکرد بـە دانووسـان لەگـەڵ باڵـی سـەرکردایەتیی شـۆڕش، مـەلا مسـتەفای بـارزان.

دەمێـک بـوو دەنگـۆی ئەو دانووسـانە هەبوو، گۆیا یەکێتیی سـۆڤیەتیش داوای لـە بەغـدا کردبـوو، کـە دەبـێ کۆتایـی بـەو شـەڕ و شـۆڕە هەشـت سـاڵییە بێنـن، کـە هیـچ لایەکیـان تێیـدا سـەرکەوتوو نەبـوون. ئـەو بـوو لـە شـەوی (١١ی ئـاداری ١٩٧٠) بەیاننامـەی ڕێککەوتنـی حکوومـەت و شـۆڕش، لـە ڕادیـۆ بەغـدا خوێندرایـەوە، لـە هەمـوو شـار و شـارۆچکەیەک بـووە تەقـەی خۆشـی و خەڵـک هاتنـە سـەر شـەقامەکان. ئـەوە یەکەمینجـار بـوو حکوومەتـی ناوەنـدی عێـراق ددان بنێـت بـە مافـی سیاسـی و نەتەوەیـی و ئیداریـی و کلتووریـی گەلـی کـورد و هەوڵـێ چارەسـەرکردنی کێشـەی کـوردی دابـێ بـە ڕێگـەی گفتوگـۆ و ئاشـتییانە.

لەڕاسـتیدا، ئـەو شـەوە، بارودۆخـی شـاری کۆیـە جیـاواز بـوو لەگـەڵ زۆربـەی شـارەکانی دیکـە، چونکـە باڵـی مەکتەبـی سیاسـی، کـە پێیـان دەگوتـن (جەلالیـی) بنکـە و بـارەگا و چەکـداری زۆریـان لـە نێـو شـاردا هەبـوو. چـوار سـاڵ بـوو شـارەکە لـە ژێـر دەسـەڵاتی ئـەوان دابـوو، بۆیـە

خەڵکەکە ترسی شەڕی ناخۆیی نێوان (مەلایی و جەلالیی)یان هەبوو. هەرچەندە، سبەینەکەی گرژییەک ڕوویدا وفیشەکیشیان بە ئاراستەی بڵندگۆیەکانی سەر گومبەزی مزگەوتی گەورەوە تەقاند بەڵام خۆشبەختانە، زوو سەرکردایەتیی شۆڕش، بەرەی شەڕی براکوژی لە بن پێی حکوومەتی بەغدا دەرهێناو، بەیاننامەی ئاشتەوایی لەگەڵ هەموو لایەنەکان، خوێندەوە، بەوەش، ئەندام و لایەنگر و هەوادرەکانی (جەلالیی)، بە شێوەیەک لە شێوەکان، پشتیوانیی خۆیان بۆ ڕێککەوتنامەکە نیشاندا.

بۆ بەیانی، خەڵکی شار، ڕژانە سەر شەقام و لە بەردەم سەرای کۆن ــ فولکەی حاجی قادری کۆیی، خڕبوونەوە و بووە شایی و هەڵپەڕکێ و دەهوڵ و زوڕنا، بە خۆشی و شاباشەوە. شاییەکە هێندە گەورە بوو، چەند جار پێچی خواردبۆوە. هەر یەک دوو سەعاتی نانخواردنی نیوەڕۆ خەڵکەکە پشوویەکیان دا، دواتر، گەرمتر دەستیان پێکردەوە. بەو شێوەیە، دوو شەو و دوو ڕۆژان، هەر شایی و هەڵپەڕکێ و دەهۆڵ و زوڕنا بەردەوام بوو. ڕۆژی دووەم، لە قوتابخانەی دواناوەندی کوڕانی کۆیەش، مەڕاسیمێکی ئاهەنگ و وتار و شیعر خوێندەوە سازکرا.

لە ڕۆژی سێیەمدا، بازاڕ ئاسایی بۆوە و خەڵک چوونەوە سەر کارو کاسبی خۆیان، بەڵام دوای بانگی خەفتنان، دیسان لە گۆڕەپانەکان، خەڵک، بە تایبەتی گەنج و چەکدارەکان، دەستیان کردەوە بە شایی و چۆپی ــ هەر دوای خوێندنەوەی بەیاننامەکە، چەکدارانی شاخ هاتنەوە نیو شارە و بارەگا و بنکەی خۆیان دانا.

بۆ چواردە پانزدە شەوان، بەم شێوەیە، لە گۆڕەپان و مەیدان و کۆڵانە فراوانەکانی هەموو گەڕەکەکانی شار، شایی بوو. هەر دوای نانخواردنی شێوان، نەک هەر کوڕەلاو و گەنجەکان، بگرە کچۆڵە و ژن

و پیرێژنیش دەچوونە سەیری ئەو بەزم و هەڵپەڕکێیە. هەبوو بەسەر شایی زۆربەی گەڕەکەکانـدا دەگەڕا. لە چەند گەڕەکێک، پیرەمێرد و ڕیش سپییەکان، داوایان لە خەڵک کرد، کە کۆتایی بەو بەزمە بێنن، خەڵکەکە لە دەنگە دەنگ و هاتوباتی ئەو هەرایە، هەراسان و بێزار بوون.

لە ئاهەنگگێڕانی (١١ی ئادار) ئاڵا و وێنە و درووشم بەرز نەدەبینرا و هوتاف و بانگەواز و وتار خوێندنە و شیعر خوێندنەوە، نەبوو، هەر شایی و هەڵپەڕکێ بوو. جا خەڵکەکە فێری چەندان جۆرە شایی تازەباو ببووە، چونکێ هێندێ لە پێشمەرگەکان، لە شار و دێیە دوورەکانی لای بادینان و گەرمیان و هەورامان هاتبوون، جا ئەوانیش، تەرزە شایی خۆیان دەکرد و خەڵک لاسایی دەکردنەوە. تەنانەی شایی (فەقێیان)نیش زیندوو کرایەوە، کە لەسەردەمی خۆی، فەقێیەکانی حوجرەی مزگەوتەکانی کۆیە دایانهێناوە. شاییەکانی شەوانە، دەهۆڵ و زۆڕنای لەگەڵ نەبوو، بەڵام گوتنەوەی زۆر تێدا بوو، ئەودەم شیعر و گۆرانی میللی زۆر گەشەی سەند و زیندوو بۆوە، بەداخەوە، کەس نەبوو تۆماریان بکات!

زۆر گۆرانی بۆ (١١ی ئادار) تۆمارکرا و زۆر شاعیر شیعریان بەسەردا گوت.

ساڵیادی (١١ی ئادار) لە ساڵی (١٩٧١ وە ١٩٧٢)، تەنها چەند گەڕە شاییەک بوو، لە ناوەندی شار. ئەو حەماسەت و گەرموگوڕییەی (١٩٧٠) یان پێوە دیارنەبوو. ئاخر دوای (٩)مانگ لە ڕێککەوتننامەکە، لە پیلانێکدا، هەوڵی کووشتنی مەلا مستەفای بارزان درا. ئەمە خەکڵکەکەی زۆر تورە و نیگەران کرد. ئەوەبوو لە ساڵی (١٩٧٣) ڕۆشنبیر و قوتابیانی کۆیە، خۆپێشاندانیان کرد و لافیتەیان بەرزکردەوە، داوای

جێبەجێکردنـی بڕگەکانـی ڕێککەوتننانەکەیـان دەکـرد. هـەر لـەو ساڵەشـدا، لـە ڕووداوێکـی تەموومژاویـدا، نافیـز جـەلال حەوێـزی، لـە ڕێ بەغـدا ـ کەرکـووک گیانـی لەدەسـت دا.

لـە سـاڵیادی (١٩٧٣)، هیـچ چالاکییەکـی بەرچـاو بـۆ ئـەو ڕۆژە بەڕێوەنەچـوو، سـەرتای ساردی لـە نێـوان حکوومـەت و شـۆڕش دەهـات هەسـتپێبکرێ. حکوومـەت ئامـادە نەبـوو سـنووری ڕێککەوتننامەکـە فراوانتـر بـکات و کەرکـووک و خانەقیـن و شـەنگالیش بگرێتـەوە، ئـەوا جگـە لـە سـەرهەڵدنی ڕاودونانـی ئەنـدام و لاینگرەکانـی پارتـی لـە بەغـدا و شـارە دوورە دەسـتەکان. ئەوبـوو لـە ئـاداری (١٩٧٤) دیسـان شـەڕ و پێکـدادان و کووشـتار و ماڵوێرانـی لـە کوردسـتان دەسـتی پێکـردەوە و یـادی (١١ی ئادار)یـش بـە دەردی یـادی (١٤ تەممـوز) چـوو.

## جەژنی خۆشەویستی(ڤەلەنتاین):

هەرچەنـدە، مێـژووی ڕۆژی خۆشەویسـتی یـان جەژنـی خۆشەویسـتی، بـۆ سـەردەمی فیرعەونەکانـی میسـری دێریـن دەگەڕێتـەوە، بـەڵام لـە کۆتایـی سـەدەی نوزدەمـەوە، خۆشەویسـتیی نێـوان دوو بـاوەڕداری مەسـیحی، کـە بەنـاوی قەشـە ڤالەنتایـن ناسـراوە، لـە ڕۆژاوادا، کـرا بـە ڕۆژ، یـان جەژنـی خۆشەویسـتی. مێژووی خۆشەویسـتیی ڕۆمانسـیی ئەو دوو ئاشـقە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی (٢٦٩) لـە ڕۆمـا. میسـرییە دێرینەکانـی سـەردەمی فیرعەونییەکانیـش ڕۆژێکـی لـەو جۆرەیـان هەبـووە.

ئەگەرچی، زۆر وڵات و نەتەوە، ڕۆژی دیاریکراوی خۆشەویستیی خۆیان هەیـە، بـەڵام لـە سایەیی عەولەمـە و پەیوەندییـە سـەردەمییەکان، ڕۆژی ڤالەنتایـن، بـە تایبەتـی لەنێـو کـوڕ و کچـە گەنجـەکان، بـووە جەژنێکـی ساڵانە.

لە ناوەندی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو تا ئیمڕۆ، لە نێو گەنجانی کوردی باشووریش، بە تایبەتی خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگەکان، لە (١٤ی شوبات)، ئەوە ڕۆژە بایەخی تایبەتیی پێدەدرێت. ئەوان لەو ڕۆژەدا پۆشاکی سوور، یان چەند پارچەیەک لە پۆشاکیان بە ڕەنگی سوور، دەپۆشن. گوڵی سوور دەگۆڕنەوە، نامە و کارتی پیرۆزبایی بۆ یەکتری دەنێرن. زۆربەی ساڵانیش لە زانکۆ (جار هەیە لە پەیمانگەکانیش) کۆڕی شیعر خوێندەوە، بۆ شاعیرە لاوەکان دەگێردرێ و گەنجان تێیاندا ئامادە دەبن و ناوەڕۆکی شیعرەکان پتر غەزەل و ئەڤینداری و خۆشەویستییە.

## جەژنی کەس یان دەستە و دائیرە:

لێرەدا مەبەستمان لەو بۆنە کەسییە یان خێزانییە، کە ساڵانە شێوازی یادکردنەوە وەردەگرێ و بە شێوەیەک لە شێوەکان ئامادەبووانی خۆشی خۆیانی تێدا دەردەبڕن. وەکو ساڵیادی لەدایک بوون، ساڵیادی هاوسەرگیریی، بۆنەی دەرچوون لە زانکۆ و پەیمانگەکان... تاد.

لەڕاستیدا، هێندە لەمێژ نییە، ئەو جۆرە یادکردنەوە، هاتۆتە نێو کوردەواری. جا شاری کۆیەش، پڕیشکی پەڕیوەتێ. زۆربەی یادکردنەوەکان خێزانین و لە ماڵەوە، ئاهەنگیان بۆ ساز دەکرێ، دۆست و ناسیاو دەچن و دیاری پێشکێش دەکەن و وێنە دەگرن و خواردن و خواردنەوە دەبەشرێتەوە. هەیە هۆڵی بۆنەکان بەکرێ دەگرێ و ژمارەیەکی بەرچاو دۆست و هاوڕێیان داوەت دەکەن و بە شایی و مۆزیک و دیاری پێشکێش کردن و وێنەگرتن، کاتەکە بەسەر دەبەن. جار و بارەش بۆ ئەدیب و کەسایەتییە کۆچکردووەکانی شار، کۆبوونەوەی چلە و ساڵیادیان بۆ بەڕێوەدەچێ، ئەویش پتر ڕێکخراوە

سێبەرەکانی حیزبەکان پێ هەڵدەستن.

**بۆنە فەرمییەکان:**

هەرچەندە، بابەتەکەمان تایبەتە بە جەژن و ڕێوەڕەسمەکانی، بەڵام لە عێراق و کوردستاندا، هێندێ بۆنە هەیە، کە ساڵانە یادیان دەکرێتەوە یان دەبنە پشوو. ئەو بۆنانەی کە بە فەرمی حکوومەتی بەغدا، دەیانکاتە پشوو، نزیکەی (١٤) بۆنە دەبن، لە هەمان کاتیشدا، حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش نزیکەی (١٤) بۆنەی هەیە کە دەیانکاتە پشوو، ئەوە جگە لە پشووەکانی بەغدا.

بۆنەکان لە هەرێمی کوردستان (بە هی بەغدا و هەولێرەوە)، یادکردنەوە و ڕێوەڕەسمەکانیان جیاوازی هەبووە. لەسەردەمی پاشایەتیدا، لە بۆنەی فەرمیدا، خەڵکەکە، هیچ چالاکی و ئامادەییەکیان بۆ نەدەکرد، بەڵام حکوومەت، بە شێوەی جیاواز یادی دەکردنە و ئاهەنگی بۆ دەگێران، وەک ڕۆژی دامەزراندنی حکوومەتی عێراق و دانیشتنی مەلیک لەسەر تەخت، پێیان دەگوت(جەژنی جلووس).

لەدوای کودەتای (١٤ تەمموزی ١٩٥٨)ەوە تا ڕاپەڕینی (١٩٩١)، هەر ڕژێمەی کە دەسەڵاتی گرتووەتە دەست لە بەغدا، بۆنە و جەژنی خۆی هەبووە، وەک ڕۆژانی (٨ ی شوبات و ١٧ی تەمووز و ٧ی نیسان و ٢٨ی نیسان....تاد)ی ڕژێمی بەعسییەکان. ڕێکخراوە بەعسییەکان و پیاوە خۆفرۆشەکانیان ، خەڵکیان بە زۆرە ملێ خڕدەکردە و دامودەزگاکان وتار و درووشمی خۆیان دەگوتەوە و ئاهەنگیان بۆ دەگێڕا. بەڵام جەماوەر، هەرگیز پێشوازیان لەو جۆرە بۆنانە نەدەکرد.

هەر بۆ نموونە، لە ساڵی (١٩٨٦)، بە زۆر، هەرچی مامۆستا و فەرمانبەر و کارگوزار هەبوو لە کۆیە، لە ناو بارەگای مەنزوومەی

بەعسییەکان، کۆبوونەوەیـان پێکـردن و داوایـان لێکـردن کـە دەبـێ بـۆ ڕۆژی لـە دایکبوونـی سـەددام حوسـێن، ئاهەنـگ بگێـڕن و جوانتریـن جلـک و بـەرگ بپۆشـن و خۆشـی دەربـڕن. چونکـە شـاری کۆیـە هەرگیـز لـەو بۆنـەدا، خۆشـی دەرنەبڕیـوە. بریـار درا کـە چەنـدان کـەژاوە، لـە خەرجـی دەوڵـەت، بـۆ چیـن و توێـژەکان و کاسـبکاران درووسـتبکرێ، بـۆ ئـەوەی کـەژاوە گەورەکـە، شایستەی ئـەو یادەبێ کـە بەڕێوەدەچـێ. دوای هەمـوو ئامادەکارییـەک، بـە خەڵکەکەیـان ڕاگەیانـد، کـە لـە کۆیـە ئـەو کـەژاوە و ڕێوەڕەسـمە ناکـرێ، دەبـێ بچـن بـۆ هەولێـر... دیسـان بـە چەنـدان شـێوە چـاوی خۆیـان لـە خەڵکەکـە سـوورکردەوە کـە ئـەوان کـەژاوەی ماتەمینیـان نـاوێ، هـەر کـەس لـە ڕوو کامێراکانـدا، ڕووی خـۆی بشـارێتەوە خۆشـی نیشـان نـەدا، سـزای قـورس دەدەرێ. کاتێـک، (٢٨ی نیسـان) نزیـک بـۆوە، خەڵکەکەیـان ئـاگادار کـردە و کـە نابـێ شـاری کۆیـە لـەو بۆنەیـە بەشـداری هەبـێ، بـە فرمانـی حیـزب، نـە لـە کۆیـە نـە لـە هەولێـر ــ چونکـە ئـەوان بـە نەیـاری حیزبـی بەعـس لـە لیسـتەی ڕەشـدا ناویـان تۆمـار کـراوە. خۆشـبەختانە کەژاوەکـە تێکچـوو خەڵکەکـە لـەو ڕۆژە پـڕ ڕووڕەشـێیە ڕزگاریـان بـوو. کۆیـە تاکـە شـار بـوو لـە عیـراق کـە قـەت قـەت سـەددام سـەردانی نەکـرد.

تەنانـەت دوای ڕاپەڕینـش، کۆیـە، وەک زۆر شـاری دیکـەی کوردسـتان، لە بۆنەکانـی وەکـو ڕۆژی دامەزراندنـی سـوپای عێراق بەشداریان نەکردوە.

لەڕاسـتیدا، یادکردنـەوەی، هێنـدێ بۆنـە کوردییەکانیـش لـە شـارێکە و بـۆ شـاریک جیـاوازی هەبـووە، بەتایبەتـی کـە دوو ئیدارەیـی، دەڤـەری زوونـی سـەوز و زوونـی زەردی بەڕێـوە دەبـرد. ئـەو پشـیوازییە و گەرموگۆڕییـەی بـۆ سـاڵیادی لـە دایبکوونـی یـان کۆچکردنـی مـەلا مسـتەفای بـارزان لـە زوونـی زەرد بەڕێوەدەچـوو، بـە نموونـە، لـە زوونـی سـەوزدا نەدەکـرا.

ئـەو ئاهەنـگ و ڕێوڕەسـمەی لـە ڕۆژی دامەزراندنـی یەكێتیـی نیشـتمانی كوردسـتانیش، لـە زوونـی سـەوز دەكـرا، لـە زوونەكـەی دیكـەدا وا بـە گەرموگـوڕی و حەماسـەتەوە نـە دەكـرا.

بێگومـان، یادكردنـە و پشـووەكان لـە دەڤەرەكانـی دەرەوی هەرێـم، چەنـدان بـار ژمارەیـان زۆرتـر بـوو، بـە تایبەتـی لـەو دەڤەرانـەی كـە زۆرینـەی شـیعە ئایینـزان. ئـەوان بۆنـە یایینییـەكان زۆرە. سـاڵ هەیـە لـە عێـراق (١٠٠) ڕۆژ، بـە پشـووەكانی هەفتـەوە، دەبێتـە پشـووی فەرمـی. جـا بۆنـە هەیـە شـارێک یـان دەڤەرێـک دەیكاتـە پشـوو بـەڵام لە ئەوانـی دیكـە كار و فرمـان ئاسـاییە.

لـە هەرێمـدا، هێنـدی بۆنـەی ئایینـەكان و ئایینزایەكانـی غەیـری ئیسـلامیش، دەكرێـن بە پشـوو و یادیـان دەكرێتەوە، وەكو مەسـیحییەكان كـە (٤) ڕۆژ پشـوویی فەرمییـان هەیـە و ئێزیدییـەكان (١٣) ڕۆژ و جـوو (٥) ڕۆژ و سـائیبە مەندائییـەكان (٥) ڕۆژ.

لـە گـەڵ هاتنـی هـەر ڕژێمێكـی نوێ، بۆنـە و جەژنەكانیـش گۆڕانكارییان بەسـەر دادێ، هەیـە دەسـڕێتەوە و هەیـە لە نوێ یـادی دەكرێتەوە.

لـە كۆیـەش، سـاڵیادی خەمبارییـی كیمیابارانـی هەڵەبجـەی شـەهید و سـاڵیادی كارەسـاتی ئەنفـال و ڕۆژەكانـی ڕاپەڕیـن، بـە جـۆش و خـرۆش و چالاكـی هەمـە جـۆر، بـە تایبەتـی لـە لایـەن گەنجـان و ڕێكخـراوە مەدەنییـەكان، دەكرێنـەوە.

## ڕێوڕەسمی جەژنی مەسیحییەکان لە کۆیە:

”مێـژووی مەسـیحییەکانی وراتـی کۆیـە دێرینـە، بـە گوێـرەی هێنـدێ سـەرچاوە، دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەدەی یەکەمـی زایینـی، لەسـەردەمی ساسـانییەکان. قەشـە (تۆما)ناوێـک، وەک بانگخـوازی ئـەو ئایینـە، لـە سـاڵی (٥٢ ز.) بـۆ بڵاوکردنـەوەی ئایینەکـە ڕوو لـە وڵاتـی هیندسـتان دەکات و دواتـر بـە کوردسـتاندا تێدەپـەڕێ و خەڵـک دەهێنێتـە سـەر ئایینـی مەسـیحی.“ (هاوژیـن ٢٠١٣ ل. ٦٠). هـەر بۆیـەش چەندیـن دێـر و کڵێسـە و شـوێنی ئایینـی لـە کوردسـتاندا هـەن، کە لەسـەر ئاسـتی جیهاندا بایەخیـان پێدەدرێـت و گرنگـن. وەک: دێـری مـار مەتـێ، کـە بـە کۆنتریـن دێـری کریسـتیانە سـریانییەکان لـە کوردسـتان و هەموو عێـراق دادەنرێت، لـە سـەدەی چـواری زایینـی، واتـا لـە سـەردەمی دەسـەڵاتداریی پاشـای ئاشـووری، مەلیـک سـەنحاریب، دروسـت کـراوە. دێـری ڕەبـەن هورمـوزد، لـە ئەلقـووش، دێـری مەریەمانـە لـە هەولێـر، دێـری مـار عۆدیشـۆ، دێـری سـوڵتانە مەهادۆخـت، دێـری رەبـەن بۆیـە لـە شـەقڵاوە، و مـەزاری ماربێنە قەدیشـە، کـە (مـار بەهنام)یشـی پێدەگوتـرێ، دەکەویتـە سـێ کیلۆمەتـری باکـووری گونـدی هەرمۆتـە، لـە شـاری کۆیـە.

لەسـەر مێـژووی ئـەم دێـرە دوو بۆچـوون هەیـە: یەکەیـان ئەوەیـە کـە دەڵـێ: مێـژووی ئـەم دێـرە پەیوەندیـی بـە مێـژووی دروسـتکردنی دێـری مـار بەهنـام لـە مووسـڵ هەیـە، کـە لەلایـەن بەهنـام و سـارای خوشـکی لـە سـاڵی ٣٦١- ٣٦٣ز. دامەزرابـوو، کـە بـە دەسـتی ئیمپراتـۆری ساسـانی (شـاپووری دووەم)کـوژراون.

دووەمیشـیان: لـە ئەنجامـی هێرشـی مەغۆلـەکان بـۆ ناوچـەی مووسـڵ و کاولکردنـی کڵێسـای مـار بەهنـام لـە مووسـڵ، ڕەبەنەکـەی ئـەوێ کۆچـی کـردووە بـۆ هەرمۆتـەی کۆیـە و ئـەم دێـرەی بـە یـادی شـەهید بەهنامـەوە

دروست کردووە.“ (جەمیل عیسا ٢٠٢٠)

کەواتە، زۆر لە مێژە مەسیحییەکان لە وراتی کۆیە، لەگەڵ موسڵمان و جووەکان ژیاون، ئەوان هەم گەڕەکێکی کۆنیان لە شاری کۆیە هەیە بە ناوی گەڕەکی دیانان، کە کڵێسەی ئەوانی لێیە، هەم گوندی هەرمۆتە هی ئەوانە، کە ئێستا بووەتە بەشێک لە شارەوانیی شارەکە و لەویش کلێسا خۆیان هەیە، جگە لە هۆلی پرسە و بۆنەکان.

مەسیحییەکانی کۆیەش، وەک هەموو مەسیحییەکانی عیراق و جیهان، چەندان جەژن و بۆنە و یادی خۆیان هەیە، کە ساڵانە بە گوێرەی ئاهەنگیان بۆ دەگێڕن. لە کتێبی (مێژووی هەرمۆتە)ی د. هاوژین سلێوە، ئەو جەژن و یاد و ڕۆژانە باسکراون:

## جەژنی سەری ساڵ:

ئەمە یەکێکە لە جەژنە دیار و پیرۆز و مەزنەکانیان. بە بۆنەی لە دایکبوونی حەزرەتی مەسیح لە (٢٥ی کانونی یەکەم) وە دواتر جەژنی سەری ساڵ لە یەکی کانوونی دووەم، کە تێیدا مەسیح خەتەنەکراوە.

ئەم دوو جەژنە پڕ لە هاتوبات و تەدارەکە، مەسیحییەکانی کۆیەش یادی شەوی یەلدا دەکەنەوە، کە بە سریانی بە مانای لەدایکبوون دێت، بەڵام یەلدای ئەوان، هەمان ڕێککەوتی ساڵنامەی کوردی و فارسی نییە. بێگومانە ئەو شەوە، سەرەتای وەرزی زستانە و بە درێژترین شەوی ساڵ دادەندرێت. مەسیحییەکان پتر ڕوواڵەتە ئاینییەکە بەو شەو دەدەن، کە شەوی خۆشی و شادییە. هەر لەو بۆنەیەدا، ئەوان لە (٢٧ی کانوونی دووەم) یادی (قطلت یەلوودێ) دەکەنەوە، کە بە مانای کووشتنی منداڵ دێت. لەم شەودا لە کلێسا قوداسی تایبەت

بەڕێوە دەچێ. سەربوردەی ئەو یادە ئەوەیە کە، کاتێ حەزرەتی مەسیح لە دایک دەبێ، ئەستێرەیەکی گەش دەردەکەوێ، هیرۆدس، پاشای ئۆرشەلیم، دەزانی بەدیارکەوتنی ئەو ئەستێرە گەش، نیشانەی لە دایکبوونی مەلیکێکی نوێیە، بۆیە فرمان دەدا هەرچی کوڕە و تەمەنی سەرووی دوو ساڵییە بیکوژن. شەوێ مەلایکەت، هاتە خەونی یوسفی دەستگیرانی مریەم، کە بچیتە میسر و ئەو کوڕەی دوور خاتەوە و نەگەڕێتەوە تا هیرۆدس دەمرێ. ئەوەیش وا دەکات، بەوە مەسیح لە کووشتن ڕزگاری ببێ.

مەسیحییەکانی کۆیەش، لەو بۆنەدا، بابانوئێلیان هەیە کە بە پۆشاکی سوور و ڕیشی سپییەوە ماڵ بە ماڵ دەگەڕێ و دیاری بەسەر منداڵاندا دەبەشێتەوە، ئەمەش نەریتێکە لە سەدەی چواردەمەوە زیندوو کراوەتەوە، لە وەتەی لە ئەڵمانیا، ڕێوڕەسمەکەی مەتران نیکۆلاسی شاری موڕا، لە ئاسیای بچووک، یادکردەوە کە بە بێ فەرق و جودایی ئایینی و زمان و نەتەوەیی، دیاری بەسەر هەژاراندا دەبەشییەوە.

دانان و ڕازاندنەوەی درەختی سەری ساڵ، لە کڵیسە و ماڵەکاندا، دانانی ئەستێرەک لەسەر تۆقەڵەی درەختەکە، وەک ڕەمزی لەدایکبوونی مەسیح و هەڵواسینی دیاری بۆ منداڵان وچرای ڕەنگاوڕەنگ بۆ جوانی و ڕۆناکی. لە هێندێ شوێنێش، ئەو ئەشکەوتە دروست دەکەن، کە ئاژەڵ و مەڕی لێیە، وەک ڕەمزێک بۆ شوێنی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح.

لە شەوی (٢٥ی کانوونی یەکەم ) و شەوی (١ی کانوونی دووەم) هەموو مەسیحییەکان دەچنە کڵیسە و دوو سێ سەعات تەراتیلی ئایینی دەخوێنن و نوێژ دەکەن، بخورێکی زۆر دەسووتێنن تا شوێنکە

بۆنی خۆش بێت. دواتر لە حەوشەی کڵێسە پیرۆزبای لێک دەکەن، ئەوجا هەموویان لە شوێنێک کۆدەبنەوە، یان دەستە دەستە دەچنە ماڵی خزمان و ئاهەنگ دەگێرن. بۆ ڕۆژی دواتر، دەچنە هۆڵی خۆیان لە هەرمۆتە و پێشوازی لەوانە دەکەن کە دەچن بۆ پیرۆزبای کردنیان. لەو ڕۆژەدا، ئەوانەی دڵیان لێک ڕەنجاوە لەگەڵ یەکدی ئاشت دەبنەوە. ئەوان لە ڕۆژی دووی مانکیش یادێک دەکەنەوە کە بە ناوی ڕۆژی شەمعون ساوا ناسراوە.

## یادکردنەوەی تەعمیدکردنی عیسا:

مەسیحییەکانی کۆیە بۆ ماوەی (١١) ڕۆژ جەژن دەگێرن لە (٢٥ی کانوونی یەکەم، تا ٦ی کانوونی دووەم) کە لەو ڕۆژردا، حەزرەتی عیسا، لە تەمەنی سێساڵیدا، بە دەستی ماریۆ حەنا، لە ئاوی ڕووباری ئوردن تەعمیدکراوە، ئەمەش وەکو ڕۆژی شەمعون ساوا، هەر یاد کردنەوەیە، هیچ قوداسێکی بۆ بەڕێوەناچێ.

## یادی باعوتا (باعوثا):

لەم بۆنەیەدا، سێ ڕۆژان (٧٢ سەعات) بە ڕۆژدەبن و هیچ ناخۆن. لە هەرمۆتە بە دوو شێوە ئەو یادە بەڕێوەدەچێ، هەیە هەر سێ ڕۆژەکە بەڕۆژوو دەبێت و دەچێتە کلێسا بۆ نوێژ و عیبادەت، هەشە بە ڕۆژوو دەبێ بەڵام عەسران دوای قوداس، ڕۆژیەکەی دەشکێنێ. لەو ڕۆژەدا زۆر خێر دەکەن، گۆشت یان نان، بەسەر ماڵاندا دابەش دەکەن. عەسرانیش خواردن، بە تایبەتی دۆڵمە دەبەنە کلێسا و دوای تەواو بوونی قوداسەکان، بە یەکەوە نان دەخۆن.

## یادکردنەوەی هەینی مردووان:

لە کۆتایی مانگی شوبات، سێ ڕۆژ پێش هاتنی ڕۆژووی گەورە، بۆ ڕێزگرتن لە مردووەکانیان، قوداسی تایبەتیان بۆ دەکەن. گەر باران نەبێ، دەچنە سەر گۆڕستان و سەردانی گۆڕی ئازیزانیان دەکەن، ئەوجا هەر لەوێ بۆ ماوە سەعاتێک قوداسێک دەکەن و بەیەکەوە نوێژێک بە جەماعەت دەکەن. هەر لەوێندەرێ بەیەکەوە ئەو نان دەخۆن کە لەگەڵ خۆیان دەیهێنن و بەسەر یەکدا دابەشی دەکەن. کولیجە و شیرینیشی لەگەڵە. ئەگەر کەش و هەواکە باراناوی بێ، ئەوا ئەو ڕێوەڕەسمە لە کڵێسەدا بەڕێوەدەچێ.

## جەژنی ئاگرە پاییزە (جەژنی سەلیب):

دەکەوێتە (١٣ی ئەیلول)، لە هەرمۆتە، پێش هاتنی ئەو ڕۆژە خۆیان ئامادە دەکەن، قوداسی تایبەت بەڕێوەدەچێ. ئەوسا مەشخەڵە ئاگر دەکەنەوە. لەم ڕۆژگارەدا، چرا و ڕستە گلۆپی ڕەنگاو ڕەنگی بچووکی بەکاردێنن بۆ دروستکردنی هێمای خاچ، لەسەر دیوار و لە شوێنە بەرزەکانی بانەکانیان بەرزیان دەکەنەوە و دەیچەسپێنن. ئەمە چەند شەوێک دەمینێتەوە. چونکە لە کۆیە مارببینە قەدیشە هەیە و چەند پەیکەرێکی حەزرەتی مەسیح و مریەمی پاکیزەی لێیە و کڵیسا هەیە. لەوێ بە چرا و ڕستە گلۆپ ئەو خاچە دروست دەکەن و شەوان دایان دەگیرسێنن. لەم جەژنەدا، مەسیحییەکانی شوینەکانی دیکە و موسڵمانەکانیش تییدا ئامادە دەبن و بۆ پیرۆزبایی کردن و ئاهەنگ دەگێرن. چەند ساڵیکە ئامادەبوونی خەڵکی کۆیە و موسڵمانەکان بووەتە نەریتێکی شارەکە. شووێنەکە جمەی دێ لە خەڵک و میوانی شارەکان.

## جەژنی هەڵسانەوە:

یەکێکە لە بۆنە مەزنەکان لە لای مەسیحییەکان. دەکەوێتە مانگی شوبات، تییێدا (٥٠) ڕۆژ بە ڕۆژوو دەبن و پاشان جەژنی قیامە دێ. بە ڕۆژوو بونەکەیان لە سەعات (١٢) شەو دەست پێدەکات تا (١٢) نیوەڕۆ، فتارکردنەوەشیان نابێ بەروبوومی گیانداران بێ، واتە هەرشتێ کە خوێنی هەبێ نایخۆن.

پێنچشەممەی فوسح، لە مانگی چوارەد دایە، لە قوداسێکیدا، قەشە قاچی (١٢) منداڵ دەشوات و دیارییان دەداتێ.

## هەینی خەمبار:

یادی لە خاچدانی حەزرەتی مەسیحە. دارەمەیتێک لە کڵێسا دادەنین کە بە قوماشی ڕەش داپۆشراوە و خاچێک کە ئەویش هەر کاڵای ڕەشی تێوەپێچراوە لە ناو دارەمەیتەکەی درێژ دەکرێ. هەموو شوێنەکە بە قوماش و ئاڵای ڕەش دادەپۆشن. خەڵک سەردانی دەکەن و نوێژی بۆ دەکەن. ئەو ڕۆژە تا درەنگانی شەو کڵیسە کراوەیە و دەچن سەردانی دەکەن.

## ڕۆژی شەمووی ڕۆناکی:

لەم جەژنە و چەژنی قیامە، مەسیحییەکان هێلکەی ڕەنگاوڕەنگ، کە پێی دەڵین هێلکەی کەس و سۆر، وەک دیاری دەبەشنەوە. ڕەنگەکان تۆخن و هێلکەکانیش کوڵاون. ڕەمزەکەی ئەو گێلکەیە کە چۆن هێلکە ژیانی تێدایە و جوجەڵەی تێدا دەتروکێ، بەمشێوەیەش مەسیح هەڵدەستێتەوە و زیندوو دەبێتەوە. ئەو ماڵەی پرسەدار و تازیەدار بێ هێلکە ڕەنگ ناکات. بەڵام دەر و دراوسێ بۆیان دەبەن، لە

ژەمی بەیانی ئەو هێلکانە دادەندرێن و منداڵ پێیان دڵخۆش دەبن. جاران وەک دیاری، مەسیحییەکانی کۆیە ئەو هێلکە و کولیچەیان بۆ موسوڵمانە دۆست و برادەرەکان دەبرد.
یادکردنەوەی مار یوسف، لە سالنامەی کڵێسا لە مانگی ماریا یوسف کە دەکاتە نەورۆز، قوداسی تایبەتی تێدا دەگێردرێت.

**پێنچشەممەی تێپەڕبوون:**

لەو ئایینەدا، سێ جۆرە ڕۆنی پیرۆزییان هەیە، ڕۆنی تەعمید، ڕۆنی میرۆن، ڕۆنی شیفای نەخۆشان. کە قەشە لە قوداسی تایبەتدا لە کاتی تەعمیدکردنی منداڵ لە نێوچەوانیان دەدا و هەروەها بۆ ئەو نەخۆشانەی لەسەرمەرگدان. جا ساڵانە، لەکاتی گۆڕینی ئەو ڕۆنانە قوداسی تایبەت بەڕێوەدەچێ.

**جەژنی سۆلاقە (شەڕەئاو):**

چل ڕۆژ دوای جەژنی گەورە دێ لە مانگی چوار. دوای هەڵسانەوەی حەزرەتی مەسیح چل ڕۆژ لە ناو خەڵک مایەوە دواتر بەرزکرایەوە بۆ ئاسمان. لە ڕۆژی پێنچەممشە لە مانگی ئایاردا، جۆگەڵە ئاوێک بە ناو هەرمۆتە درووست دەکەن، جا هەر کەسێک ستڵێک یان جامێک لەو ئاوە بەخەڵک دادەکا. دوای تیپەڕبوونی دە ڕۆژ بەسەر ئەو بۆنەیە، ڕۆحی قودس بەسەر خوێندکارەکانی مەسیح دێتە خوارێ و دەست دەکەن بە بڵاوکردنەوەی مەسیحییەت. ئەو جەژنەش پێیدەڵێن (هاتنی ڕۆحی قودس).
لە زۆربەی مانگەکانی دیکەی ساڵدا مەسیحییەکان بۆنە و یادی تایبەت بە خۆیان هەیە، قوداسی بۆ دەکەن. وەک: مانگی ئایار،

مانگـی مەریەمـی پاکیزەیـە. حوزەیـران، دڵـی مەسـیحە. ئـاب، ڕۆحـی مریەمەیـە، دەچـی بـۆ ئاسـمان. کانوونـی یەکـەم، تەقدیسـی کلێسـایە و کانوونـی دووەم تەبشـیری مریەمەیـە، ئـەوا جگـە لـە خوولـی تەنـاول و بەشـینەوەی قوربانــی موقەدەس.(هاوژیــن ٢٠١٣)
لەجێگـەی خۆیەتـی کـە ئامـاژە بـە ڕۆڵـی هونەرمەنـدی مەقامبێـژی کـورد، خاڵـە سێوە بکەیـن، کـە بـە درێـژای تەمەنـی بـە دەنـگ و سـەدا و ئـاوزە خۆشـەکەی، جێگـەی تایبەتـی هەبـوو لـە گەرمکـردن و بەڕێوەچوونـی ئـەو قوداسـانەدا، تـا لـە ژیانـدا بـوو. هـەر لـە هونـەری ئـەو تەراتیـل و قوداسانەشـەوە، هونـەری مەقامگوتنـی پتـر گەشـە پێـداوە.
هونەرمەندان مەربێن و حەنیلش پێش سێوە هەمان ڕۆڵیان گێڕاوە.

## جەژنی جووەکانی کۆیە:

مێــژووی جوولەکــە لــە عێــراق، کۆنــە، دەگەڕێتــەوە بــۆ ســەردەمی بابیلییــەکان، کــە جوولەکەکانیــان لــە ئورشــەلیم، بــە سێ قۆناغــدا دەرکــرد و چوونــە ژێــر دەســەڵاتی ئاشــوورییەکان و دواتریــش لــە قەڵەمــڕەوی ساســانییەکاندا بڵاوبوونــەوە. «کونتریــن مێــژووی بوونــی جوولەکــە لــە باکــۆری عێــراق، دەگەڕێتــەوە بــۆ ســەردەمی ئیمپراتۆریەتیــی ئاشوورییەکان، کــە نزیکــەی (٣٠٠) ســاڵ درێــژەی هەبــووە، لــە نێــوان (٩١١ ــ ٦٣٦ پ. ز. )(ئەحمــەد ٢٠٠٠ ل. ١١).

جوولەکــە لــە شــارەکانی عێــراق، لــە دێــر زەمانــەوە هــەر کەمیینەیەکــی ئایینــی بــوون. لــە ســاڵی (١٩٤٨) حەشــیمەتەکەیان لــە دەووری (١٣٨) هــەزار کەســێک بــووە.

”ئەگەرچــی ئــەوان کەمیینــە بــوون، بــەڵام کۆنترۆڵــی بازرگانــی عێراقییــان کردبــوو، لــە ســاڵی (١٩٣٦)، لــە (٦٣) بازرگانــی قومــاش (٥٥)یــان جوولەکــە بــوون، هەروەهــا لــە بازرگانــی بــۆری و کەلوپەلەکانــی، لــە (١٣) بــازارگان (١٠)یــان جــوو بــوون.“ (یەعقــوب ٢٠١٣ ل. ٤١)

لــە کوردســتانیش لــە هەمــوو شــارەکاندا جوولەکــە هەبــوون، لــە ناوچــەی بادینــان و وراتــی کۆیــەش لــە گوندەکانیشــدا ژیــاون. تەنهــا لــە گوندەکانــی کوردســتان، جوولەکــە هەبــوون، دەنــا لــە باقــی شــوێنەکانی دیکــەی عێــراق پتــر هــەر لــە شــارەکان ژیــاون. لــە دەڤــەری دهــۆک گونــدی ســەربەخۆیان هەبــوو، وەک گونــدی (ســەندور) و گونــدی (بیــت النــور) لــە بەروارییــی باڵا.(ئەحمــەد ٢٠٠٠ ل. ٤٧).

مێژوونــووس تاهیــر ئەحمــەد حەوێــزی دەڵــێ:» جوولــەکان لــە کۆیــە ، (٦٠ ــ ٧٠) خێــزان دەبــوون، بــە زۆری لــە کۆنــە قەڵاتــێ و گەڕەکــی هــەواوان

بوون، کەنیشتەکەشیان لەوێ بوو. پێش (١٥٠) ساڵێک، چەند ماڵێکیان گواستەوە گەڕەکی بەفریقەندی، تا دەوروپشتی مزگەوتی حەتک و مزگەوتی گەرموکێ و بەوێیان دەگوت گەڕەکی جوولەکەکان، کەنیشتەی تایبەت بە خۆشیان هەبوو.»(تاهیر ١٩٦٢ ل. ٤٢) ئەوان گۆڕستانی خۆیان لەسەر گردێک بوو پێیان دەگوت گردی جووان ــ ئێستا گەڕەکی سەرباغە. لە گوندەکانی سێگۆشەی نێوان دێگەڵە و تەقتەق و کۆیەش ئاژەڵداری و فەلاحەتیان دەکرد.

لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە فەلەستین، جوولەکەکانی کۆیەش، ماڵ و حاڵیان لە لایەن حکوومەتەوە دەستی بەسەرداگیراو، کۆچیان پێکردن بۆ ئیسرائیل.

هەرچەندە جووکانی کۆیە، کار و کاسبی خۆیان کردووە و زێرینگەری و جۆلای و کاری چنین و بازرگانیی خۆیان دەکرد و تێکەڵاوییان لەگەڵ خەڵکەکە هەبوو، بەڵام، جاریش هەبوو باش مامەڵەیان لەگەڵ نەکراوە و ڕەنجێندراون.

ئەوان لە کەنیشتی خۆیان، تقوسەکانی ئایینی خۆیان، وەکو مەسیحییەکان، بە ئازادی بەڕێوەبردووە. بۆ جەژنەکانیان، هەرچەندە، ژمارەیەکی بەرچاو جەژنە و بۆنە و یادیان هەیە ــ وەک لە بەشی یەکەمی ئەم بابەتە، ئاماژەیان بۆکراوە، بەڵام، ئەو جەژنەی کە لە زەین و بیرەوەریی خەڵکەکەدا پتر ماوەتەوە، جەژنی کەپرەشینەیە. جەژنی کەپرەشینە دەکەوێتە کۆتایی مانگی ئەیلول، واتا سەرەتای وەرزی پاییز، لەم بۆنەیەدا ، لە شوێنێکی نەختێ بەرز کەپرێک درووست دەکەن، دەووری کەپرەکە بە چیغ و حەسیر دەگرن، کتومت وەکو ئەو مێوانەخانەی عەرەبەکان لە گەڵای خورما درووستی دەکەن لە باشووری عێراق. جا هەر شتێکی جوانیان هەبێ، بەو کەپرەیەوە

هەڵدەواسن. دەبووایە هەرچی میوەی ئەو وەرزەش هەیە ، داینێن و هەڵیواسن . ئەم بۆنەیە دوو شەو و دوو ڕۆژی دەخایەند، دەیان کردە شایی و ئاهەنگ و جوانترین پۆشاکیان دەپۆشی. خەڵکی شاری، دەچوونە سەیریان تەماشایان دەکردن. لەو جەژنەشدا شەو ئاگر دەکەنەوە. ئەو کەپرە هەڵناگرن هەتا یەکەم بارانی پاییزی لێنەدا. وا پێدەچێ کە ئەو جەژنە تایبەت بووە بە جووەکانی کە لە کوردستان بوون.» (ئەحمەد ٢٠٠٠ ل. ٤١)

لەو ڕۆژەوی جوولەکە کوردەکان کۆچیان کردووە بۆ فەلەستێن، ساڵانە لەوێ یادی ئەو جەژنە دەکەنەوە. لە گۆڕەپانێکی گەورە، تەدارەگ و ئامادەباشی دەکەن، ئەوەی لە کوردستان دەیان کرد، لەویش بەهەمان دەستوور و ڕێوەڕەسم ئەنجامی دەدەن. شایی و هەڵپەڕکێ بە دەهۆڵ و زوڕنا دەکەن. لەو جەژنەدا. لەوێ سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل و چەندان لە پەرلەمانتاران و کاربەدەستە گەورەکان، هاوشان لەگەڵ حاخام و پیاوانی ئایینی، وتار دەخوێنەوە و بەشدارییان هەیە. (ئەحمەد ٢٠٠٠ ل. ٤٥)

بێگومان، جووکانی کۆیە، یادی جەژنەکانی دیکەشیان کردووەتەوە، بەڵام چونکە زۆربەی تقووسەکانیان لەناو کەنیشتیە بەڕێوەچوون ، خەڵکی شارەکە زۆر زانیارییان لەسەریان نەبووە و پێیان ئاشنا نەبوون.

نامانەوێ لێرە باسی ئەو جەژنانە بکەین کە لە ئیسرائیل، جووەکان یادیان دەکەنە و ڕێوەڕەسمیان بۆ بەڕێوەدەبەن.

**جەژنی خەڵکانی دی:**

لە دێرزەمانەوە، جگە لە موسڵمان و دیان و جوولەکە، لە شاری کۆیە ژمارەیەکی زۆر زۆر کەم، لە ڕۆژگاری جیاجیادا، لە ئەرمەن و سایبە و مەندائی و کاکەی و ئێزیدی ... تاد ژیاون، بەڵام چونکە ژمارەکەیان کەم بووە بۆ هەمیشەش لە شارە نەبوون، زانیارییەکی ئەوتۆمان دەربارەی جەژنەکانیان نییە، بۆیە قسەیان لێوە ناکەین.

# پاشکۆی ئەم کتێبە:

## خڕبوونەوەی جەماوەری لە وراتی کۆیە

کۆیـە و دەڤەرەکـەی، هەمیشـە ڕۆژگارەکانـی پـڕ هاتوبـات و بۆنـە و ڕووداو و بەسـەرهاتی خـۆش و ناخـۆش بـووە، کـە بوونەتـە مایەیـی خڕبوونـەوەی خەڵکەکـەی، بـە هەمـوو چیـن و توێژەکانیـەوە بەبێ فـەرق و جودایـی. هەرگیـز فەقیـری و دەوڵەمەنـدی و جیاوازیـی ئاییـن و ڕەگـەز و ڕەنـگ و پیشـە، لـەو کۆبوونـەوە جەماوەریانـەدا، حسـێبیان بـۆ نەکـراوە و هەموویـان بەیـەک چـاو سـەیرکراون. بۆنـە و ڕووداوەکان ڕووبـەری ژیانـی سـەردەمی خۆیـان گرتووەتـەوە، واتـا هەمـوو بـوارەکان پشـکیان لـەو کۆبوونـەوە جەماوەریانـەدا هەبـووە، بـواری کۆمەڵایەتـی، ئاینـی، سیاسـی، سـەربازی، ئەدەبـی و ڕۆشـنبیری... تـاد.

لێـرەدا، بـە سـەرە قەڵـەم، تەنهـا ئامـاژە بـەو بۆنـە و ڕووداوانـە دەکەیـن کـە خەڵکێکـی زۆری شـارەکە و دەڤەرەکـە تێیانـدا بەشـدار و ئامادەبـوون. باسـی تێکڕای ڕووداوەکان ناکەیـن، ئـەوان بۆ مێژوونووسـان بەجێدەهێڵیـن. چونکـێ لێـرەدا بابەتەکەمـان جـەژن و بۆنەکانـە، جـا هەرچەنـدە ئـەو خربوونەوانـە، سـیماو بۆنوبەرامـەی جەژنیـان پێـوە نییـە، بـەڵام چونکـە کۆبووەنـەوەکان، گەورەبـوون، وەک بڵێـی، ئـەو کات، شـارەکە گوندێـک بـووە، هەمـوو دانیشـتوانی ئاوایـی لـە مزگەوتەکەیـدا خـر بوونەتـەوە.

بۆنە و ڕووداوەکانی ئەو سەدەیە (١٩٠٠ ـ ٢٠٠٠)، وەک نموونە:

## ١٨٨٨/٤/١٩، کۆچی دوایی ئەمیناغای ئەختەری شاعیر:

سەرتاپای شار لە کەژاوەی بەخاکسپاردن و پرسەکەیدا بەشداری دەکەن. ژنان بۆ یەک حەفتە شینی بۆ دەگێڕن، چونکی ئەختەر جوانەمەرگ بووە. ئەسعەداغای برای(١٨٣٩-١٨٩٥)، دەبێتە جێگری، ئەوەیش کۆچکردنەکەی ڕۆژێکی جەژن دەبێ. دەگێڕنەوە کە حەماغای کۆیە دەچێتە سەردانی و ئەو لەسەر جێگا دەبێ، دوو بالیف دەخەنە پاڵ پشتی، تا وادەرنەکەوێ بێحاڵە. کە خەبەری کۆچی ئەسعەداغا بڵاودەبێتەوە، حەماغای کۆیە دەڵێ، "سەیرە، ئەمن تازە لە لای بووم!" ئەو ڕۆژە بازاڕ و قەیسەری کۆیە دادەخرێن و گەورە و بچووک بەرەوماڵی ئەسعەداغا بەڕێدەکەون و ئاپورەیەکی گەورەی شار بە خاکی دەسپێرن و پرسەی گەورەی بۆ دادەنێن.(حەوێز، نامە)

## ١٩٠٤ پەتای ڕشانەوە و کۆلێرا:

لە ساڵەکانی (١٩٠٠ ــ ١٩٠٤)، لە زۆربەی وڵاتانی جیهان، پەتای ڕشانە و پەتای کۆلێرا بڵاوبۆوە، تەنانەت لە کیشورەی ئەمەریکاش. لە ئێراق و ئێران و هیندستان خەڵکێکی زۆری کووشت. لە ساڵی (١٩٠٤) ئەو پەتایانەش گەیشتنەوە وراتی کۆیە، خەڵکەکی زۆر بەو پەتایانە چوون. هەر لەو ساڵەشدا بووە گرانی و تەواوی شار و گوندەکان شەپرزە و کارەساتبار بوون.

## ١٩١٨/٧/١٥ سوپاسی ئینگلیز گەیشتە کۆیە:

دوای ڕاماڵینی عوسمانییەکان و تێکشکانیان لە جەنگی دووەمی جیهانی، ئێراق کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئینگلیز و وردە وردە شارەکانی

ئێراقیـان داگیرکـرد. کـه لـه ڕۆژی (١٥)ی تەمـووزی (١٩١٨)یەکـەم کاروانـی سوپاسـی ئینگلیـز بـه سـەرکردایەتیی جەنـەڕاڵ (هـای) گەیشـتە دەروازەی شـاری کۆیـە، بـە سـەرپەرشتیی پیـاوە ماقوولانـی شـار، خەڵکەکـە بـەرەوە پیریانـەوە چـوون، لـە نێویانـدا مـەلای گـەورە و حەماغـای کۆیـە و شـێخ نـووری و چەنـدان کەسـایەتیی دیکـە. بـە زمانـی فارسـی گفتوگۆیـان لەگـەڵ یەکتـری دەکـرد.

## ١٩٢٠/٨/٢، کۆچیدوایی حەماغای کۆیە:

کـە حەماغـای کۆیـە، لـە ڕۆژی (٢)ی ئابـی (١٩٢٠) چـۆوە بـەر بـارەگای خـودا، هەمـوو خەڵکـی شـار، بەشـداری بەخاکسـپاردن و تازییەکەیـان کـرد. لـە سەرتاسـەری شـارەکانی کوردسـتان خەڵـک بـۆ فاتیحـە خوێنـدان هاتبـوون. جەنـەڕال (هـای)ی سوپاسـی ئینگلیزیـش لـە کـەژاوەی بەخـاک سـپاردنەکەی ئامـادە بـوو.

## کۆتایی ئایاری ١٩٣١ سەردانی سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ کۆیە:

لـە کۆتایـی ئایـاری ١٩٣١، یاسـین هاشـیمی، سـەرۆک وەزیرانـی عێـراق لـە گـەڵ ڕەشـید عالـی گەیلانـی وەزیـری ناخـۆ، بـە سـەردان لـە ڕێـی هەولێـرەوە دێنـە کۆیە. کاربەدەست و کەسایەتییەکانی شار و قوتابیانی قوتابخانـەی یەکـەم و دووەمـی کۆیـە دەچنـە دەرکـی گـەرووی سـۆڕکی، بـە ئـاوازی مۆزیکـی کەڕەنـا و تەپـڵ و چەپڵەڕێـزان پێشـوازییان لێدەکـەن. دواتـر لـە دیوەخانـی قائیمقامـی کۆیـە داخوازییەکانـی شـاریان دەخەنـە بـەردەم، کـە بڕیـن و قیرتاوکردنـی ڕێگـەی کۆیـە ـ هەولێـر، کۆیـە ـ کەرکـووک بوو.(شـارەزا،٢٠٢٢. ل.٢٥)

## ١٩٣٢/٦/١٢، تەقینەوەی کۆنە بۆمبایەك:

لـە سـاڵی ١٩٢٢، بـۆ مـاوەی شـەش ڕۆژان فڕۆکەکانـی ئینگلیـز شـاری کۆیەیـان بۆمبابـاران کـرد. جـا لـە ڕۆژی ١٢/ ٦/ ١٩٣٢ شـاری کۆیـە خرۆشـا و خەڵـک خربوونـەوە چونکـە بۆمبێـک بـە چەنـد کەسـێکدا تەقییـەوە کـە لـە دەم ڕووبارێـک دۆزیبوویانـەوە. (٣) کـەس کـوژران، بـە ناوەکانـی: بابەڕەسـووڵ شـیخ بابـە عەلـی، سـەڵاحەددین شـێخ نوورەدیـن جەلیـزادە، بابەکـەی حاجـی مسـتەفا. کەسـێکیش بـە نـاوی، عەبدولحەمیـد تایـەر جەلەبـی برینـدار دەبـێ. ئـەو ڕووداوە، ئـەو کات، وەک کارەسـاتێکی گـەورە وابـوو بـۆ شـارەکە.

## ١٠/١٣/ ١٩٤٣ کۆچی دوایی مەلا محەمەدی جەلیزادە، مەلای گەورە:

وەک بـە خاکسـپاردنەکەی حەماغـای کۆیـە و پرسـەکەی، هەمـوو خەڵکـی شـار و دێ، لـە ناشـتنی مـەلای گـەورە بەشـدار و ئامادەبـوون و پرسـەیەکی گـەورە و گەرموگـۆڕی بـۆ دانـدرا. ئـەو ڕۆژە خامۆشـە، تـەواوی ماڵەکانـی کۆیـەی ماتەمبـار کردبـوو.

## سەرەتای نیسانی ١٩٤٥، مانۆری سەربازیی لە کۆیە بەڕێوەچوو:

لیـوای چوارمـی تیپـی دووی سـوپای عێـراق بـە ئۆتۆمبیلـی زرێـدار و بێتەلـەوە لـە کەرکووکـەوە دێتـە کۆیـە. بـە مەبەسـتی ئەنجامدانـی مانۆڕێکـی سـەربازی و مەشـق کـردن بـۆ ئـەوەی خۆیـان ئامـادە و تەیـار بکـەم هێـرش بکەنـە سـەر ناوچـەی بـارزان کـە مـەلا مسـتەفای بـارزان سـەرکردایەتیی شۆڕشـی دەکـرد لـەوێ. دوای نیـوەڕۆ عەبدولئیـلا وەسـی مەلیکـی عێـراق، بەونـاوی کـە فەرمانـدەی گشـتیی هێـزە چەکدارەکانـی عێـراق بـوو لەگـەڵ

جەنـەڕاڵ ڕینگتنـی ئینگلیـزی کـە چاودێـری هیـزە چەکدارەکانـی عێـراق بـوو گەیشـتنە کۆیـە بارەگایـان دانـا. کـە شـەو دادێ، فەوجێـک سـوپاس لـە چیـای هەیبەسـوڵتانەوە دادەبـەزن بـەرەو سـەربازگەکەی لیـوای چـوار و پەلامـاری دەدەن و تۆپخانـەی نـاو سـەربازگەکە دەکەوێتـە کار.(وەک هێرشـی بازرانییـەکان بـۆ سـەر سـەربازگەکە). قوتابـی و خەڵکـی شـار لـە دەوری سـەربازەکان کۆدەبنـەوە و تەماشـای ئـەو مانـۆرە سـەربازییە دەکـەن. (شـارەزا، ۲۰۲۱. ل. ٥۷)

## ۱۹٤۸/۳/۸، شاعیرانی کۆیە لە چلەی- ڕاپەرینی وەسبەی کانون:

هەرچەنـدە ئـەو ڕاپەڕینـە لـە بەغـدا دەسـتی پێکـرد دژی نوێکردنـەوەی (پەیمانـی ئەنگلـۆ ـ عیراقـی ۱۹۳۰) بـوو، لـە نێـوان نـوری سـەعید و بەریتانیـا، بـەڵام پڕیشـکی ڕاپەڕینەکـە گەیشـتە کۆیـەش. لـە بەغـدا ڕەش و ڕووت و قوتابییـەکان داینەمـۆی ئـەو ڕاپەڕینـە بـوون بـە پاڵپشـتی حزبـی شـیوعی عێراقـی. لـە کۆیـە لـە چلـەی ئـەو ڕاپەڕینـەدا شـاعیران لەبـەر دەرگای مزگەوتـی گـەورە شـیعر و وتـاری حەماسـییان خوێنـدە و لـە کلێسـا زەنـگ لێـدرا.

## ۱۹٥۳/۱/۱۷، ڕووداوەکەی( مام ئەسعەدی کفن لەبەر):

هەمیشـە شـەقامی کۆیـە لـە سـاڵانی نیـوان (۱۹٥۰ ـ ۱۹٥۸)، لـە خۆپێشـاندان و مانگرتـن و بۆنـە سیاسییەکاندا چـالاک و گەرموگـۆڕ بـووە. لـەو چالاکییانـە، کـە زۆربەیـان داوای مافـە ڕەواکانـی خۆیـان دەکـرد، خەڵکێکـی زۆر تێیـدا بەشـداری دەکـرد بـە هەمـوو توێـژ و چینەکانـەوە. چالاکـی و خۆپێشـاندانەکان زۆر بـوون وەک ئەوانـەی (۱۹٥۳/۱۲/۱٥، خوپێشـاندان بـۆ بڕینـی ڕێگـەی کۆیە ــ رانیـە)، (۱۹٥٥/۰۲/۲٥، خۆپێشـاندان

و بریندار‌بـوون)، (٢٠/ ٠٥/١٩٥٥، خۆپێشـاندانێکی گـەورە لەبـەردەم سـەرای کۆیـە خرۆشـا و یـەک هاووڵاتـی بریـندار کـراو چـل کـەس لـە پیاوەنـاودار و چالاکەوانەکانـی کۆیـە دەسـتپێچ کـران و ڕەوانـەی هەولێـر کـران.)، (٢٠/٠٢/١٩٥٥، خۆپێشـاندانی گـەورە کـرا کە تێیدا محەمـەد حەیدەری(١٩٢٣ ــ ١٩٩٣) بریـندار بوو)...تـاد.

جـا ڕۆژی (١٧ /١/١٩٥٣) بـۆ هەڵبژاردنـی نوێنەرانـی پەرلەمـان لـە کۆیـە بـووە گـرژی و ناخۆشـیی لـە نێـوان هەوادارانـی بـەرەی پارتـی و بـەرەی شـیوعییەکان، لـە ئەنجامـدا لە ڕووداوێکی شـانۆگەری ئاسـا، شـیوعییەکان هێرشـیان کـردە سـەر سـندووقی دەنگـدان، لـە حەوشـەی مزگەوتـی گـەورە و مزگەوتـی بایزاغـا سندووقەکانیان شـکێندران. ئـەو ڕووداوە بـە ڕووداوی مـام ئەسـعەدی کفنلەبـەر ناوزەندکـرا، چونکـە ئـەو چالاکەوانـە لـە نێودارەمەیتێـک بـە کفنـەوە دێتـە دەرەوە و هێـرش دەکاتـە سـەر سـندووقەکان. هـەر ئـەو پاشـنیوەڕۆیە تاکـو نیـوەی شـەو دەسـتدەکەنەوە بـە دەنگـدان و مەسـعود محەمـەد بـە نوێنـەری شـاری کۆیـە بـۆ بەرلەمانـی بەغـدا دەردەچێ.

## ١٩٥٦/٦/٦، ڕووداوی خنکانی(عەدەبەرەك):

ئـەو ڕۆژە بـووە ڕۆژێکـی میـژووی و خەڵـک تێیـدا زۆر پەشـۆکا و ماتەمبـار بـوون، چونکـە ئـەو زاتـە بـە خـۆی و ئەسـپەکەیەوە لـە ڕووبـاری (دەرکـی خۆشـناوان) ئـاو بـردی وخنـکا. ئـەو ئـەوکات ئـەو ڕووداوە سـەیر و خەمـاوی بـوو.

## ١٥/ ٠٥/١٩٥٧، نمایشی وەرزشی قوتابخانەکان لە یاریگەی کۆیە بەڕێوەچوو:

سالانی زوو، قوتابخانەکانی کۆیە هەموو ساڵێک دوو چالاکیی گەورە و پڕهاتوباتیان هەبوو کە جەماوەری خەڵکی شار تێیاندا ئامادەدەبوون. یەکیان نمایشی وەرزشی سالانە بوو، کە لە گۆڕەپانی تۆپانێی پشت نەخۆشخانەی کۆیە ی جاران، ئێستا بووتە نەخۆشخانەی ئیمرجنسی کۆیە، بەڕێوەدەچوو. ژن و پیاو و منداڵان دوای نیوڕۆ دەهاتن بۆ تەماشاکردنی ڕێوڕەسم و چالاکییە هەمە جۆرەکانی کە چالاکیی دێدەوانی و فۆلکلۆریشیان تێدا ئەنجامدەدرا و خەڵات بەسەر براوەکان دەبەشرایەوە، پیاوانی حکومەت و کەسایەتییەکانی شاریش لە ڕێزی پێشەوی کورسییەکان دادەنیشتن. لە نمایشی **(٠٨/ ٠٥/١٩٥٨)**، (تیپی مۆسیقای باواجی) بە مۆسیقا و گۆرانی بەشداربوو. لە **(١٩٥٩/٠٤/٢٥) شدا** نمایشی سالانەی وەرزش بە جوانی و بە خۆشی بەڕێوەچوو. چالاکی دووەم، پێشەنگای هونەری سالانەی قوتابخانەکان بوو، کە پاشنیوەڕۆیان دوکاندارەکانیش دوکانیان دادەخست و وەکو ژن و منداڵەکانی شار، زۆربەیان دەچوونە سەردانی ئەو پێشەنگایە گەورەیە کە لە هۆڵ و ژوورەکانی دواناوەندی کۆڕانی کۆیە ــ بەرانبەر دائیرەی ئینحساری تووتن، ساز دەکرا. لەو پێشەنگایانە خواردن و خواردنەوە دەبەشرایەوە و شتومەکی دەستکردیشی تێیدا دەفرۆشرا.

## ١٥/١١/١٩٥٧، ئاهەنگی تیپی مۆسیقای مەولەوی سازکرا:

ئەگەرچی لە شارەکە هۆڵی تایبەتی نەبوو بۆ سازدانی ئاهەنگ و

چالاکی هونەری گەورە، هەمیشە لە هۆڵی دواناوەندی کۆڕانی کۆیە یان لە هۆڵ و حەوشەی یانەی فەرمانەران، یان لە دەشت و دەر، ئاهەنگی مۆسیقا و گۆرانی بەڕێوەدەچوو. کە جەماوەری زۆر تێیدا ئامادەدەبوون کە پتر پیاو بوون.

لەو ڕۆژەدا تیپی مۆسیقای مەولەوی لە سلێمانییەوە هاتە کۆیە و ئاهەنگێکی پڕ جۆش و خرۆشی بۆ جەماوەرەکە سازکرد.

لە (**٢٧ / ٠٣ /١٩٥٨**) **تیپی** – هونەرە جوانەکانی قوتابخانەی ناوەندی کۆیە - ئاهەنگێکی مۆسیقا و گۆرانی سازکرد.

لە ڕۆژی(**١٩٥٨/٠٨/٢٠**)، بۆ سێ ڕۆژ- کۆمەڵەی بووژانەوەی هونەرە جوانەکانی کۆیە - لە هۆڵی قوتابخانەی ناوەندی ئاهەنگی گۆرانی ومۆسیقا و تەمسیلی گێرا.

لە (**١٩٥٩/٠٤/١٤**) – کۆمەڵەی جووتیارانی کۆیە - ئاهەنگێیان گێڕا. لە (**١٩٧٠/٠٧/٢٠**) هونەرمەند فوئاد ئەحمەد، ئاهەنگێکی گۆرانی لە کۆیە گێڕا. ئەو ئاهەنگانە جەماوەری زۆرییان لە دەوری خۆیان کۆدەکردەوە.

## ١٩٥٨/١٢/٢، خڕبوونەوە بۆ پشگیریی کۆدەتای (١٤)ی تەممووز:

لە سەرەتای ئەو مانگەدا، جەماوەی شاری کۆیە بە پشتیوانیی حزبی شیوعی و پارتیی دیموکراتی کوردستان خۆپیێشاندانێکی گەورەیان لە بەردەم سەرای کۆن سازکرد بۆ نیشاندانی پشتیوانیی بۆ عەبدولکەریم قاسم، ئەوە لە زۆربەری شارەکاندا دەکرا. ئەو رۆژە قائیماقمی کۆیە (عەبدولوەهاب فەیزی حیکمەت) وتارێکی خوێندەوە وە عوسمان عەونی شاعیر و مامۆستا کەریم شارەزا سەرو هۆنراوەیەکی خۆیان پێشکێش کرد. جەماوەرێکی گەورە لەوێ کۆببوونەوە.

**١٩٦٣/٠١/١٣ ، شانۆگەری - جەنگاوەران- نمایش کرا:**

د. کەیفی ئەحمەد لە کتێبی (شانۆ و دراما لە وراتی کۆیە ١٩١٩ ــ ٢٠٢١) ، ڕیزبەندی هەموو ئەو چالاکییە شانۆگەریانەی بەیان کردوە کە جەماوەرێکی زۆر تێیدا ئامادە دەبوون، شانۆگەری و نواندن و تەمسیلەکان زۆرن، لە سالانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە نمایش کراون، بەلام یەکەم شانۆگەری زانستیی لە سالی (١٩٣١) لە حزووری مەلا محەمەدی جەلیزادە (مەلای گەورە) لە قوتابخانە ئولا، نمایشکراوە.

شانۆگەری (جەنگاوەران) چونکە لە کەش و هەوای دەستپێکی شۆڕشی ئەیلول بوو، خرۆشان و جۆشانی جەماوەرییەکەی کاریگەر بووە ، لەو ڕۆژەدا کۆیە شارێکی ئازاکراو بوو.

بۆ خوێندنەوەی هەموو شانۆگەرییەکانی لەو (١٠٠) ساڵەدا لە کۆیە نمایشکراون، بڕوانە کتێبەکەی، د. کەیفی ئەحمەد.

**١٩٦٣/٠٣/٢٠، پارتی ، کۆبونەوەیێکی گەورەی لە کۆیە کرد:**

چونکە ئەو کۆبوونە گەورەیەیی پارتیی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژگارێک بەڕێوەچوو، هەم شاری کۆیە ئازاد کرابوو، هەم خودی مەلا مستەفای بارزان بۆ ماوەی سێ ڕۆژان میوانی کۆیە بۆ و تێیدا ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە بوو کە مام جەلالیش وتاری خۆی تێدا خوێندەوە، شارەکە خرۆشابوو، میوانێکی زۆر، جگەلە هێزێکی گەورەی پێشمەرگە هاتبوونە شارەکە. لەو کۆبوونەوەدا بۆ یەکمجار، بزووتنەوەی چەکداری کورد، داخوازییە ڕەواکانی کوردی، بەرامبەر حەشاماتێکی گەورە خوێندەوە.

## ١٩٦٣/٦/٣ کۆیە چۆڵکرا:

لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە، بۆ یەکەمین جار دانیشتووانی شاری کۆیە، بە هەموو گەڕەکەکانیەوە، شارەکەیان چۆڵ کرد، لە دەوری سەعات (١١)ی شەو، جاڕدرا کە لە ڕێی برووسکەی سەربازییەوە، زانراوە، سبەینێ شاری کۆیە بە فڕۆکە بوردومان دەکرێ، ئەوکات کۆیە لەژێر دەسەڵاتی هێزی شۆڕش بوو. ئەوبوو خەڵکەکە، بە ئۆتۆمبیل و وڵاغ و پیادە، ڕوویان لە شاری ڕانیە و قەڵادزی و گوندەکانی دەرووپشتی کۆیە کرد. یان هەبوو لە دەوری شاری، کوونەتەیارەی لێدابوو، بۆ خۆشاردنەوە. لە گوندی هەرمۆتە، خێزانێکی شەش کەسی کە دیان بوون، کوونەتەیارەیان بەسەردا تەپی و هەموویان بوونە قوربانی. خەڵک بۆ ماوەی سێ چوار ڕۆژانە نەهاتنەوە شاری، دواتر، کە سوپاسی ئێراقی کۆیەیی گرتەوە، وردە وردە خەڵکە گەڕانەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان. هەشبوو، هەر نەهاتەوە. دوای (١٩) ڕۆژان سوپای عیراق جارێکی تر شاری (کۆیێ)ی گرتەوە.

## (٧ـ ٣٠)/١٩٦٣/٧، گوللەبارانکردنی خەڵکی سڤیلی کۆیە:

لە ڕۆژی (٧)ی حوزەیرانی (١٩٦٣) بە فرمانی ئامیر لیوای (١٤)ی سوپای ئێراق، تەها شەکرچی تاوانبار، دەستەیەک لە خەڵکی سڤیل بێتاوانی وراتی کۆیە لە دینگەکانی شەقامی سەرەکی شار بەستران و گوللەباران کران، بە زۆر ژن و منداڵ و خەڵکیان لە ماڵان دەرهێنابوو بۆ بینیی ئەو تاوانە گەورەیە و چاوترساندنیان. شەهیدەکان ئەمانە بوون: حەمەدەمینی ئەحمەداغای غەفووری، سلێمانی حەمە قاوەچی، شەفیقی حەمەد ئۆمەری، حەنا یوسف تۆما، حەنا یوسف

عەبدولکەریـم، محەمـەد عەبدولوەهـاب حەوێـزی، هەروەهـا شـەهید خاتـوو مونیـرەی جەلیـزادەی دووگیـان و شـوانی کـوڕی کـە دوو سـاڵان بـوو.

لـە ڕۆژی (٣٠) هەمـان مانـگ، ئـەو جـەلادە، دەسـتەیەکی دیکـەی لـە ڕۆڵـەی ئـەو شـارە گولـلەباران کـرد، بەهەمـان درەندەیـی جـاری یەکـەم، شـەهیدەکان ئەمانـە بـوون: شـەهید ڕەحیـم کوێخـا عەلـی، شـەهید ڕەفیـق ئەحمـەد مسـتەفا، شـەهیدان حوسـێن شـەریف ئیبراهیـم و براکـەی حەسـەن شـەریف ، شـەهیدان ئیبراهیـم وکوڕەکـەی مـام حەسـەن کـە نـاوی عومـەر حەسـەن شـەریف بـوو .

## ٢٤/ ١٩٦٣/٨ ڕەشبگیریی لە کۆیە:

دوائـی ئـەوەی سـوپای ئێـراق، بە زەبری تۆپ و تەیارە شارەکەی گرتەوە، هێنـدەی پێنەچـوو، کەوتـە ڕاودونـان و گرتینـی خەڵکـی سـڤیل و دواتریش دوو پـۆل لـە ڕۆڵەکانـی ئـەو وراتـەی گولـلەباران کـرد. لـە ڕۆژی (٢٤)ی ئابی (١٩٦٣) دوای سـەپاندنی قەدەغـەی هاتووچـۆ، بـە سـەدان خەڵکـی سـڤیل گیـران و بـۆ مـاوەی (٢٤) سـەعات، لـە سـەربازگەی هەیبەسـوڵتان مانـەوە. پاشـان بەریانـدان، دوای ئـەوەی ژمارەیەکیـان ڕەوانـەی گرتووخانەکانـی دیکـەی ئێـراق کـران.

## ٣٠/ ٨/ ١٩٦٣ دەرکردنی خێزان و کەسوکاری پێشمەرگە لە شار:

لـەم ڕۆژەدا بـە فرمانـی تەهـا شـاکرچی، ئامیـر لیـوای (١٤)ی سـوپای ئێـراق، هەرچـی ژن و منـداڵ و کـەس وکاری پێشـمەرگە هەبـوو، گیـران و دواتـر لـە شـار دەریـان کـردن، چونکـە هاوسـەر و بـاوک و براکانیـان پێشـمەرگە بـوون لـە شـاخ.

## ١٩٦٩/٠٨/٠١، ئاهەنگی- ڕۆژی کۆیە:

لەو ڕۆژەدا، لـە گۆڕەپانـی قوتابخانـەی باواجـی، کـە لـە سـەرای کـۆن بـوو، مامۆستا ئیبراهیـم سـابیر وەلـی و فازیـل شـەوڕۆ و مامۆسـتا جـواد حەمـد بـەگ، ویسـتیان ئـەم ڕۆژە بکەنە(هایـد پاڕکـی لەنـدەن)، لەوێـڕا کۆییـەکان هەمـوو گرفـت و کێشـەکانیان بخەنـەروو. لـە (١٩٧٠/٠٨/٠١)ش دووەم ئاهەنگـی (ڕۆژی کۆیـە) سـازکراو شـانۆگەر- دکتـۆری داتاشـراو-ی تێیـدا نمایـش کـرا لـە شـوێن سـەرای کـۆن، ئەمەیـان زۆر قەڵەباڵغتـر و ڕێکوپێکتـر بـوو، داوکارییـە سـەرکییەکانیان ئەوانەبـوون: پـڕۆژەی تونێلـی هەیبەسـوڵتان و بەنـداوی باواجـی و بـە دووسـایدکردنی ڕێگـەی کۆیـە ــ هەولێـر و دروسـتکردنی پەیکـەر بـۆ حاجـی قـادری کۆیـی، بـۆ شـارەکە جێبەجـی بکرێـن.

## ١٩٧١/٦/٢٤ کۆڕێك بۆ دکتۆر عەبەولڕەحمان نووری جان:

لـە ڕۆژی (٢٤)ی حوزەیرانـی (١٩٧١)، عەبدولڕەحمـان نـووری جـان (١٩١٠ ــ ١٩٧٦) کـە کەسـایەتەییەکی ڕۆشـنبیریی کۆیـە بـوو، یەکـەم کۆییـە هەڵگری بڕوانامـەی دکتـۆرا بـێ لـە یاسا، پسپۆڕ بوو لە یاسـای کارگێـڕی. چەنـدان بڕوانامـەی بـاڵای هەبـوو، لـە کۆڕێکـی جەمـاوەری گـەورەدا لـە قوتابخانـەی سـەرباغ، هێنـدی بابەتـی دەربـارەی حاجـی قـادری کۆیـی خستە ڕوو و چەنـد قەسیدەیەکی بـە کـوردی و فەرەنسـی خوێنـدەوە کـە خـۆی تەرجەمـەی کردبـوو. جەماوەرێکـی زۆر لـەوێ کۆببونـەوە.

## ١٩٧٢ /٧/١٠پرسەی نافیز جەلالی حەوێزی:

نافیـز جـەلال حەوێـزی،(١٩٢١ ــ ١٩٧٢)، کەسـایەتییەکی دیـاری کوردسـتان بـوو، پلـەی سـەربازیی موقـەدەم بـوو، لـە بەریتانیـا بەشـداری

خوولی سەربازی کردبوو. کوردپەروەرێکی دڵسۆز بوو، ئەندامی سەرکردایەتیی پارتیی دیموکراتی کوردستان و ئەندامی بزووتنەوەی ئاشتی و هەماهەنگی ئیراقی بوو. لە گفتوگۆ و مۆرکردنی بایاننامەی (١١)ی ئاداری (١٩٧٠)، بە وەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو، لە ساڵی (١٩٧١) بوو بە وەزیری کشتوکاڵی ئێراق، یەکێک بوو لەو پێنج وەزیرە کوردەی کە بە گوێرەی ڕێککەوتنی ئادار، دامەزران.

لە ڕۆژی (١٠) تەمووزی (١٩٧٢) لە ڕووداوێکی هاتووچۆی تەمومژاویدا، دوای زامداربوونی گیانی سپارد.

کە لەڕۆژی (١١) مانگ، تەرمەکەیان لە گۆڕستانی عەرەبیان، لە کۆیە بە خاک سپارد، خەڵکی کۆیە زۆر بە پەرۆشەوە بەروەپیریەوە چوون و لە مزگەوتی گەورەی کۆیە، سێ ڕۆژان پرسەیەکی گەورەیان بۆ دانا و لە شارەکانی کوردستان و ئیراقەوە خەڵک دەهاتنە سەر پرسەکە، کە نوینەری مەلا مستەفای بارازانیش تێیدا دانیشتبوو.

## ١٩٧٣/١١/٢٩ دانانی پەیکەری حاجی قادری کۆیی شاعیر:

دەمێک بوو ئەدیب و شاعیر و ڕۆشنبیرانی شاری کۆیە، داوایان لە بەرپرسان دەکرد، پەیکەرێک بۆ حاجی قادری کۆیی(١٨١٧ ــ ١٨٩٧) درووست بکەن، ئەوبوو دوای بەیاننامەی (١١)ی ئاداری (١٩٧٠) هەل و مەرجێکی گونجاو هاتە پێش و بە هیمەت و یارمەتی خەڵکی کۆیە پەیکەرێکیان بۆ حاجی قادری کۆیی لە برۆنز لە ئیتاڵیا درووست کرد.

ڕۆژی پەردەلانی لەسەر پەیکەرەکە، کە لە ناوەندی شار، لە بەردەم سەرای کۆنی شار، لەسەر سەکۆیەک داندرابوو، بووە بۆنەیەکی خۆشی و بیرەوەرییەکی لەیاد نەکراو. کۆڕی زانیاریی کورد لە

بەغدا، بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەدیب و شاعیر و ڕۆشنبیرانی شار، لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەری گەورەدا، کە چەندان شاعیر و ئەدیب لە سەرتا سەری کوردستانەوە هاتبوون، ڕێوڕەسمەکەیان بەڕێوەبرد. دوای خوێندەوەی وتار و شیعری زۆر، لە نێویاندا شیعری مامۆستا هێمن، پەردە لەسەر پەیکەرەکە لادراو، ئەو شوێنەش ناونرا، فولکەی حاجی قادری کۆیی.

## ۱۹۸۷/۱۰/۲۰، بەخاکسپاردنی هونەرمەندی گەل ( تایەر تۆفیق):

کەژاوەی بە خاکسپاردنی ئەم هونەرمەندە مەزنە، لەو شارەدا زۆر کەم وێنە بوو. هەموو خەڵکی شار و زۆر لە خەڵکی شارەکانی دی بۆ ئەو ڕێوەڕەسمە خەمناکە هاتبوونە سەرقەبران. بۆ خۆی تایەر تۆفیق هونەرمەندێکی مەزن بوو و هەواداری زۆر بوو، خەڵکەکەش دەیانەویست، وەک چالاکییەک، ئەو کەژاوە نیشان بدەن، چونکە خاڵە تایەر تۆفیق کوردپەروەرێکی عەیار ۲٤ بوو و بووە ڕەمزێک بۆ دژایەتیی کردنی ڕژێمی بەعس. لە ڕۆژی (۱۹۷۸/۱۱/۲۰) کە چلەی بۆ گێردرا، ئەویش بووە بۆنەیەکی جەماوەری گەورە، بەڵام کە لە ساڵی دواتر، یەکەم ساڵیادی بۆ کرایەوە، لە هەموو کوردستانەوە میوان هاتبوون و لە قوتابخانەی دواناوەندی کۆڕانی کۆیە، ئاهەنگێکی گەورەی بۆ سازکرا. زۆر شیعر و وتار خوێندرایەوە. دواتر، ساڵڕۆژی کۆچی ئەو، کرا بە ڕۆژی هونەر لە کۆیە و ساڵانەی یاد دەکرێتەوە.

## ١٩٧٩/٨/١١ شەهیدانی قوڕەبەرازە:

لـە داسـتانێکی پـڕ قارەمانیەتیـی کەموێنـە، دوای شـەڕێکی خوێنـاوی لەگـەڵ کۆپتـەر و جەیـش و جـاش، (١٩) پێشـمەرگەی یەکێتیـی نیشـمانی کوردسـتان لـە ڕۆژی (١١)ی ئابـی ١٩٧٩ شـەهیدکران، لـە نێویانـدا، چەنـد پێشمەرگەیەکی برینـدار و ئەسیریش هەبـوو، کە بە دیلیـی گیرابـوون، و گولـلەباران کران. خەڵکی شار، خرۆشابوون و لەبەر دەرگای نەخۆشخانە و ڕێـی گۆڕسـتانەکانیان، وەک خۆپێشـاندان خڕببونـە و ناڕەزاییـان دەردەبـڕی. ئـەو ڕۆژە، ڕۆژێکـی ڕەشـی شـارەکە بـوو.

## ١٩٨٨/٥/١٠ ئەنفالکردنی کۆیە:

لـە درێـژەی شـاڵاوە بەدناوەکانـی ئەنفـال، شـاری کۆیـەش، کەوتـە بـەر جـەور و زوڵمـی ئـەو ڕۆژە ڕەشـە، بـە هەلیکۆپتـەر و جـاش و سـەرباز و پیاوانـی ئەمـن، دوای سـەپاندنی قەدەغـەی هاتووچـۆ، بـە دەیـان گەنجـی ئـەو شـارەیان گـرت و ڕەوانـەی گرتووخانەکانـی شـارەکانی دیکـە کـران و ژمارەیەکیـان، تاکـو ئێسـتا بێسەروشـوێنن و ئەنفالکـران. ئـەو ڕۆژە، ڕەشـترین ڕۆژی شـاری کۆیـە بـوو، دوای ئـەوەی گوندەکانـی دەشـتی کۆیـە و خۆشـناوەتیش ئەنفـال کـران. لـە چەنـد شـوێنێکی دەوری شـاریش تەقـە و پێکـدادان ڕوویـدا.

## ٩/ ٣/ ١٩٩١ ڕاپەڕینی کۆیە:

لـە ڕاپەڕینێکـی جەمـاوەری گـەورەدا، ژن و پیـاوی ئـەو شـارە، دژی ڕژێمـی بەعـس ڕاپەریـن و بـە خوێنـی پتـر لـە (٣٤) شـەهید شـارەکەیان ئـازاد کـرد. لـە بەرەبایانـەوە تـا لای ئێـوارە شـەڕ و هێـرش بـردن بـەردەوام بـوو. لـەم ڕۆژەدا خەلکێکـی زۆر بەشـداری خڕبونـەوە و هێڕشـبردن و

شـەڕکردنی کـرد.

### ١٩٩٢/١/٢٩ کۆچیدوایی عومەر دەبابەی پێشمەرگە:

لـەو ڕۆژەدا تەرمـی تێکۆشـەر و پێشـمەرگەی دێریـن، عومـەر مسـتەفا ناسـراو بـە عومـەر دەبابـە، لـە هەولێـرە و هێنرایـەوە کۆیە و لە گۆڕسـتانی کەکـۆن بـە خـاک سـپێردرا. خەڵکێکـی زۆر لـە جەمـاوەری شـاری کۆیـە و شـارەکانی دیکـە لـەو مەڕاسـیمە ئامادەبـوون و مـام جەلالیـش وتارێکـی لەسـەر گۆڕەکـەی پێشـکێش کـرد. بـۆ مـاوەی (٣) ڕۆژ، لـە مزگەوتـی گەورە، پرسـەیەکی گـەورە و گەرمـی بـۆ بەڕێوەچـوو. ئـەو دوومیـن پرسـە بـوو، لـە مزگەوتـی گـەورە بەڕێوەبچـی، پرسـەی یەکـەم هـی نافیـز جـەلال حەوێـزی بـوو.


### ١٩٩٢/٩/١٧ شەهیدکردنی د. سادق شەڕەفکەندی:

کە لە ڕۆژی (١٧)ی ئەیلولی (١٩٩٢)، د. سادق شەڕەفکەندی لە چێشتخانەی میکۆنـوس لـە شـاری بەرلیـن، لـە کاتـی بەشـداری کۆبوونـەوەی سـەرانی گرووپەکانـی دژ بـە ڕژێمـی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران کردبـوو، تیرۆرکـرا، جەمـاوەری شـاری کۆیـە، وەک زۆربـەی شـارەکانی دیکـەی کوردسـتان، ماتەمینییـان ڕاگەیانـد و لـە زۆربـەی شـەقام و بەردوکانەکانـی شـار، قوماشـی ڕەشـیان، وەک ڕەمـزی خەمناکـی و تازییەبـاری، هەڵواسـی، ئـەو ماتیەمبارییـە یـەک دوو ڕۆژی خایانـد.

### ١٩٩٣/١٠/٦ تەرمی بارزانی و ئیدریس کوڕی:

لـە سـاڵی (١٩٧٦) مـەلا مسـتەفای بـارزان(١٩٠٣ ــ ١٩٧٩) بـۆ چارەسـەری نەخۆشـیی چـووە واشـنتۆنی پایتەختـی وڵاتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریکا.

# ئـەرشـــيفە وێنـە




نەقشە بەردی  باليرمۆ،
كۆنترين بەڵگەنامەی جەژنی ميسرييە دێرينەكان



فێستيڤاڵی ئۆپيتی ميسريی دێرين،
بۆ ئاموونی بەكەڵ لە ئەقسووردا



ئامادەکاریی بۆ جەژنی قوربانی بەنداو،
میسری دێرین




جەژنی دروێنە، میسریی دێرین



له جەژنی بۆنکردنی نەسیم، میسریی دێرین



له جەژنی سەری ساڵی میسری دێریندا



جەژنی ئەکیدو، بابیلی دێرین



نەقشێک لە سەر بەرد، نەورۆزی زەردەشتییان



له جەژنی (سەدە)ی زەردەشتیدا



جەژنی ئێرانیانی دێرین



جەژنی اردیبهشتگان، ئێرانی دێرین



جەژنی خردادگانی ئێرانی



ئامادەکاریی شەوی یەلدا، ئێران



ڕۆژی نەورۆز لە ڕۆژهەلاتی کوردستان



چارشەمبەسوورە، ئێران



لە جەژنی نەورۆزدا، ئێران



شەوی یەلدا، ڕۆژهەڵاتی کوردستان



چوارشەمە سووری ئێزیدییان، لالش



له جەژنی ڕۆژیینی ئێزیدییان



شاری کۆیە، ١٩١٩



شاری کۆیە، ١٩٢٤



جووکان لە کۆیە، پێش کۆچکردنیان



ڕۆژی جەژن، سلێمانی، ١٩٦٤



لە جەژنی کیبوری جوولەکە



دیانەکانی هەرمۆتە، ١٩٥٠؟



ماڵە دیانێک، ئامادەکاریی بۆ جەژنی سەری ساڵ



بەشێنەوەی دیاریی سەری ساڵ،
بەسەر منداڵانی مەسیحی




دیانەکانی عێراق، لە مەزاری مارِبێنە قەدیشە،
کۆیە، ٢٠٠٠




هێلکەی کەسک و سۆری دیانان



دیمەنی ڕۆژی جەژن، کوردستان، ١٩٣١



کۆیە، ١٩٥٦



سەیرانی قوتابییانی قوتابخانەی قادریە،

لە تۆپزاوا، ١٩٥٦



دووەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان،
شەقامی کۆیە، ١٩٥٦/٦/٢٠




کۆیە، ١٩٥٧



ڕۆژی نمایشی وەرزشی لە کۆیە ، ١٩٥٧/٥/٩



پێشانگەی شێوەکاری، قوتابخانەی زانستی سەرەتایی،
کۆیە، ١٩٥٧/٥/١٣



پێشانگەی شێوەکاری، وێنەکەی سەرەوە





نەورۆزی سلێمانی، ١٩٥٩



لە نەورۆزی کۆیە، ١٩٥٩



ڕۆژی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨، کۆیە




لە ئاهەنگێکدا، چالاکوانانی کۆیە، ١٩٥٨




جەرخوفەلەک، حەفتایەکانی سەدەی ڕابردوو




جۆلانێ



ئاهەنگی حیزبی شیوعی، سێیەمین یادی دامەزراندنی کۆماری  دیموکراتی کوردستان، گردی قازی محەمەد،  کۆیە، ١٩٥٩/٤/١٧



٣ مامۆستای کۆیی، لە بۆنەیەکدا، کۆیە، ١٩٥٩



کەژاوە بۆ کۆماری نوێ، لە بەغدا، ١٩٥٩



لە ئاهەنگی جۆتیارانی کۆیە، ١٩٥٩



له یادی (٤) ئەفسەرە شەهیدەکانی کۆماری کوردستان،
کۆیە، ١٩٦٠/٦/١٩




له نمایشی وەرزشی، کۆیە، ١٩٦٠






ڕۆژی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، کۆیە



١١ی ئاداری ١٩٧٠، کۆیە



نمایشی وەرزشی ساڵانە، کۆیە، ١٩٧١



ئاهەنگی تیپی مۆسیقای باواجی، کۆیە، ١٩٧١




١١ی ئاداری ١٩٧١، کۆیە



ساڵیادی ١١ی ئاداری ١٩٧١، کۆیە



نەورۆزی ١٩٧١ کۆیە



کەژاوەی بە خاکسپاردنی نافیز جەلال، کۆیە، ۱۹۷۱



کەژاوەی ژنانی کۆیە لە بە خاکسپاردنی نافیز جەلال، کۆیە، ۱۹۷۱



چلەی کۆچی دوایی نافیز جەلال،
بەردەمی سەرای کۆنی کۆیە، ۱۹۷۲



یاریگای کۆیە، ۱۹۷۱؟



نمایشێکی وەرزشی کۆمیدی، قشڵەی کۆیە، ١٩٧٣



پەردەلادان لەسەر پەیکەری حاجی قادری کۆیی،
١٩٧٣/١١/٢٩



ساتەوەختی پەردەلان لەسەر پەیکەری
حاجی قادری کۆیی



ساتەوەختی پەردەلانەکە



خۆپیشاندان بۆ جێبەجێکردنی بەیاننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠،
کۆیە، ١٩٧٣؟



لە ڕۆژێکی جەژنی ڕەمەزانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو



ئامادەکاریی بۆ ئاگری نەورۆز، کۆیە




نەورۆزی ١٩٧٧، کۆیە



ئاگری نەورۆز لە ئاکرێ، کوردستان، ۱۹۹۹




شاری کۆیە، ۱۹۷۷



مزگەوتی گەورەی کۆیە، ١٩٩٩

لە ڕۆژی (١٩)ی ئاداری (١٩٧٩) گیانی سپارد، جا لەسەر وسیەتی خۆی لە (٥)ی ئادار تەرمەکەیان هێناوە شاری شنۆ، لە ڕۆژهەڵات، لەوەێ بە خاکیان سپارد.

ئیدریس بارزانیش، لە (٣١)ی کانوونی دووەمی (١٩٨٧) لە ناحیەی سلیڤانا، سەر بە ورمێی ڕۆژهەڵات ماڵاوایی دەکات و لە گۆڕستانی شنۆ، لە تەنیشت باوکی دەنێژرێ.

دوای ڕاپەڕینی (١٩٩١) تەرمی مەلا مستەفا و ئیدریسی کوڕییان هێنایەوە زێدی خۆیان. ئەوەبوو کەژاوەی تەرمەکانیان لە ڕۆژی (٦)ی تشرینی یەکەم (١٩٩٣) لە سلێمانییەوە گەیشتە کۆیە.

ئەو ڕۆژە، تێکڕای جەماوەری شاری کۆیە، بە ژن و منداڵ و پیاو و پیر و گەنجەوە، دەستە دەستە بە درێژایی شەقامی سەرەکیی شار، بۆ پێشوازیکردنی ئەو دووتەرمە ڕاستابوون و لە کەژاوەیەکی بە هەیبەت و شکۆداردا، بە ناو ئاپوورەی خەڵکەکە بەرەو هەولێر بەڕێیان کردن

## ١٩٩٨/٨/١٧ سەردانی ئەسقوفی کلدانی جیهانی (پەتریك رۆفائیل پیرداود) بۆ شاری کۆیە:

لەو ڕۆژەدا، بە هەزاران لە خەڵکی شاری کۆیە، چوونە پێشوازیی لە ئەسقوفی کلدانی جیهانی (پەتریک ڕۆفائیل پیرداود) کە بەسەردانێکی فەرمی هاتە کۆیە و سەردانی هەرمۆتە و مەزاری قەشە مارپینەی کرد و چاوی بە دیان و گەورە پیاوانی کۆیە کەوت. پێشوازییەکەی هێندە بە جۆش و خرۆش و گەرموگوڕ و کوردانە بوو، خەڵک تا نزیک گوندی پیرەر و تەکەور چووبوون و بە چەپکە گوڵەوە چاوەڕوانیان دەکرد.

# سەرچاوەکان
# (کوردی، عەرەبی، فارسی)


١) ایوب گبانچی، (١٣٤٩ف)، «جشن ها و ایین ها یران باستان» تهران، عطائی، ١٣٩٠، شابک:٩٧٨-٩٦٤-٣١٣-٧٠٩-٠

٢) ئەحمەد باوەڕ(٢٠٠٠)، «جوولەکەکانی کوردستان»، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولیر.

٣) ئیسماعیل شوکر(د.)، (؟)، "نەورۆزی لە هەولێر سالانی ١٩٣٣ - ١٥٨"، ئینسکلیۆپیدیای هەولێر، مێژووی هاوچەرخ.

٤) تاهیر ئەحمەد حەوێزی، (١٩٨٤ و ١٩٦٢)، "مێژووی کۆیە»، بەرگی دووەم، بەشی یەکەم، بەغدا.

٥) حەسەن کاکە، (٢٠١٥)، "هەورازەکانی کاروانی تەمەنم" دارشتنەوەی فازیل شەورۆ، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

٦) راجحة خضير عباس النعيمي(د.) (٢٠١١)، "الاعياد في الحضارة بلاد الرافيين»، لدار صفحات للدراسات و النشر، دمشق. ISBN: ٩٧٨-٩٩٣٣-٤٠٢-٧٠-٩

٧) شەورۆ، فازیل، (٢٠١٥)، "ژنە پیشەوەرەکانی کۆیە" چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

٨) شەورۆ. فازیل (٢٠١٦)» پۆشاکی کۆییان» چاپخانەی تاران، تاران

٩) صدیق صفی زادە، (١٩٨١)، "مشاهیر اهل حق" «بورەکەئی»، تهران.

١٠) عەبدول مەسیح سەلمان سوور، (٢٠٢١)، "تێکۆشانی شیوعییەکانی کۆیە" چاپخانەی ئازادی، هەولێر.

١١) فاروق عەلی مەولوود، (٢٠١٩)، «ئاگردانێک بە قەد نیشتیمان»

یادداشـتەڕۆمان، داڕشـتنەوەی فازیـل شـەورۆ، د. هاوژیـن سـڵیوە، چ ٢، چاپخانـەی تـاران، تـاران.
١٢) فەرهەنگـی وشـەنامە، هۆرامـی- کوردیـی ناوەڕاسـت، (٢٠١٠)، بێـدار، هەولێـر.
١٣) کیفـی ئەحمـەد، (د.)، (٢٠٢١)، «شـانۆ و دڕامـا لـە وراتـی کۆیـە ١٩١٩ ــ ٢٠٢١، چاپخانـەی تـاران، تـاران.
١٤) کەریـم کاکـە، (٢٠١٩)،«کـۆڵان کـۆڵان گێڕانـەوە»، چ ١، ب ٢، هەولێـر، چاپخانـە؟
١٥) کەریـم شـارەزا، (٢٠٢١)، "بیرەوەرییەکانـی کاروانـی تەمەنـم" چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر.
١٦) کەریـم شـارەزا، (٢٠٠٥)، کەناڵـی کوردسـات، بەرنامـەی نـەورۆز، ئامـادە و پێشکەشـکردنی: زریـان مەحمـود، سەرپەرشـتیار: سـەرکەوت عەلـی حەبیـب.
١٧) کەیـوان ئـازاد ئەنـوەر(د.)،(؟) «کـورد و مێـژووی جەژنـی نـەورۆز»، چاپخانـەی دلێـر، سـلێمانی، بڵاوکراوەکانـی دەزگای ئایدیـا، زنجیـرە. ١٢
١٨) مۆردیخـای زاکیـن (د.) و. سـیروان حسـێن بیەیـی (٢٠١٥)، «جوولەکەکانـی کوردسـتان»، چاپخانـە (؟)، هەولێـر.
١٩) مەجیـد ئاسنگەر، «یـادی ڕەمەزانـی جـاران»، گۆڤـاری گـوڵان، ژمـارە (٤١١)، ٢٠٠٢/١٢/٤.
٢٠) میرزا غەفوور، (١٩٩١)، دیوان، ئامادەکردنی د. عەبدوڵلا ئاگرین، چاپ؟
٢١) یەعقـوب یوسـف کوریـە، و. شـەرمین عەبدوڵـلا ڕوانـدزی، (٢٠١٣)، "جولەکـەکانی عێـراق» چاپخانـەی ڕۆشـنبیری، هەولێـر.
٢٢) هاژین صلێوە (د.) (٢٠١٣)» مێژووی هەرمۆتە» ، چاپخانەی زانا، سلێمانی.
٢٣) هەرشـەمی، شاسـوار ، (٢٠٢٢)، " فەرهەنگـی ئیتیمۆلـۆژی کـوردی"، بەرگـی

٣، چاپخانـەی جەمـال عیرفـان، سـلێمانی.

## ئینتەرنێت و ماڵپەڕو کتێبی ئینگلیزی:

24) default.aspx?q=2021122618524039965 1&lng=1[date accssed 22/01/2022] فاتیـح عەبدوڵـلا شـوانی

25 (مێژوو-و-شوێنەواری-ئایینی-مەسیحی-لە-کوردستان، جەمیل عیسا [Date Accessed 20/1/2022]

26) ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=274826 [Date Acceded]ابراهیـم خلیـل العـلاف

27) iraqi-forum2014.com{Date accessed 12/1/2022] /اللجان/لجنة-الثقافة-و-الاعلام/عيد-الربيع-واهميته-في-تاريخ-العـراق-القـ /

28) dengekan.info/archives/14434[Date Accssed 13/1/2022]

29) "Holy Holidays , St. Martin Press, N.Y. ISBN: 978-0-230-10487-7)Greg Tobin, 2011

30) www.marefa.org, Dated Accessed 9/1/2022[شـول دینـق /  یونـق (٢٩/ ٧/ ٢٠١٣) [قرابين_النيـل

31) Binno Landsberger, (2013), Journal of Cuniform Studies, JCS VIII, Chicago Press PDF

32) www.kojaro.com/2021/2/4/191411/ancient-iranian-celebrationsهابهDate Accessed 05/01/2022]

33) youtube.com/watch?v=X9pNeQvzdy,30/4/202I [Dated Acceded 11/01/2022]الاعيـاد اليهوديـه

34) zaniary.com/blog/6061c53a46e25/ئاینی-زەردەشـتییەکان

ڕێـزدار ئەحمـەد (٢٠٢١/٣/٢٩)، ماڵپـەڕی[Date Accessed 12/01/2022]
زانیـاری،
35) zaniary.com/search?qماڵپـەڕی ،(٢١/٣/٢٩)محەمـەد ڕزگار
=ئێزیـدی زانیـاری [Date Accessed 12/1/2022]
36) Binno Landsberger, (2013), Journal of Cuniform Studies, JCS VIII, Chicago Press PDF
37) www.kojaro.com/2021/2/4/191411/ancient-iranian-celebrations[Date Accessed 05/01/2022]
38) D.J. Wiseman. ERAQ, XIV, part 1, spring 1952, Co. 13 +4(British Institute for the study of Iraq)
39) Mother's Day originated in ancient Egypt. 2021 (https://www.aucegypt.edu/index.php/ar/node/2623)[Dated Accessed: 7 / 01 / 2022]
40) "Heortology." *Merriam-Webster.com Dictionary*, Merriam-Webster, https://www.merriam-webster.com/dictionary/heortology.[Date Accessed 7/ 01 / 2022]
https://www.facebook.com/AbasNadrQadr 41)
42) https://hawlati.co/page_detail?smart-id=23508د. مەولود ئیبراهیم
43)https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?-Jimare=202621دکتـۆر کـۆزاد محەمـەد ئەحمـەد
44)https://www.facebook.com/profile.php?id=1000069648476 62 حەیـدەر لەشـکری
45)https://www.alarabiya.net/arab-and-world/

طـارق منصـور (2021). كليـة الآداب بجامعـة عيـن egypt/2021/05/12
"شـمس" العربية.نـت [Date Accessed 6/01/2022]
46) https://www.skynewsarabia.com/varieties/1481984مسـيرة
"من جـدران المعابـد" (٢٠٢١/١١/٢٥) عبـدالله، [Date accessed 05 / 01 / 2022]
47) https://www.kurdipedia.org/default.aspx..
ferheng.info/alfba/24243/
48) Avesta Dictionary by K.E. Kanga, pp.92, 429,422,423,463
paswecity.wordpress.com/2019/11/11/1-81/49)
50) https://www.youtube.com/watch?v=21jhNynYoXw(helawe
51) https://www.facebook.com/soran hamarash/ 12/07/2022

**پەیوەندی بە تەلەفۆن:**

٥٢)ئاراس عەبدولخالق عبدولحەمید، نووسەر و ڕۆژنامەوان، کۆیە، ٢٠٢١ - ٢٠٢٢
٥٣)پشتیوان هەمزە، سوێد، پێشمەرگەی دێرین، ٢٠٢٢/٠١/١٦
٥٤)دێدەوان یەعقوب، ڕۆژنامەوان و نووسەر، کۆیە، ٢٠٢٢/٠١/١٧
٥٥)کەریم شێخانی ، مامۆستا و نووسەر و وەرگێڕ، سلێمانی، ٢٠٢٢/٠١/١٤
٥٦)مەولـوود ئیبراهیـم حەسـەن (د.) ،"خوێندنەوەیەکـی هاوچەرخانـە بـۆ نـەورۆز"، مامۆسـتا و نووسـەر، هەولێـر، ٢٠٢٠/٣/٢١
٥٧) زبێدەی حاجی عەبدوڵلای کەبابچی، ژنیماڵ، کۆیە، ٢٠٢١/٥/١٢
٥٨) سەرکەوت عەلی حەبیب، میدیاکار، سلیمانی، نامە، ٢٠٢٢/٤/١٥
٥٩) حەوێز موشیر فیض الله، مامۆستا، هەولێر، نامە، ٢٠٢٢/٤/١٩
٦٠) فازیل ئوسوڵیان، نووسەر، سوێد، نامە، ٢٠٢٢/٢/١٠
٦١) Zarok TV



## پڕۆفایلی نووسەر

» (فازیل حەمەد عەبدوڵا جەیدی) ناسراو بە (شەوڕۆ) لە شاری کۆیە لە ساڵی (١٩٥١) لە دایکبووە.

» (١٩٧٥) بڕوانامەی بەکەلۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی ئینگلیزی لە کۆلێژی ئاداب ــ زانکۆی بەغدا وەرگرتووە.

» (١٩٧٢) یەکەم شیعری لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) بڵاو کردووەتەوە.

» (١٩٨٢ – ١٩٩١) هەشت پێشەنگەی هونەری و فۆلکلۆری لە شارەکانی کوردستاندا کردووەتەوە.

» (٢٠٠٢) خەڵاتی شانۆگەریی (شەهید)ی لە شاری (سرت) لە (لیبیا) پێبەخشرا.

» (٢٠٠٤) خەڵاتی شاری (دوبلن)ی خزمەتگوزاری لە (کۆماری ئایرلندای باشوور) پێدرا.

» (٢٠١٠) خەڵاتی (سەید برایم)ی پێبەخشرا.
» (٢٠١١) خەڵاتی بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی کۆیەی پێدرا.
» (٢٠١٣) خەڵاتـی (فیسـتیڤاڵی شـیعری نەتەوەیـی کـوردی) لـە هەولێـر پێـدرا.
» (٢٠١٥ ) خەڵاتـی باشـترین لێکۆڵینـەوەی ئەدەبـی لـە (١٩)ـەمین فیسـتیڤاڵی گەلاوێـژ لـە سلێمانی بـردەوە.
» (٢٠١٦ ) خەڵاتـی باشـترین لێکۆڵینـەوەی ئەدەبـی لـە (٢٠)ەمیـن فیسـتیڤاڵی گەلاوێـژی بـۆ جـاری دووەم لـە سـلیمانی بـردەوە.

## بـەرهـەمە چـاپکراوەکـانی:

- (کۆتـرێك لە ئـاگر) ، شیعر، (٢٠١١)، چاپخانەی شەهاب،هەولێر.
- (دەنـگ لـە شـیعری کەریـم دەشـتی دا) ، لێکۆڵینـەوە، (٢٠١٢)، دەزگای ئەکادیمیـای کـوردی لـە هەولێـر.
- (هەورازەکانـی کاروانـی تـەمـەنم ــ حەسـەن کاکـە)، بیـرەوەری، داڕشـتنەوە، (٢٠١٣) ، چاپخانـەی شـەهاب ، هەولێـر.
- (دوو لێکۆڵینـەوەی ئەدەبـی) ، لێکۆڵینـەوە، (٢٠١٣)، دەزگای ئەکادیمیـای کـوردی لـە هەولێـر.
- (ڕەهەندەکانـی خـەون لـە شـیعری کوردیـدا)، لێکۆڵینـەوە، (٢٠١٤)، دەزگای ئەکادیمیـای کـوردی لـە هەولێـر.
- (سـەدای شـیعر) بەرهەمـی هاوبەشـی نـۆ شـاعیر، (٢٠١٤)، خانـەی چاپـی ئەربیـل، هەولێـر.
- (ماچـەکانی ئێـوارە کـازیووە) ، شـیعر، (٢٠١٤)، چاپخانـەی شـەهاب، هەولێـر.
- (ژنـە پیشـەوەرەکانی کۆیـە ١٩٠٠ ــ ٢٠١٥)، کەلتـوور،(٢٠١٥)،

چاپخانـەی شـەهاب ـــ هەولێـر.

- (پۆشاکی کۆییان) کلتوور (٢٠١٧)، چاپخانەی تاران.
- (کەو لە کوردەواریدا) کلتوورو باڵندەناسی، (٢٠١٧)، چاپخانەی تاران.
- جگـەرە لـە جیهانبینـی شـیعری شێرکۆبێکەسدا،هاوبەش لەگەڵ د. هاوژیـن سـلێوە ، (٢٠١٧). ئەکادیمیـای کـوردی.
- دایـک لـە جیهانبینـی شـیعری لەتیـف هەڵـەت دا، هاوبـەش لەگـەڵ د.هاوژیـن سـلێوە ، (٢٠٢٠).
- ئەزموونـی پەروەردەیـی لـە پۆلـە و بـۆ پـۆل)، پەروەردەیـی، (٢٠٢٠).
- گوتـاری شـەورۆ، ڕەخنـەی ئەدەبـی، چاپخانـەی چـوار چـرا، (٢٠٢١).
- بولبولـی نـاو قەفەزیـش دەخوێنـی، شـیعر، چاپخانـەی چـوار چـرا، (٢٠٢١).
- بەرگـی کەلەپـوور ـ ئینسـایکلۆپیدایی کۆیـە، ٥٠٠ لاپـەرە، چاپنەکـراوە.
- ڕێوڕەسمی جەژن لە وراتی کۆیە ١٩٠٠ ــ ٢٠٠٠، کلتوور،( ٢٠٢٢)
- ئەندامی یەکێتی نووسـەرانی کوردە.
- سەرنووسەری گوڤاری (کەلتووری کورد).
- سەرنووسەری گوڤاری (شـارەوان).
- بەڕێوەبەری هونەری گوڤاری (کەکۆن).
- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (ژیـار).
- لەبڵاوکردنـەوەی بەرهەمـی ئەدەبـی و پـەروەردەکاری و کۆمەڵناسـی و ژینگەپارێزیـی گێڕانـی کـۆڕ و سـیمیناردا کارا و

چالاکـە.

٥ چەنـد کارێکـی هونـەری لـە شـاری کۆیـە جێبەجـێ کـردەوە، لەمۆزەخانـەی ڕۆسـتەمئاغەلـەش،کاری هونـەری ئـەو نمایشـکراوە.

## سوپاس و پێزانین
## بۆ بەڕێزان:

- د. عەتیە حەمەسەعید ساڵحی، خەرجی چاپکردنی خستە ئەستۆ.
- توانا ئەحمەد، دیزاینی بەرگ و مەتن.
- قەرەنی جەمیل، سکێجی وێنەی نووسەر.
- نەوزاد محەمەد کۆیی، خۆشنووس.
- هاوڕێیانی زانیاریی بەخش و ڕێنمایکار.

**Judaism, Christianity and Islam - one after another, which brought dozens of festivals and holidays and to this day, most of these days are alive in culture and history among nations and people.**

**In addition to the introduction, the research consists of two main sections, each section consists of several topics and each topic consists of several branches. The distribution structure is as follows:**

**The first part, which is devoted to discussing and presenting definitions and concepts of the term (eid), and its historical periods during man's development and life changings. Reviewing many eids and festivals of different cultures all over the world.**

**Part Two: is devoted to all eids and festivals of koya region from 1900 to 2000, including religious, political, national and local eids and events.**

**The book is locked with an index study about all mass occasions of the area of koya during that century. The pictorial section of the eids and occasions and a list of sources and references.**

**civilizations determined several days, months and seasons to celebrate the festivals of agricultural occasions and events.**

**The Zoroastrians, who had a name for each day of their calendar, have several festivals dedicated to nature on this**

**day, people go to rivers, lakes and ponds to wash themselves, pray, dance and repair wells and streams."**

**Some of the ancient holidays of nations that were dedicated to a historical event are still celebrated today. Newroz is one of the holidays that many nations in Asia (and even Africa) celebrate annually.**

**After the invention of writing, good sources became available about national holidays and ancient civilizations. The Sumerian and Akkadian civilizations, which later became the Babylonians and Assyrians, then the Persians, Romans and Greeks, had many holidays in writing and through mythology their stories have been left to us. For most religious, social, political and environmental events, they had special days and have become holidays.**

**However, the historical turning point of the holiday was with the advent of the three heavenly religions -**

**The Summary of the Book**
**“Eid Ceremony in the Koya Region 1900 – 2000”**
**By: Fazil Shawrow**

**It seems that since man left the cave and made coexistence and society with his surroundings and livelihood, he realized that he does not live on bread and water only. So the events and stories of his life, with their joys and sorrows, have given a kind of unique characteristic to some days of the year, which have left a kind of memory in his mind, which had value for him, has become the (holiday) that we have here, made, the subject of our research. Today, the holiday, with its occasions, memories, sacredness and piety, has become a science called Heortology, which is “the historical and semantic study of the annual seasonal holidays and festivals of the churches of all human holidays and festivals in the world“.**

**Perhaps, in ancient history, there were more festivals dedicated to nature, people and seasons than religious festivals. When agriculture replaced hunting, all**